WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (326) دووشەممە 2014/9/15 25ی گەلاوێژی 2714 (750) دینار

## ئۆتۆمبێل و خانووی پەرلەمان نادەنەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ژمارەیەک پەرلەمانتاری خولی پێشوو کە هەموویان سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، هێشتا چوار ئۆتۆمبیل و دوو خانوویان نەگەڕاندووەتەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان.

ئەو ئۆتۆمبێلانە لای چوار ڕاوێژکاری پێشکەوتوون و دوو کۆنە پەرلەمانتاریش کە لە خانووەکانی پەرلەماندان، هێشتا چۆڵیان نەکردووە لەکاتێکدا وا ساڵێکی تەواو بەسەر هەڵبژاردنی خولی نوێی پەرلەماندا تێدەپەڕێ. ئەو ڕاوێژکار و پەرلەمانتارانەش هەموویان سەر بە پارتین.

دیلمان محەممەد بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "برادەرانی پارتیمان ئاگادارکردووە کە ئۆتۆمبیلەکان بگەڕێننەوە، ئەگەرنا ڕێکاری یاسایی دەگرینەبەر لە دژیان".



» 3



22

**گۆران محەممەد**

### شازی ئۆپەراسیۆنلەر

### حەب و دەرمانی کوردستان دەکەنە مادەی هۆشبەر

6



### "کورد سوپاسیان کردم و عەرەب جنێویان پێدام"

18



## کێشەکانی پارتی و یەکێتی گەیشتوونەتە لووتکە

# پارتی داوای کۆبوونەوە دەکات و یەکێتی نایکات

» 3



ئاسیاسێل
کۆماندەکاتەوە

ئێستا لەگەڵ هێڵی "خەڵاتی نوێ"
١٧,٠٠٠ دینار باڵانس + 1GB ئینتەرنێت
تەنها بە ١٧,٠٠٠ دینار




هێڵی خەڵاتی نوێ
نوێفەرێکی بەردەوام

بۆ یەکەمجار لە عێراق و لە ئاسیاسێلەوە، لەگەڵ پاکێجی «خەڵاتی 1GB» مانگێک ١٧,٠٠٠ دینار بدە و ١٧,٠٠٠ دینار باڵانس وەربگرە لەگەڵ 1GB ئینتەرنێت، کە دەتوانیت بۆ ماوەی ٣٠ ڕۆژ بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییەکانت بەکاربیهێنیت.
یان پاکێجی «خەڵاتی 250MB» هەڵبژێرە بە نرخی هەفتانەی ٥,٠٠٠ دینار و ٥,٠٠٠ دینار باڵانس وەربگرە لەگەڵ 250MB ئینتەرنێت.
* بەشداربوو دەتوانێت بەشداریی زیاتر لە پاکێجێک بکات و تازەکردنەوە بەپێی دوا پاکێج دەبێت.
بۆ بەشداریکردن پەیوەندی بکە بە # 282 *

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

## تورکمان و مەسیحیش دژی ئەی رەقیبن




**رووداو- هەولێر**

ماجد عوسمان تۆفیق، ئەندامی پەلەمانی کوردستان لە فراکسیۆنی هەولێری تورکمانی لە لێدوانێکیدا بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی رایگەیاند "وەکو هەردوو نەتەوەی تورکمانی و کلدو ئاشوور لە کۆبوونەوەیەکدا تاوتوێی یاداشتێکمان کردووە بۆ ئەوەی بیدەینە سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان سەبارەت بە گۆڕینی سرودوی (ئەی رەقیب)، چونکە ئەم سرووده گوزارشت لە هەموو پێکهاتە نەتەوەییەکانی کوردستان ناکات، بەڵکو تایبەتە بە نەتەوەی کورد". دەشڵێت "بۆیە ئێمە داوا دەکەین لەجیاتی سرودی ئەی رەقیب سرودێکی نیشتمانی دابنرێت کە گوزارشت لە هەموو پێکهاتە نەیەوەییەکانی کوردستان بکات".

# شنگال دەگاتە دادگای نێودەوڵەتی

## هەر وڵاتێک یارمەتی داعشی دابێت ناچار دەکرێت قەرەبووی ئێزدییەکان بکاتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**رووداو- سلێمانی**

شانبەشانی یەک، حکومەت و پەرلەمان بە گەرمی سەرقاڵن بە کۆکردنەوەی بەڵگە و دۆکیۆمێنتی پێویست لەبارەی رووداوەکانی شنگال، حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر پێویستی بەو بەڵگانەیە تاوەکو هەنگاوێک لە دادگای نێودەوڵەتی نزیکتر ببێتەوە. سەرچاوەیەکی نزیک لە کاروبارەکانی لیژنە پەرلەمانییەکەش دەڵێ "ئەو پەرلەمانتارانەی سەردانی دادگای نێودەوڵەتییان کردووە بۆ پرسی جینۆسایدی شنگال، سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە".



هەرچەندە بەرپرسانی حکومەت و ئەو پەرلەمانتارانەش کە دەیانەوێ لە ماوەیەکی کەمدا پێداویستی وکەرەستەکانی بە جینۆسایدناساندنی نێودەوڵەتیانەی شنگال، بە زوویی ئامادە بکرێن، بەڵام پرسیارێکی گرنگیش لە بەردەم ئەواندایە، ئایا دەبێت لەسەر ئاستی عێراق چۆن حکومەتی بەغدا ناچار بکرێت قەرەبووی خەڵکی شنگال بکاتەوە؟

وەزیری پێشووی دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەوەی بە گرنگی دەزانێ لە قۆناخی یەکەمدا ، بە جینۆسایدناساندنی رووداوەکەی شنگالە "ئەگەر لە دادگای نێودەوڵەتی ئەو بڕیارە درا، ئەوکات مەسەلەی قەرەبووکردنەوە و شتی لەو جۆرە ئاسان دەبێت". شێروان حەیدەری، لە حاڵەتێکدا جوڵاندنی دۆسیەکە بە سەرکەوتوو دەزانێ کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێشوازی لێبکات نەک تەنیا لە چوارچێوەی عێراقدا بجولێنرێ "ئەوکات قەرەبووکردنەوەش دەبێتە ئەرکێکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی".

وەزیری پێشووی داد، ئاگاداری ئەو لیژنانەیە بۆ جوڵاندنی دۆسیەی شنگال دروستکراون و پێیوایە "کاری زۆرباش کراوە و لیژنەی لێکۆڵینەوە دروستکراوە و بەڵگەی زۆرباش کۆکراوەتەوە". باسی ئەو هاوپەیمانێتییەش دەکات کە لە رۆژئاوا پێکهێنراوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش و دەڵێ کاتێک دادگای نێودەوڵەتی دۆسیەی شنگالی وەک جینۆساید راگەیاند "ئەوکات کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چۆن هاوپەیمانێتییان بۆ لێدانی داعش پێکهێناوە، ئاواش دەبێت بەرپرسیارێتی قەرەبووکردنەوەی شنگال هەڵبگرن".

دەستبەسەرداگرتنی شنگال و گوندەکانی دەوروبەری، کە زۆربەی دانیشتوانەکەی کوردی ئێزدین، لە چەند رۆژێکدا سنوورەکانی بڕی و جیهانی هەژاند، چونکە رۆژئاواییەکانیش چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بە منداڵە سەرەڕۆ و عەجولەکەی قاعیدە دەزانن و پێیانوایە کاتی لە نێوبردنی هاتووە.

هەفتەی پێشوو، مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ میر و ژمارەیەک لە کەسایەتییە ئێزدییەکان کۆبووەوە و پێیگوتن کە هەموویان قەرەبوو دەکرێنەوە. سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەو دانیشتنەدا جەختی لەسەر هاوکاری و قەرەبووکردنەوەی ئێزدییەکان کردەوە، بەڵام بەڕوونی دیارنەبوو کە ئاخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان قەرەبوویان دەکاتەوە یاخود حکومەتی بەغدا.

بەڵام ئەندامێکی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق کە ماوەیەکی زۆر سەرقاڵ بووە بەپرۆژە یاساکانی قەرەبووکردنەوەی هەڵەبجە و ئەنفالەوە، پێیوایە دەبێت سەرەتا بە تۆمارکردنی سکاڵا دژی داعش دەست بە دۆسیەکە بکرێ "دواتر داعش بەسەر هەر وڵاتێکدا ساخ ببێتەوە، دەبێت داوای قەرەبوو لەو وڵاتە بکرێت". بەکر حەمە سدیق، پێیوایە دەتوانرێ داوا لە حکومەتی بەغداش بکرێت بۆ ئەوەی قەرەبووی شنگال و ئێزدییەکان بکەنەوە "بەڵام دەبێ دەستکاری یاسای دادگای تاوانەکان لە عێراق بکرێت".

لەکاتێکدا دۆسیەی شنگال و ئێزدییەکان دێتە پێشەوە، هێشتا کورد قەرەبووی مادی هەڵەبجە و ئەنفالی وەرنەگرتووە و تەنانەت قەرەبووی زیانلێکەوتووانی دەستی بەعسیشی وەرنەگرتووە کە تەنیا لە سنووری پارێزگای سلێمانی 130 هەزار خێزانی لەو جۆرە هەن.

سەرۆکی لیژنەی مافی مرۆڤ لە پەرلەمانی کوردستان، دەڵێت هەر کاتێک بەجینۆسایدناساندنە نێودەوڵەتییەکە سەرکەوتوو بوو، ئەوکات وڵاتانی هاوکار و یارمەتیدەری داعش ناچار دەکرێن قەرەبووی کورد بکەنەوە "بەڵام پێیدەچێت".

سۆران عومەر گوتیشی "حکومەتی بەغدا ناچارە قەرەبووی شنگال بکاتەوە و بۆ ئەو مەبەستەش ئامارە بۆ یاسایەک دەکات و دەڵێت بەپێی یاسای زیانلێکەوتووانی کردەوە تیرۆریستییەکان، شنگال لەلایەن حکومەتی عێراقیشەوە قەرەبوو دەکرێتەوە.

نوێنەری میری ئێزدیانی جیهان بۆ (رووداو) قسەی کرد لەبارەی داواکارییەکانیان و گوتی ئێمە داوای قەرەبوو لە "عێراق و نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەین". حازم تەحسین بەگ، نوێنەری میر تەحسین بەگ، میری ئێزدیانی جیهان دەڵێ لەبەرئەوەی لە رووداوەکانی شنگالدا زۆرکەس گیانیان لەدەستداوە و بەهەزاران کەسیش دەستگیرکراون و چارەنووسیان دیار نییە "کەمتر باسی قەرەبووکردنەوە دەکەین". بەقورسیشی دەزانێ خەمڵاندنێک لەبەردەست بێت بۆ زیانە ئابوورییەکان بەوپێیەی بەگشتی لە شنگال و ناوچەکانی دیکە خەڵک موڵک و ماڵی خۆیان جێهێشتووە و هەموو شتێکیان بەتاڵان براوە و خانوو ئۆتۆمبیل و کەلوپەل و کۆمپانیا و شوێنی بازرگانی خۆیان جێهێشتووە و هیچیان بۆ نەماوەتەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی (رووداو) لە سەرچاوەیەکی ئاگادار و نزیک لەو شاندە پەرلەمانییەی سەردانی دادگای نێودەوڵەتییان کرد، دەستی کەوتوون "لە داهاتوویەکی نزیکدا دۆسیەکە دەچێتە دادگای نێودەوڵەتی و کاری لەسەر دەکرێت". ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "بەڵگەی بەهێز پێشکەشکراوە و کەسایەتی زۆر گرنگ دیداری لەگەڵ کراوە و لەو ماوەیەدا لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، دۆسیەی شنگال کاری لەسەر دەکرێت".

## قاسم شەشۆ پێشمەرگەکانی چیای شنگال تووڕە دەکات

# "جگە لە گەنجانی ئێزدی هیچ هێزێکی دیکە لە چیای شنگال شەڕی نەکرد"

**عەمید سمێ بوسەلی:**
هەتا ئێستاش لە شنگال لە شەڕداین و 18 پێشمەرگەمان بریندار بووە

**سەعید شنگالی :**
50 کادیرمان لە چیای شنگالن

**سەیدۆ شنگالی:**
شەشۆ ئەو قسەیەی بۆ رازیکردنی ئێزدییەکانی ئەورووپا بوو

**ناسر عەلی**
**رووداو — دهۆک**

قاسم شەشۆ، سەرکردەی سەربازیی ئێزدییەکان لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنی (رووداو) رایگەیاند تەنیا گەنجانی ئێزدی لە چیای شنگالن، بەڵام ئەو قسەیەی بە گران لەسەر کەوت و نیگەرانییەکی زۆری لێکەوتەوە. فەرماندەیەکی پێشمەرگە دەڵێت تائێستا 18 پێشمەرگەی لە چیای شنگال بریندار بوونە.



قاسم شەشۆ، کە دوای رووداوەکەی شنگال بووەتە ناوێکی دیار لە ناوچەکە بە تایبەتی و لە کوردستان بە گشتی، گوتی "جگە لە گەنجانی ئێزدی هەتا ئێستا هیچ هێزێکی دیکە لە شنگال و چیای شنگال شەڕی نەکردووە".

هەر لەو هەڤپەیڤینەدا شەشۆ رەخنەی لە لقی ئێستای پارتی لە شنگال گرت و گوتی "ئەو لقەی لە دهۆک بێت من هیچ ئیعتیرافێکی پێناکەم، راستە سەعید شنگالی کە کراوەتە بەرپرسی لق خەڵک خۆشیان دەوێت، بەڵام ئەو ئێزیدیانەی لە چیای شنگالن کەیفیان بەو لقە نایەت و ئەگەر راستدەکەن با بچن شنگال رزگار بکەن و لەوێ لق دانێن".

عەمید سمێ بوسەلی، یەکێک لە فەرماندەکانی پێشمەرگە کە لەگەڵ شەشۆ لە چیای شنگال بووە، گوتی "قسەکانی شەشۆ جێی سەرسوڕمان بوون، چونکە ئەویش زیاتر لەمن دەزانێت پێشمەرگە لە چیای شنگال چی کردووە و ئێستا لە کوێن".

سمێ کە لەگەڵ 20 پێشمەرگە لە 2014/8/3 چووەتە چیای شنگال، بە (رووداو)ی گوت "سەرەتا ئێمە 20 پێشمەرگە بووین، پاشان لەسەر فەرمانی بارزانی و هێزێکی پێشمەرگە کە ژمارەیان 300 کەس بوو، گەیشتینە گوندی دوگرێ کە تەنیا رێگابوو بۆ چیای شنگال و دوای شەڕێکی قورس بە درێژایی 15 کیلۆمەتر ئەو رێگایەمان کۆنترۆڵ کرد".

بوسەلی کە ئێستاش لە چیای شنگالە و لە گوندی دوگرێیە، گوتیشی "نەک شەڕێک، بەڵکو هەتا ئەم کاتەی من قسە لەگەڵ تۆ دەکەم، بەهاوەن و دۆشکە شەڕی ئێمە دەکەن و ئێمەش بەرگری دەکەین. سێ جار هێرشیان کردووە، تاوەکو ئێستا 18 پێشمەرگەمان بریندار بوون".

بەقسەی سمێ، ئەوان بوون یەکەمجار رێگایان لەبەردەم ئاوارەکانی چیای شنگال کردەوە بۆ ئەوەی رزگاریان بێت. سمێ دەڵێت "جگە لە پاراستنی رێگای چیای شنگال، بە هاوکاری دەزگای خێرخوازیی بارزانی و نووسینگەی سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری شنگال، تاوەکو ئێستا زیاتر لە 20 لۆری خۆراک و جلوبەرگمان رەوانەی چیای شنگال کردووە بۆ ئەوانەی ماون لە چیا".

عەمید سمێ رەخنەی توندی لە شەشۆ گرت و گوتی "بۆچی قاسم شەشۆ بۆ چەک و دۆشکە و بیکەیسی و عەلاگەی پارە پێشمەرگەیە؟ دەبووایە رێزی لە هاوکارییەکانی هەرێمی کوردستان گرتبا".

سەعید شنگالی، بەرپرسی لقی 17ی پارتیش رەخنەی لە قسەکانی شەشۆ هەیە و دەڵێت "لەم رەوشەدا چۆن لق ببەیە شنگال یان چیای شنگال، بەڵام سەرەڕای ئەو رەوشە، من 6 رۆژ چوومە چیای شنگال، زیاتر لە 50 کادری ئێمە ئێستاش لەوێن و لەناو خەڵکدان و هاوکاری خەڵک دەکەن".

بەقسەی ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بەشێک لە ئاوارەکان بە قسەکانی شەشۆ دڵتەنگ بوونە و دەڵێت "قسەکانی شەشۆ تەنیا بۆ رازیکردنی ئێزدییەکانی ئەورووپا بوو".

سەیدۆ شنگالی، سەرۆکی کوتلەی برایەتی و پێکەوەژیان لە ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ دەڵێت "چۆن شەشۆ سوپاسی هێزەکانی YPGی کرد، دەبووایە سوپاسی پێشمەرگەشی کردبا، نەدەبووایە ئەو غەدرە لە پێشمەرگە بکات".



# شارەوانی مونشن 100 هەزار یورۆ بۆ ئێزدییەکان دەنێرێت

**رەشید ئۆزکان**
**رووداو- مونشن**

بەپێشنیازی فراکسیۆنی پارتی سەوزەکان (Die Grüne)شارەوانی شاری مونشن هەوڵدەدات 100هەزار یورۆ وەکو یارمەتی پێشکەشی کوردی ئێزدی بکات کە لە شنگاڵ بەهۆی داعشەوە هەڵهاتوون و ئێستا لە شارەکانی کوردستان لە کەمپەکاندا دەژین.

گولسەرەن دەمیراڵ، سەرۆکی فراکسیونی پارتی سەوزەکان لە ئەنجوومەنی شارەوانی مونشن رایگەیاند "بە پێشنیازی پارتی سەوزەکان و رۆزا لیستە، هەموو پارتەکانی نێو ئەنجوومەن رەزامەندییان دەربڕیوە بۆ ناردنی 100 هەزار یورۆ بۆ کوردی ئێزدی، لە رۆژانی داهاتوودا دەبێت ئەنجوومەنی شارەوانی رەزامەندی لەسەر ئەم داوایە دەربیرێت".

گولسەرەن دەمیرەڵ کە بەرەچەڵەک کوردە و خەڵکی مەلاتیای باکووری کوردستانە، لە داوەتنامەکەیدا بۆ پێشکەشکردنی یارمەتییە مرۆییەکان، یاداشتێکی ئاراستەی شارەوانییەکەی کردووە و دەڵێت "بەناوی فراکسیۆنی خۆم و رۆزا لیستە داوادەکەم شارەوانی شار بڕی 100 هەزار یورۆ وەکو یارمەتی پێشکەشی ئەو کوردە ئێزدیانە بکات کە بەهۆی داعشەوە هەڵهاتوون. نزیکەی یەک ملیۆن پەنابەر لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆشدا ژیان بەسەر دەبەن و رەوشیان باش نییە کە زۆربەشیان کچ و منداڵن، ئەگەر زستانیش بێت ئەوە بارودۆخیان خراپتر دەبێت. پێویستیان بە خواردن و دەرمان و ئاوی خاوێن هەیە. ئێمە وەکو شارەوانی مویشن دەبێت یارمەتی ئەو پەنابەرانە بدەین تەنانەت ئەگەر یارمەتییەکی بچووکیش بێت، رووی مرۆڤایەتی خۆمان پیشانیان بدەین".

لەسەر ئەم داوایەی فراکسیۆنی پارتی سەوزەکان، هەموو فراکسیۆنی پارتەکانی ئەنجوومەنی شارەوانی مونشن دەنگیان بە "بەڵێ" دا. بەپێی لێدوانی دەمیرەڵ بۆ (تۆڕی میدیایی رووداو)، پێویستە دوای پەسەندکردنی داوای یارمەتیکردن، ئەنجوومەنی شار لە مانگی داهاتوودا 100 هەزار یورۆ پێشکەشی کوردە ئێزدییەکان بکات لە باشووری کوردستان.

رووداو
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

## کۆسرەت رەسول: داعش کوردی یەکخست



**رووداو – هەولێر**

کۆسرەت رەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ میدیاکانی پەکەکە، گرووپی داعش بە خەواریج وەسفدەکات و دەڵێت، "ئەم شەڕەی داعش شتێکی باش بوو، چونکە کوردی یەکخست و هەموو هێزەکانی پێشمەرگەی یەکێتی و پارتی، پەکەکە، کۆمەڵە و دیموکرات لەبەرەیەکدابووین". جێگری یەکەمی سکرتێری یەکێتی باس لە ڕێککەوتنی ستراتیژی نێوان خۆیان و پارتی دەکات و دەڵێت: "ڕێککەوتنەکە لەنێوان دوو هێزی گەورە بوو، بەڵام ئێستا وردە وردە کاڵبووەتەوە، ئێستاش دەبێ دابنیشینەوە و خاڵە لاوازە بەهێز و ناکۆکییەکان نەهێڵین".

## کێشەکانی پارتی و یەکێتی گەیشتوونەتە لووتکە

# پارتی داوای کۆبوونەوە دەکات و یەکێتی نایکات



### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی: یەکێتی PKK لەدژی ئێمە بەکاردەهێنێت

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی: چەند ساڵە هاوپەیمانین و لە یەکدی بەگومانین

**میقیدار ئەحمەد**
**رووداو – هەولێر**

کێشەکانی پارتی و یەکێتی گەیشتوونەتە "لووتکە"، بەرپرسێکی باڵای پارتی دەڵێت: "دوو جار داوای کۆبوونەوەمان لە برادەرانی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کردووە، بەڵام ئەوان ئامادە نەبوون". وەک (رووداو) زانیویەتی، پارتی زۆر لە هەڵوێستی هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد لەسەر کەیسی PKK و بەغدا نیگەران بووە. نیگەرانییەکانی خۆشی گەیاندووەتە یەکێتی. هەرچی یەکێتیشە لەبەر کێشە نێوخۆییەکانی ناتوانێ بەرامبەر پارتی بێتە پێش. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی دەڵێ: "کێشە نێوخۆییەکانی یەکێتی زۆر لە کێشەکانی یەکێتی لەگەڵ پارتی زۆرترە، بۆیە تاوەکو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی کۆنەبێتەوە ناتوانێ لەگەڵ پارتی کۆببێتەوە".

زیاتر لە دوو مانگە هەردوو مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و پارتی پێکەوە کۆنەبوونەتەوە. ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیش دەڵێت: "کێشەی داعش، پێکهێنانی حکومەتی عێراق، دۆخی رۆژئاوا، مەسەلەی حکومەتی لۆکاڵیی سلێمانی، هەموویان کێشەی قووڵن، کە دەبووایە پارتی و یەکێتی لەسەری کۆبوونەوەیان بکردایە". بەڵام بەپێی قسەی ئەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کێشەکان لەنێوان حیزبەکەی و پارتیدا، کە دوو هاوپەیمانی ستراتیژین، "ئەوەندە قووڵن ئەستەمە وا بەئاسانی چارەسەر بکرێن".

بەگوێرەی زانیارییەکانی (رووداو) رۆژی شەممە 20/9/2014 لە نووسینگەی نێچیرڤان بارزانی لە هەولێر، شاندێکی باڵای پارتی و یەکێتی کۆبوونەتەوە. ئەندامانی شاندەکەی پارتی لە نێچیرڤان بارزانی و فازڵ میرانی پێکهاتبوون. شاندی یەکتیش پێکهاتبوون لە مەلا بەختیار و عومەر فەتاح.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی پشتڕاستیکردەوە کە کۆبوونەوەکە کراوە و "ئەنجامی باشیشی هەبووە". گوتیشی "بڕیارە هەم مەکتەبی سیاسیی یەکێتی و هەم مەکتەبی سیاسیی پارتی بەجیا کۆببنەوە و ئەنجامی ئەو کۆبوونەوە باڵایە باسبکرێت. دواتر ئەگەر گەیشتنە ئەنجامێک، ئەوە رەنگە هەردوو مەکتەبی سیاسیی پارتی و یەکێتی کۆببنەوە".

سەعدی پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی روون و ئاشکرا باسی کێشەی قووڵ لەنێوان پارتی و یەکێتیدا دەکات و دەڵێت: "تاوەکو ئێستا، سەرەڕای ئەوەی هاوپەیمانین، بەڵام لە یەکدی بەگومانین". سەعدی پیرە داوا لە مەسعود بارزانی دەکات فریای پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتی بکەوێ و دەڵێت: "دەبێ کاک مەسعود داوا لە پارتی و یەکێتی بکات پێکەوە کۆببنەوە و هەرچی کێشەیان هەیە چارەسەری بکەن".

سەعدی پیرە کاتێک ئەو قسانەی دەکرد کە وێنەی بارزانی و تاڵەبانی لەپشت سەرییەوە هەڵواسرابوو. ئەویش دەستی بۆ وێنەی بارزانی درێژکرد و گوتی: "خۆ بارزانی بوو لەگەڵ مام جەلال ڕێککەوتنی ستراتیژیی ئیمزا کردووە نەک من، بۆیە دەبێ لە هەموو کەسێکی نێو یەکێتی و پارتی زیاتر لەو ڕێککەوتننامەیە خاوەن دەربکەوێ". پارتی نایشارێتەوە کە لە هەندێک سیاسەتی یەکێتی لەم کاتەدا "نیگەرانە" و دەڵێن هەرکاتێک پارتی بکەوێتە دۆخێکی ناخۆشەوە، یەکێتی چەقۆی لەسەر تیژ دەکات.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی پارتی رەخنە لە سیاسەتی یەکێتی دەگرێ و دەڵێت: "پارتی لە هەموو لایەنێک زیاتر شەڕی داعش دەکات، کە چی یەکێتی دێت کەیسی PKK دەجووڵێنێ و PKK لەدژی پارتی کاردەکات و هەڵویست دەگرێ". گوتیشی "یەکێتی چاک دەزانێ کە خۆی ناتوانێ ئەو کارانە بکات، بۆیە بە خەڵکی وەکو PKK ی دەکات، ئەمە بۆ حیزبێک کە هاوپەیمانی ئێمە بێ و پێکەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەغداداین نابێ".

ئەو بەرپرسەی پارتی، کە داوایکرد تاوەکو کێشەکانی حیزبەکەی لەگەڵ یەکێتی چارەسەر بکرێ ناوی بڵاونەکرێتەوە، ئەوەی بەبیر یەکێتی هێنایەوە کە "یەکێتی بۆ پێکهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان تەنیا 18 کورسییان هەبوو، کەچی پارتی پۆستە وەزارییەکانی لەگەڵ یەکێتی بەشکرد و وەکو یەک وەزارەتیان هەیە؟ یەکێتی لەبیری چووە بۆ دانانی سەرۆک کۆماری عێراق پارتی بێ هیچ کێشە و بگرە و بەردەیەک پاڵپشتی لە کاندیدی یەکێتی کرد بۆ ئەو پۆستە". بەڵام ئێستا "یەکێتی هەم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەم لە بەغداش کێشە دروست دەکات". ئەندامەکەی مەکتەبی سیاسیی پارتی هۆشداری دەداتە یەکێتی لەسەر هەڵویستەکانی بەرامبەر پارتی و دەڵێت: "ئەوەی یەکێتی ئێستا دەیکات تا سەر بۆی ناچێتە سەر".

ئەحمەد کانی، ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان، داوا لە یەکێتی دەکات "بەرژەوەندیی خۆیان بپارێزن". ئەحمەد کانی دەڵێت: "ئێمە دژی ئازادی و دەربڕینی قسەی ئازاد نین، بەڵام دەبێ یەکێتی ئەوە بزانێ کە لەگەڵ پارتی هاوپەیمانە و قسەی وا نەکرێ لەنێو یەکێتیدا کە زیان بە پەیوەندییەکانی نێوانیان بگەیەنێ. دەبێ ئەو دەنگانە کۆنترۆڵ بکرێن". ئەو ئەندامەی سەرکردایەتی پارتی داوا دەکات هەرچی زووترە پارتی و یەکێتی "کۆببنەوە و کێشەکانی خۆیان باس بکەن نەک لە یەکدی دوور بن".

تاوەکو ئێستا لەنێو یەکێتیدا کۆسرەت رەسول عەلی، جێگری یەکەمی سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە، بەڵام رایەکی وا لە شەقامدا زاڵە کە ئەوەی بەکردەوە بڕیار لەناو یەکێتیدا دەدات خانەوادەی تاڵەبانییە. بەتایبەتیش هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، هاوسەری تاڵەبانی و ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان. بۆیەش رووی گلەییەکانی سەرکردایەتیی پارتی زۆرتر لەوە.

## پەرلەمان پڕە لە گومانی گەندەڵی

# تەنیا پارتیەکان ئۆتۆمبیل و خانووی پەرلەمانیان نەگەڕاندەوە

**فازڵ نەجیب**
**رووداو– هەولێر**

بە ئیمزای ماوەبەسەرچوو، پلەی کەسوکاری سەرۆکی پێشووی پەرلەمان بەرز دەکرێتەوە و پارتییەکانیش تا ئێستا چوار ئۆتۆمبیل و دوو خانوویان نەگەڕاندووەتەوە بۆ پەرلەمان. بڕیاریشە بەدواداچوون بۆ فایلە گوماناوییەکانی پەرلەمان بکرێت.

لە دوارۆژەکانی خولی پێشووی پەرلەمانی کوردستاندا، کۆمەڵێک فەرمان دەرچوون تایبەت بە دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوە، ئەوانیش لەکاتێکدا بووە کە سەرۆکی پەرلەمان کۆتایی بە دەسەڵاتەکانی هاتووەو بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمانی کوردستان لەجیاتی ئەو، ئەو کارانەی کردووە کە ئەوەش پێچەوانەی یاسایە.

بەپێی زانیارییەکانی رووداو، لەو ماوەیەدا نزیکەی حەوت کەس دامەزراون یان پلەیان بەرزکراوەتەوە بە بەرواری مانگی 10 لەکاتێکدا دامەزراندن و پلە بەرزکردنەوەکان لە مانگی 12 و هەندێکی لە سەرەتای مانگی یەکی ساڵی 2014 کراون.

یەکێک لە فەرمانەکان بۆ بەرزکردنەوەی پلەی خانمێکە کە نزیکی پلە یەکی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانە، ناونیشانەکەی لە "شارەزا"وە بەرزکراوەتەوە بۆ "راوێژکاری پێشکەوتوو"، جیاوازیی نێوان مووچەی ئەو دوو ناونیشانەش نزیکەی چوار ملیۆن دینارە. مووچەی راوێژکار زیاترە لە 2.500.000 دینار، بەڵام مووچەی راوێژکاری پێشکەوتوو لەسەرووی شەش ملیۆن دینارە.

بەپێی زانیارییەکانی سەرچاوەکەی رووداو، دامەزراندنی بەڕێوەبەری نووسینگەی پەرلەمان لە سلێمانی کە ژنبرای کارگێڕێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە، لەهەمان کاتداو بە پلەی "شارەزا"، کارێکی نایاسایی دیکە بووە کە لەو ماوەیەدا کراوە.

دیلمان محەمەد، بەڕێوەبەری گشتی دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو) ی گوت "تا ئێستا لیژنەیەک دیاری نەکراوە و کەیسەکە یەکلایی نەبووەتەوە، بۆیە ناتوانین بڵێین ئەمە فێڵکردنە و بەدڵنیایی بەدواداچوون بۆ هەموو ئەو کەیسانە دەکەین کە بەشێوەی نایاسایی تێپەڕێنراون".

بەپێی یاسا هەرکەسێک پلەی "شارەزا"ی پێبدرێت، دەبێت خاوەنی بڕوانامە بێت، بەڵام لە خولی پێشووی پەرلەماندا خەڵک بەبێ بڕوانامە بەو ناونیشانە دەمەزرێنراوە و لە خولی نوێشدا کە خولی چوارەمی پەرلەمانە، لە نووسینگەی سەرۆکایەتی پەرلەمان خەڵکی بێ بڕوانامە بە پلەی شارەزا دامەزرێنراوە.

بە فەرمانێک، چوار کەس کە بۆ خزمەتکردنی چوار بەرپرسی پەرلەمان دامەزرێنرابوون بە ناونیشانی "خزمەتکار"، هەڵوەشێنرایەوە. ئیشی ئەو چوار فەرمانبەرە خزمەتکردن بووە تا سەردەمی خانەنشینییان. دیوانی سەرۆکایەتی پەرلەمان ئەو فەرمانەی هەڵوەشاندووەتەوە بە بیانووی ئەوەی هیچ بەرپرسێک ناتوانێت فەرمانبەرێکی مەدەنی لە دەزگاکانی دەوڵەت بۆ خزمەتی شەخسیی خۆی بەکاربهێنێت و ئەوە لەڕووی یاساییەوە هەرگیز ڕێگەی پێنادرێت.

بەپێی زانیارییەکانی رووداو، ئەم خولەی پەرلەمانی کوردستان خاوەنی 132 ئۆتۆمبیلە کە 22یان هی فەرمانبەران و کاربەدەستان بوونە و لێیان وەرگیراوەتەوە و تەنها چوار ئۆتۆمبێل ماوە کە لای راوێژکارە پێشکەوتووەکانی پارتین. هاوکات دوو ئەندامی دیکەی پەرلەمان کە ئەوانیش پارتین، هێشتا خانووەکانیان چۆڵ نەکردووە. دیلمان محەممەد بەڕێوەبەری گشتی دیوانی پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند "ئێمە برادەرانی پارتیمان ئاگادارکردەوە کە ئۆتۆمبیلەکان بگەڕێننەوە، ئەگەرنا ڕێکاری یاسایی دەگرینەبەر لە دژیان"

لەماوەی رابردوودا، (رووداو) لەسەر هەمان پرسی دامەزراندن و بەرزکردنەوەی پلە بە نایاسایی کۆمەڵێک زانیاری بە بەڵگەوە بڵاوکردەوە. سەبارەت بەوەی ئایا پەرلەمانی کوردستان هیچ بەدواداچوونێکی بۆ ئەوە کردووە، دیلمان محەممەد دەڵێت "ئێمە هیچ بەدواداچوونێکمان نەبینیوە کە بۆ ئەو کەیسانە کرابن و هیچ فایلێکیشیان بۆ نەکراوەتەوە، بەدڵنیاییەوە هەر کەیسێکی نایاسایی یان گەندەڵی هەبێت، بەدواداچوونی بۆ دەکەین و پاشان رای گشتی لێ ئاگاداردەکەینەوە لە رێگەی بانکی زانیارییەوە کە نووسینگەیەکی نوێیە و لەبەر رۆشنایی یاسای مافی بەدەستخستنی زانیاری دامەزراوە".



ڕووداو
ڕاپۆرتە هەواڵ
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

## نێچیرڤان بارزانی: هیوادارین هاوشێوەی پەیامی لەندەن لە بەغدا ببیستین



**ڕووداو- KRG**

نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، کە هیوا دەخوازێ بەغدا وەک لەندەن گوێ بە داواکاری خەڵک بدات.نێچیرڤان بارزانی، تیشک دەخاتە سەر گشتپرسییەکەی سکۆتلەندا و دەڵێت "ئەم پرۆسەیە لای من زۆر سەرنجڕاکێشە و پڕە لە وانە، بۆ لێ فێربوونی" . سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان هیوادەخوازێ گوێی لە سیاسەتمەدارانی بەغدا بێت، بڵێن: "گەلی کوردستان، ئێمە دەنگتان دەبیستین و چارەسەری خەمتان دەکەین، چونکە دەزانین ناتوانین هەتاهەتایە وەک بەشدارێکی نائومێد ڕاتانبگرین، دنیا لەگۆڕاندایە و ئێمەش دەبێت خۆمان بگۆڕین" .

# کانتۆنی کۆبانی داوای هێز لە پارتی و یەکێتی دەکات

## هێشتا گەریلاکانی پەکەکە نەچوونەتە نێو کۆبانی



**براندۆست ئازیزی**
**ڕووداو- هەولێر**

لە ئەنجامی هێرشی یەک هەفتەی چەکدارانی داعش بۆ سەر کۆبانی، زۆربەی گوندەکانی ئەو شارۆچکەیە کەوتوونەتە دەستی داعش و تەنیا چەند کیلۆمەترێکی ماوە بگاتە نێو شارەکە.

موسلیم محەممەد، سەرۆکی لقی ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە شاری کۆبانی بە (ڕووداو) ی ڕاگەیاند، داعش تەنیا چەند کیلۆمەترێکی ماوە بگاتە نێو کۆبانی، یەپەگە لە دەوروبەری شارەکە خەندەقی هەڵکەندووە بۆئەوەی ڕێ لە پێشڕەوییان بگرن و نەهێڵن دەربازی نێو کۆبانی ببن، گوتیشی "پەیەدە قبوڵ ناکات ئێمە لە کۆبانی شەڕ بکەین و دەڵێن دەبێ لەژێر فەرمانی یەپەگە بەشدار بن".

موسلیم محەممەد دەڵێت ئەگەر PYD لەگەڵ ئەنجوومەنی نیشتیمانی کورد لە سووریا ENKS ڕێکبکەوێ و واز لە تاکڕەوی بهێنێت "ئەوا هێزە نێودەوڵەتییەکانیش بە هانامانەوە دێن و پشتگیریمان دەکەن، بەڵام هەر دەیانەوێ هەموو شتێک بە ناوی خۆیان بکرێ و ئەمەش مەحاڵە".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ماوەیەک لەمەوبەر وەفدێکی ENKS لەگەڵ چەند بەرپرسێکی ئەمەریکا کۆبوونەتەوە و ئەمەریکییەکان داوایان لێکردوون لەگەڵ پەیەدە هێزێکی هاوبەش پێکبهێنن بۆ ئەوەی یارمەتیان بدەن.

ئێستا داعش لە سێ لاوە هێرش دەکاتە سەر کۆبانی، لەبەری ڕۆژئاوای شارەکە گەیشتووەتە هەردوو گوندی سۆسان و قولان، کە 10 کیلۆمەتر لە شارەکە دوورن، بەری ڕۆژهەڵاتیش تەنیا 10 کیلۆمەتری ماوە، لەلای باشووریش 20 کیلۆمەتر لە کۆبانێ نزیک بووەتەوە.

محەممەد موسلیم دەڵێت چەکدارانی داعش زۆر بە خاوی پێشڕەوی دەکەن بەرەو کۆبانی، چونکە زۆر شارەزای جوگرافیای ناوچەکە نین. گوتیشی "ئەوان چەکی قورس و پێشکەوتوویان پێیە، بۆیە یەپەگە پاشەکشە دەکات".

لە ترسی توندوتیژییەکانی داعش زۆربەی خەڵکی ناوچەکە ئاوارە بوون. بەپێی ئاماری UNHCR نزیکەی 70 هەزار هاووڵاتی سڤیلی کۆبانێ ڕوویان لە باکووری کوردستان کردووە.

ئیدریس نەعسۆ، کە جێگری سەرۆکی دەستەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی کانتۆنی کۆبانێیە لەڕێی تەلەفۆنەوە قسەی بۆ (ڕووداو) کرد و داوای لە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کرد، بە زووترین کات فریای کۆبانی بکەون و هەوڵ بدەن هێز بنێرنە شاری سەرێکانیێ و لە بەرەی ئەو شارەوە دەست بە شەڕ دژ بە داعش بکەن بۆ ئەوەی فشار لەسەر کۆبانی کەمتر ببێتەوە.

لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی باس لە ڕۆیشتنی گەریلا لە قەندیلەوە بۆ نێو کۆبانی دەکەن، نەعسۆ گوتی "هێشتا گەریلا دەربازی نێو کۆبانی نەبوون، بەڵام گەنجانی باکووری کوردستان چەک هەڵدگرەن و دەچنە ڕیزەکانی یەپەگە".

# یەکەم سەردانی عەبادی بۆ کوردستان مشتومڕی نایەوە

## قادر حەمەجان: ناکرێ عەبادی داوا بکات لەگەڵماندا کۆببێتەوە و داواکەی ڕەتبکەینەوە

## لەتیف شێخ مستەفا: نەدەبوو کورد ڕێگە بەو سووکایەتییەی عەبادی بدات

**ئاسۆ فیشەگی**
**ڕووداو-هەولێر**

یەکەم سەردانی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق هاوشێوەی دوا سەردانی نووری مالیکی، سەرۆک وەزیرانی پێشوو مشتومڕی زۆری لێکەوتەوە، چونکە لە بری سەردانیکردنی هەولێر و کۆبوونەوە لەگەڵ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەت و دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا، سەردانی سلێمانیان کرد و لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆبوونەوە.

عەبادی لەو سەردانەدا پەیامی خۆی ئاراستەی سەرکردایەتی کورد کرد و دوای لێکردن بڕیاری قورس بدەن بۆ چارەسەرکردنی کێشەی ناردنی بودجە و هەناردەکردنی نەوتی کوردستان.

قادر حەمە جان، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "ناکرێ حەیدەر عەبادی داوا بکات لەگەڵ مەکتەبی سیاسی یەکێتی کۆببێتەوە و ئێمە ئەو داوایە ڕەتبکەینەوە، لە کۆبوونەوەکەشدا لەگەڵ عەبادی پرسی هەناردەکردنی نەوت و ناردنی مووچە و بودجەی کوردستان و پرسی مافی پێشمەرگە و ماددەی 140 و هەڕەشەکانی تیرۆریستانمان تاوتوێ کرد".



قادر حەمەجان ڕەتیکردەوە ئەو سەردانەی عەبادی لەسەر حیسابی هەولێر بێت و گوتی "سیاسەتی ئێمە ڕوون و ئاشکرایە و ئامانجمان پاراستنی یەکڕیزیی گەلی کوردە، لە سەرەتاوە دروشمی یەکڕیزی لە کابینەی نوێی حکومەتی عێراقمان هەڵبژارد، لەهەمانکاتدا ئێمە پرسی داواکارییەکانی کوردمان لەگەڵ عەبادی تاوتوێ کرد نەک داواکاری تایبەت و پەیوەندیدار بە لایەنێک".

لەتیف شێخ مستەفا، سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق پێیوایە هاتنی حەیدەر عەبادی، سەرۆک وەزیرانی عێراق بۆ سلێمانی لە بری هەولێر و کۆبوونەوەی لەگەڵ سەرکردایەتی چەند لایەنێکی کوردستان قسەی زۆر هەڵدەگرێ، "چونکە هەولێر پایتەختی سیاسی کوردستانە نەک سلێمانی، ئەمەش بەکەمزانینی سلێمانی نییە، بەڵام دابونەریتی سیاسی وایە"، بۆیە دەپرسێت "ئایا ڕەوایە شاندی کوردستان لە بری بەغدا بچێ بۆ دیوانیە و لەوێ لەگەڵ حەیدەر عەبادی کۆببێتەوە، بێگومان عەبادی ئەوە قبوڵ ناکات، پرسیارەکەش ئەوەیە بۆچی لایەنە کوردستانییەکان ئەوە قبوڵ دەکەن".

لەتیف شێخ مستەفا گوتیشی "پێشوازیکردنی چەند لایەنێکی سیاسی کورد لە عەبادی لە سلێمانی بەوشێوەیەی ڕوویدا نایەکڕیزی لایەنەکانی کوردستانمان بۆ ئاشکرا دەکات و پێماندەڵێ کورد بە کەمترین دەستکەوتەکان قایل دەبێ، پێویست بوو لەسەر ئەو لایەنانە ڕێز لە خۆیان بگرن و ڕێگە بەو سووکایەتییە نەدەن، دیاریشە ئێران لەپشت ئەم کارەیە".

بەڵام سادق لەبان، یەکێک لە سەرکردەکانی هاوپەیمانی دەوڵەتی یاسا لەبارەی ئەو سەردانەی عەبادی بۆ سلێمانی دەڵێت "مەبەستی حەیدەر عەبادی لە سەردانیکردنی سلێمانی هەواڵ پرسینی جەلال تاڵەبانی و پەیوەندیکردن بوو بەلایەنە کوردستانییەکان، نەک ناردنی پەیام بۆ لایەنێکی دیاریکراو، حەیدەر عەبادی لە کاتی سوێندخواردن لە پەرلەمان بەڵێنی دا هەموو کێشەکان لەگەڵ هەرێمی کوردستان چارەسەر بکات، بەڵام بۆ بەدیهاتنی ئەو ئامانجە پێویستە لەسەر سەرکردایەتی هەرێمی کوردستان نەرمی بنوێنێ و دەستبەرداری هەندێک لە داواکارییەکانی بێت".

خەسرۆ گۆران، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە پەرلەمانی عێراق لە قورسایی سەردانەکەی عەبادی بۆ سلێمانی کەمکردەوە و بە (ڕووداو)ی گوت "سەردانەکەی حەیدەر عەبادی بۆ سلێمانی وەک دیاربوو بۆ هەواڵپرسینی مام جەلال بوو، جگە لەوەی ئەو سەردانەی سەرۆک وەزیرانی عێراق فەرمی نەبوو، چونکە ئەگەر فەرمی بووایە دەبوو عەبادی سەردانی هەولێری بکردایە و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کورستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە، بۆیە کۆبوونەوەی عەبادی لەگەڵ سەرکردایەتی یەکێتی و گۆڕان لە سلێمانی بە ئاسایی دەبینین".

## 300 خێزانی مەسیحی چوونەتە ئەوروپا

# بارزانی داوایەک ئاراستەی فەرەنسا و ڤاتیکان دەکات



(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

**عوبەید ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

دوای دەستبەسەرگرتنی موسل لە لایەن چەکدارانی داعشەوە زیاتر لە 8000 خێزانی مەسیحی لە دەشتی نەینەوا و دەوروبەری ڕوویان لە باشووری کوردستان کردووە. بۆ ڕێگرتن لە چوونی بە کۆمەڵیان بۆ ئەوروپا سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوا لە سەرۆکی فەرەنسا و نوێنەری پاپای ڤاتیکان کردووە هاوکاریان بکەن نەک ڕێ بۆ کۆچکردنیان خۆش بکەن.

فارس یوحەنا، سەرۆکی لیستی کلدانی سریانی ئاشوری لە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ڕایگەیاند ڕۆژانە خێزانە مەسیحییەکان کۆچ دەکەن بۆ ئەوروپا و گوتیشی "تاوەکو ئێستا نزیکەی 300 خێزان ڕۆیشتوون و ئەگەر ڕەوشەکە وەها بڕوات، لە ئایندەدا دەشتی نەینەوا بە یەکجاری لە مەسیحییەکان چۆڵ دەبێت".

هەفتەی ڕابردوو سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک کۆبووەوە هەر لەو کۆبوونەوەیەدا سەرۆکی لیستی کلدانی سریانی ئاشوری داوای لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان کردووە ڕێ لە چوونی مەسیحییەکان بگرێت بۆ دەرەوە.

فارس یوحەنا ئاماژەی بە هەڵوێستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان کرد و گوتی "هەستم کرد سەرۆکی هەرێمی کوردستان زۆر نیگەرانە لە چوونی مەسیحییەکان بۆ ئەوروپا و گوتی داوام لە سەرۆکی فەرەنسا و نوێنەری پاپای ڤاتیکان کرد، لە جیاتی ئەوەی ڕێگەخۆش بکەن بۆ کۆچی مەسیحییەکان هاوکاریان بکەن بۆ پاراستنیان.

فارس یوحەنا ئاماژەی بەوەش کرد بارزانی وەڵامی ئەرێنی لە سەرۆکی فەرەنسا و نوێنەری پاپای ڤاتیکان وەرگرتبوو لەسەر ئەو پرسە و سەرۆکی فەرەنسا بە بارزانی گوتووە: لەجیاتی ئەوەی لجوئیان پێبدەین پشتیوانیان لێدەکەین لە وڵاتی خۆیان بمێنن".

ئەو سەرۆک لیستە داوا کردبوو گرەنتییێک بۆ دووبارە گەڕانەوەی مەسیحییە ئاوارەکان هەبێت و گوتی "ئەوەی من تێبینیم کردووە، بەبێ هەبوونی هێزێکی ئاشتیپارێز بۆ مەسیحییەکان زەحمەتە بگەڕێنەوە".

## خەسرۆ گۆران، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی عێراق:

# یەکێتی لەدەرەوەی ئیجماعی کوردی دەنگی بە کاندیدی وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ دا

هێشتا بە تەواوی حکومەتی عێراق نەکەوتووەتە سەر سکەی خۆی، کورد هەڕەشەی کشانەوە دەکات. ئەمە بەپێی قسەی خەسرۆ گۆران کە سەرۆکی گەورەترین فراکسیۆنی کوردییە لە پەرلەمانی عێراق، ئەویش فراکسیۆنی پارتییە.

خەسرۆ گۆران لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) هۆشداری دەداتە حکومەتی عێراق و دەڵێت "ئەگەر پشکی کورد لەو حکومەتە لە سێ وەزارەت کەمتر بێ ئەوا بەشدار نابین". ئەوەش لەکاتێکدایە کە تەنیا دوو وەزارەت دراونەتە کورد. خەسرۆ گۆران لەم هەڤپەیڤینەدا بە وردی باسی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت و سەنگی کورد لەو حکومەتەدا دەکات کە پێگەی بەهێزی جارانی تێیدا تەنیا وەکو یادگارییەک ماوەتەوە.

هەڤپەیڤین: هیڤیدار ئەحمەد



تاوەکو ئێستا تەنیا دوو وەزارەت لە حکومەتی عێراق بۆ کورد دانراون

لەگەڵ عەبادی لەسەر داواکارییەکانی کورد نەگەیشتینە ڕێککەوتن

هیچ وەزارەتێک و کاندیدێکی کورد بۆ حکومەتی عێراق یەکلایی نەبووەتەوە

**کورد بە کەمتر لە سێ وەزارەت بەشداری لە حکومەتی عێراقدا ناکات**

**ڕووداو: بەرهەم ساڵح دەڵێ، کورد لە حکومەتی پێشووی عێراق لەو پەڕی بەهێزیدا بوو، بەبێ کورد حکومەتەکە پێکنەهات، بەڵام حکومەتی ئەمجارەی عێراق پێکهات بەبێ ئەوەی هیچ حیسابێکی ئەوتۆ بۆ کورد بکەن، ئەو ڕەوشە بۆچی ئاوا گۆڕا؟**

**خەسرۆ گۆران:** ڕاستە 2010 پێگەی کورد بەهێزتر بوو، بەڵام دۆخەکە گۆڕاوە، هەڕەشەی داعش، نەمانی مام جەلال لە بەغدا، دۆخی ئابووری، هاتنەوەی فڕۆکەکانی ئەمریکا بۆ عێراق و دۆخی ئەمنیی نێو عێراق وایان کرد بەشێوەیەکی پەلەتر حکومەتی عێراق پێکبهێنرێ. ئەمریکاش پەلەی بوو لەوەی حکومەتی عێراق دروست بکرێ، چونکە نەبوونی حکومەتێک لە بەغدا کێشەی بۆ تەدەخولی ئەمریکی دروست دەکرد کە لە داعش بدات.

**ڕووداو: ئەم پەلە پەلە لەسەر حیسابی کورد بوو؟**

**خەسرۆ گۆران:** دەکرێ بەشێوەیەکی جیاواز لێکبدرێتەوە، بەڵێ نەمانتوانی لەگەڵ بەڕێز حەیدەر عەبادی لەسەر ئەو خاڵانەی کورد هەیەتی بگەینە ڕێککەوتن. بۆیەش لە سەرەتای ڕاگەیاندنی حکومەتی عێراق بە مەرجی خوێندنەوەی یاداشتنامەیەک چووینە نێو هۆڵی پەرلەمان کە لە شەش خاڵ پێکهاتبوو، لەوێ بە ئاشکرا گوتمان سەرکردایەتی سیاسی کوردستان سێ مانگ مۆڵەت دەداتە حکومەتی عێراق تاوەکو نییەتپاکیی خۆی نیشان بدات.

**ڕووداو: بەڵام ئەگەر کوردیش نەڕۆیشتبایە حکومەتەکە هەر پێکدەهات؟**

**خەسرۆ گۆران:** ڕاستە حکومەتەکە هەر پێکدەهات، بەڵام هەڵوێستی کوردیش لەبەرچاو دەگیرا، چوونی ئێمەش باشتربوو، چونکە نییەتپاکی کورد نیشاندەدا و کورد دەریخست کە دژی بەغدا نییە، لادانی مالیکی و شەهرستانیش دەستکەوت بوو بۆ کورد. خوێندنەوەی مەرجەکانی کوردیش باشتربوو لە نەبوونی.

**ڕووداو: بەڵام حکومەتی عێراق پابەندبوونی خۆی بەو مەرجانە نیشان نەداوە؟**

**خەسرۆ گۆران:** جارێ هێشتا ڕێکنەکەوتووین، تێبینیمان هەبووە لەسەر چەندین خاڵ لە بەرنامەی حکومەتدا و حەیدەر عەبادیش داواکانی کوردی نەخستووەتە نێو بەرنامەی حکومەت، بەڵام گوتوویەتی من ملکەچی هەموو داواکانی کوردم کە دەبێ کێشەکان چارەسەربکرێن. لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا دەردەکەوێ کە ئەو حکومەتە چەندە جدییە لە جێبەجێکردنی داواکانی کورد.

**ڕووداو: کورد بڕیاری دا بەشداری لە حکومەتی عێراقدا بکات، بەڵام تاوەکو ئێستا دیار نییە ئەو وەزارەتانەی بەر کورد دەکەون چین؟**

**خەسرۆ گۆران:** بەڵێ وایە، کورد خاڵی پۆستەکانی خۆی خستبووە دوا خاڵی کارنامە و مەرجەکانی خۆی، چونکە پۆستەکان هێندەی مووچە و بودجە و مەسەلەی پێشمەرگە و ناوچە دابڕێنراوەکان و مەسەلەی قانونی نەوت و غاز گرنگ نین. ئەگەر ئەوانە جێبەجێ بکرێن کورد وەزیریشی نەبێ لە بەغدا کێشەمان نابێ. ئێستا ڕێژەی کورد لە پەرلەمانی عێراق نزیکەی 20%ە، ئەگەر بەرێژە و دەستکەوتیش بێت ئەوا دەبێ کورد 20%ی حکومەتی عێراق پێکبهێنێ. بەڵام کە دێینە سەر ئەوە، حکومەتی عێراق لە نزیکەی 30 وەزارەت پێکدێ، دەبێ لانیکەم پێنج شەش وەزارەت بدرێتە کورد. بەغدا دەڵێ پۆستەکان بە خاڵ دابەشبکرێن، ئەگەر بە خاڵیش بێت، کورد چوار وەزارەتی هەر بەردەکەوێ. هەر 2.7 کورسی بە خاڵێک هەژمار کراوە. پەرلەمانی عێراقیش لە 328 کورسی پێکدێ، بەو شێوەیە کۆی خاڵەکان دەبێتە 121 خاڵ. بۆ هەر پۆستێکیش خاڵی خۆی هەیە.

سەرۆک کۆمار، 12 خاڵ، سەرۆک وەزیران 15 خاڵ، سەرۆکی پەرلەمان 10 خاڵ، جێگرەکانی سەرۆک کۆمار، سەرۆکی حکومەت و سەرۆکی پەرلەمان هەریەکەیان 5 خاڵ، وەزارەتە

**یەکێتی هیچ خاڵێکی نەماوە وەزارەت وەربگرێ**

**پارتی بڕیاری کۆتایی نەداوە کە کاندیدەکانی کێن بۆ حکومەتی عێراق**

سیادییەکان 3 خاڵ و وەزارەتە ئاساییەکانیش 2 خاڵ دەبێ.

پارتی لە پەرلەمانی عێراق 28 کورسی هەیە واتە کورسییەکانی دەکاتە 10.4 خاڵ، یەکێتی 21 کورسی 7.7 خاڵ، گۆڕان 9 کورسی 3.3 خاڵ، یەکگرتوو 4 کورسی 1.4 خاڵ، کۆمەڵی ئیسلامی 3 کورسی 1.1 خاڵ.

ئێستا پارتی جێگری سەرۆکی حکومەت بەردەکەوێ و 5 خاڵ دەبات، وەزارەتێکی سیادیش 3 خاڵ دەبات، وەزارەتێکی ئاسایی ئەویش 2 خاڵ، پارتی هێشتا 0.4 خاڵی دەمێنێتەوە. یەکێتی تەنیا 7.7 خاڵی هەبووە کەچی تەنیا بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار 12 خاڵی بردووە، گۆڕان 3.3 خاڵی هەیە بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان 5 خاڵی بردووە. یەکگرتوو 1.4 خاڵی هەیە و کۆمەڵیش 1.1 خاڵی هەیە.

ئێستا یەکێتی و گۆڕان خاڵیان نەماوە بۆ ئەوەی وەزارەتێکیان بەربکەوێ. ئەگەر کورد سێ وەزارەتی بەربکەوێ دوو بۆ پارتی دەبێ و یەک بۆ یەکگرتوو، ئەگەر چوار وەزارەت بێ ئەوا چوارەم بۆ کۆمەڵی ئیسلامی دەبێ. بەغدا لە هەندێک پۆست موراعاتی کوردی کردووە لە هەژمارکردنی خاڵەکان بەتایبەت لە پۆستی سەرۆک کۆمار و جێگری سەرۆکی پەرلەمان. چونکە ئەگەر بەو خاڵانە بووایە کە کورد هەیەتی، ئەوا تەنیا 2 وەزارەتی بەردەکەوت و ئەوەش مەعقول نییە کورد پێکهاتەی دووەمی عێراق و لە کۆی 30 وەزارەت تەنیا دوو وەزارەتی هەبێ.

بەڵام تاوەکو ئێستا نە لەسەر ژمارەی وەزارەتەکان و نە لەسەر جۆری وەزارەتەکان لەگەڵ حکومەتی عەبادی ڕێکنەکەوتووین، لەحکومەتی پێشووی عێراق کورد سەنگی زۆرتر بوو، چوار وەزارەتی بەهێزی هەبوو (دەرەوە، بازرگانی، تەندروستی، کۆچ و کۆچبەران)، ئێستا ئەوەی دیارە بدرێ بە کورد دارایی و ڕۆشنبیرییە، هیچ وەزارەتێکی دیکە باس نەکراوە. ئەوەی باس دەکرێ کە وەزارەتێکی دیکە بدرێ بە کورد تەنیا قسەیە.

**ڕووداو: کەی ئەمە یەکلایی دەبێتەوە، ئێوە لە کوێی دانوستاندنەکاندان؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئێمە هەوڵماندا وەزارەتی دەرەوە بهێڵینەوە، بەڵام شیعەکان سووربوون لەسەرئەوەی ئەو وەزارەتە ببەن، بۆیە پێشنیازی وەزارەتی دارایی کرا، بۆ ئەوەش هێشتا وەڵامی کۆتاییمان نەداوەتەوە، نەک تەنیا بۆ وەزارەتی دارایی، بەڵکو بۆ هەمووی، چونکە ئەوە هەموو یەک سەفقەیە. وەزارەتەکان دوا شتە کورد بیری لێدەکاتەوە.

**ڕووداو: ئەگەری ئەوە هەیە کورد لە حکومەتی عێراق بکشێتەوەو بەشداری نەکات؟**

**خەسرۆ گۆران:** بەڵێ ئیحتیمال هەیە و ئەگەر بزانین هیچ هەنگاو نەهاوێژن، لە مووچەی فەرمانبەران، بودجە، نەوت و غاز، مادەی 140 کە دەبێ بە کردار هەنگاوی بۆ بهاوێژرێ. تاوەکو ئێستا عەبادی قسەی خۆش دەکات و دەڵێ لەماوەی دیاریکراو و بە گوێرەی دەستوور جێبەجێی دەکەم و بڕیاری بوێرانە دەدەم، بەڵام ئێمە دەبێ بە کردار ئەو قسانە ببینین و دەبێ هەرێمی کوردستانیش هاوکاری بکات، ئەو سێ مانگەی کورد دایناوە بۆ حکومەتی عێراق بەسە بۆ ئەوەی دیاربێ ئاخۆ عەبادی چەند دێتە پێش.

**ڕووداو: ئەگەر بەغدا ڕازی نەبوو بەوەی سێ وەزارەت بداتە کورد، ئێوە بە کەمتر لە سێ وەزارەت بەشداری دەکەن لە حکومەتدا؟**

**خەسرۆ گۆران:** کورد لە سێ وەزارەت کەمتر بەشداری ناکات لە حکومەتی عێراقدا، ئەوە مومکین نییە و قبوڵ ناکرێ. دەستکەوتی کورد لە چوار وەزارەتیش زیاترە، سوننە 9 وەزارەتی وەرگرتووە و ئەوان تەنیا 23%ی پەرلەمانی عێراق پێکدەهێنن، بەڵام کورد 20%ی پەرلەمان پێکدێنێت.

**ڕووداو: ڕاستە پارتی لە پشکی خۆی وەزارەتێک لە حکومەتی عێراق دەداتە گۆڕان؟**

**خەسرۆ گۆڕان:** من ئاگاداری ئەوە نیم، تەنیا ئاگاداری ئەوەم کە پارتی پێشتر پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمانی هەبوو، بەڵام بەبێ هیچ بەرامبەرێک درا بە برادەرانی گۆڕان. سەرکردایەتی سیاسی پارتی چ بڕیارێک بدات ئێمە ملکەچی دەبین.

**ڕووداو: کێ لە نێو پارتی دەبێتە جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی دارایی و پۆستەکانی دیکە وەردەگرێ؟**

**خەسرۆ گۆران:** هێشتا لەنێو پارتیدا ئەو

**سەنگی کورد لە حکومەتی پێشووی عێراق بەهێزتربوو**

**کوردێک لەسەر لیستی عەلاوی بووەتە وەزیر**

یەکلایی نەبووەتەوە کە کێ کاندیدە بۆ ئەو پۆستانە. ڕاستە کاک هۆشیار زێباری، جێگری سەرۆکی حکومەتە، بەڵام هێشتا پارتی بڕیاری کۆتایی خۆی لەوبارەیەوە نەداوە. وەکو کورد جارێ بڕیار نەدراوە ئەو ناوانە ئاشکرا بکرێن کە وەزارەتەکان وەردەگرن، ئەگەر هەبووایە ئەوا دەهاتن و سوێندیان دەخوارد.

**ڕووداو: ئەی یەکێتی هیچ وەزارەتێکی بەردەکەوێ؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئەگەر بە خاڵ بێ نەخێر. ئەگەر بەپێی تەوافوقیش بێ ئەوا شتێکی دیکەیە. بەڵام خۆ چەند وەزارەتمان هەیە تا یەکێکی بدرێ بە یەکێتی و یەکێکی بدرێ بە گۆڕان، هەمووی سێ وەزارەتە، یەکگرتوو ئیستیحقاقی خۆی هەیە و دەیەوێ و نایدا بە لایەنی دیکە. پارتی دەتوانێ نەرمی زیاتر بنوێنێ.

**ڕووداو: بۆ متمانەدان بە کاندیدی وەزارەتی بەرگری و ناوخۆی عێراق، هەر یەک لە پارتی و گۆڕان و یەکگرتوو و کۆمەڵ بڕیارتان دابوو دەنگ بۆ ئەو دوو کاندیدە نەدەن، کەچی یەکێتی دەنگی پێدان، ئایا هیچ هەماهەنگی لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان لە پەرلەمانی عێراق نییە؟**

**خەسرۆ گۆران:** ڕاستە هەندێجار هەماهەنگی نییە لەنێوان لایەنە کوردستانییەکان، کاتێک ئەو دوو ناوە پێشکەشکران پرس بە لایەنە کوردییەکان نەکرا، چۆن دەکرێ دوو وەزارەتی ئەمنی گرنگ ئێمەی کورد لێی ئاگادار نەبین، بۆیە بڕیارماندا دەنگ بەو دوو کاندیدە نەدەین. دەمەوێ ئەوەش بڵێم کە عەبادی بەدەست و چاو ئیشارەتی دەدایە من دەنگ بە وەزیری ناوخۆ و بەرگری بدەین، بەڵام داوامانکرد لایەنی کوردی دەنگ بەوان نەدەن، کەچی برادەرانی یەکێتی ڕای جیاوازیان هەبوو، بەو بڕیارە پابەند نەبوون و دەنگیان دا، هەرچەندە دەریشنەچوون و دەنگی پێویستیان نەهێنا.

**ڕووداو: یەکێتی دەیەوێ وەزارەتی ڕۆشنبیری وەربگرێ و فریاد ڕواندزیشی بۆ ئەو پۆستە کاندید کردووە، تەنانەت لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان خۆی ئامادە کردبوو سوێندی یاسایی بخوات، بەڵام ئێوە وەکو پارتی دژی ئەوە وەستان، بۆچی؟**

**خەسرۆ گۆران:** ناکرێ وەزیرێکی کورد بەتەنیا سوێند بخوات، جارێ ڕێکنەکەوتووین لەسەر وەزارەتەکان و ناوەکان، هیچ کاندیدێکی کوردیش بۆی نییە بە تەنیا سوێندی یاسایی بخوات، چونکە ئەوە دەرچوونە لە ئیجماعی کوردی. تۆ وەکو کورد دێیت سوێند دەخۆی، خۆ تۆ نوێنەرایەتی کورد دەکەی. ناکرێ کاک فریاد یان کاک هۆشیار بەتەنیا سوێند بخوات. چونکە لەگەڵ بەغدا هێشتا یەکلایی نەبووینەتەوە.

**ڕووداو: ئەمریکا تا چەند گوشاری لە کورد کرد بۆئەوەی بەشداری بکات لە حکومەتی عێراقدا؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئەمریکا گوشارێکی وای لەسەر کورد نەبوو کە دەبێ کورد وابکات و وا نەکات، بەڵام ئەمریکا پێیخۆشبوو کورد نەبێتە کۆسپ لەبەردەم حکومەتی عێراق و پێیخۆشە حزوری هەبێ و سەقفی زەمەنی هەبێ بۆ داواکانی.

**ڕووداو: ئێوە ئەمریکاتان ئاگادار کردووەتەوە کە ئەگەر بەغدا لەماوەی ئەو سێ مانگە داواکانی کورد جێبەجێ نەکات کورد لە حکومەتی عێراق دەکشێتەوە؟**

**خەسرۆ گۆران:** بەڵێ ئەمریکا لەو خاڵ و تێبینیانەی ئێمە ئاگادارە و لە هەموو

**عادل عەبدولمەهدی گوتی ئەوپەڕی نەرمی دەنوێنم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی نەوت**

دانوستاندنەکانی ئێمە لەگەڵ عەبادی UN و ئەمریکا و باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە عێراق ئاگادار بوونە.

**ڕووداو: دەگوترێ هەر کاتێک وەزیری دارایی عێراق کە لە پشکی کوردە پۆستەکەی وەربگرێ ئەوا مووچە و بودجەی هەرێمی کوردستان لە بەغداوە ڕەوانەی هەولێر دەکات، مادام وایە بۆ هەر هیچ نەبێ ئەو وەزیرە دەستبەکار نابێ؟**

**خەسرۆ گۆران:** نەخێر وانییە، وەزیر هەبێ و نەبێ ئەگەر حکومەتی عەبادی بڕیار نەدات چۆن دێ، خۆ پێشتر وەزیری کورد لە بەغدا بوون و وەزیری بەهێزیش هەبوون، بەڵام پارەکە هەر نەدەهات.

**ڕووداو: هیچ کوردێک لە دەرەوەی حیزبە کوردستانییەکان بۆ وەرگرتنی وەزارەتێک سیڤی خۆی ڕادەستی عەبادی کردبوو؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئەوەی من دەزانم بەڵێ کوردێک بووە بە وەزیر و خەڵکی کەسنەزانە و ناوی شێخ مەلاسە، ئەویش لەسەر لیستی ئەیاد عەلاوی بووە بە وەزیر.

**ڕووداو: هیچ بەڵێنێکتان هەیە وەکو لایەنە کوردستانییەکان لە ئیجماعی کوردی دەرنەچن؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئەمە پرسیارێکی گرنگە. تاوەکو ئێستا لە بەغدا هاوپەیمانی کوردستانی نییە، من وەکو سەرۆکی لیستی پارتی ڕەفتار دەکەم و لایەنی دیکەش بەهەمانشێوە. بەڵام بۆ ئەو کۆبوونەوانەی پەرلەمانی عێراق کە دەنگی هەیە لایەنەکان کۆدەبنەوە بۆ ئەوەی کورد یەک دەنگی هەبێ، هەندێجار ڕێکدەکەوین و هەندێجاریش ڕێکناکەوین، بۆ نموونە دەنگدان بۆ وەزیری ناوخۆ و بەرگری برادەرانی یەکێتی دەنگیان پێدا و ئێمە دەنگمان نەدا. بۆیە داوا لە سەرکردایەتی سیاسی کورد دەکەین لیستی کوردستانی لە بەغدا دروستبکرێ تاوەکو پێکەوە پابەندی هەموو بڕیارێک بین، کە لەبەرژەوەندی کورددا بێ و داوا دەکەم فراکسیۆنی هاوپەیمانی کوردستانی لە بەغدا زیندووبکرێتەوە.

**ڕووداو: عەبادی دەڵێ ناردنی مووچە و بودجەی کوردستان پەیوەستە بەوەی هەولێر بڕیار بدات ناردنی نەوتی کوردستان لە ڕێگەی سۆمۆوە بێ. ئێوە بەو پێشنیازەی عەبادی ڕازی دەبن؟**

**خەسرۆ گۆران:** وا بەئاسانی وەڵام نادرێتەوە، ئەگەر وا بە ئاسانی بووایە ئەوا کێشەکان هەموو چارەسەردەکران. ئەمە لێژنەی تایبەتمەندی هەردوولا دەیەوێ پێکەوە دابنیشن و بەغداش قسەی هەیە و هەولێریش قسەی خۆی هەیە و دەبێ هەردوولا نەرمی بنوێنن و ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.

**ڕووداو: کورد هەمان داوای هەیە لەسەر مەسەلەی نەوت کە لەگەڵ حکومەتی مالیکی هەیبوو؟**

**خەسرۆ گۆران:** ئێستا جیاوازە، هەم مالیکی لە حکومەتدا نەماوە و هەمیش ئێستا عادل عەبدولمەهدی بووە بە وەزیری نەوت کە دۆستێکی زۆر نزیکی کوردە، چونکە لەگەڵ وەزیری پێشووی نەوت و شەهرستانی گەیشتبووینە بنبەست. من ناڵێم لەگەڵ عەبدولمەهدیش کێشەمان نابێ، بەڵام هیواداریین گفتوگۆکان دەستپێبکرێن. عادل عەبدولمەهدی گوتی ئەوپەڕی نەرمی لەگەڵ کورد دەنوێنم بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گوتی مافی خۆتانە و هەموو هەوڵێک دەدەین مەلەفی نەوت چارەسەر بکرێ.

## ئیتلاعات لە مەکتەب قورئانییەکان دەپیچێتەوە

**رووداو- سنە**

دوو کەس لە هاووڵاتییانی کوردی پەیڕەوی "مەکتەب قورئان"، بە ناوەکانی ئەحمەد کاکی و فەریبوز ئەحمەدی لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری سنەوە لێپێچینەوەیان لێکرا. ئەم کەسانە بەهۆی پەیڕەوی کردن لە ئەحمەدی موفتیزادە، ڕێبەری ئایینیی مەکتەب قورئان بانگهێشتی ئیتلاعات کراون. لەماوەی چەند مانگی رابردوودا، زیاتر لە 154 ئەندامی مەکتەب قورئان لە شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بانگهێشتی ناوەندە ئەمنییەکانی حکومەتی ئیسلامیی ئێران کراون و سەبارەت بە چالاکییە مەزهەبییەکانیان لێپرسینەوەیان لێکراوە.



**حەب لە باشوور.. شیشە لە رۆژهەڵات**

# حەب و دەرمانی کوردستان دەبێتە کەرەستەی ترسناکترین ماددەی هۆشبەر

**ئومێد بەرین**
**رووداو- هەولێر**

گیرۆدەبووان بە ماددەی هۆشبەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو زیادبوون دەچێ و چالاکوانان و چاودێرانیش لەو بەشەی کوردستان هۆکارەکەی بۆ بەرهەمهێنانی ماددەی هۆشبەری شیشە یان کریستاڵ لە شارە سنوورییەکانی نێوان باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان دەگەڕێننەوە، لەوانەش شارۆچکەی سەردەشت کە بووە بە هەناردەکارێکی گەورەی ئەو ماددە مەترسیدارە. لەوەش مەترسیدارتر ئەوەیە کە کەرەستە خاوەکانی دروستکردنی شیشە لە باشووری کوردستانەوە بەڕێی قاچاخ دەچێتە رۆژهەڵاتی کوردستان.

بەگوتەی عەبدولڕەزا رەحمانی فەزڵی، وەزیری ناوخۆ و سکرتێری گشتیی بنکەی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە کۆماری ئیسلامیی ئێران، زیاتر لە ملیۆنێک و 325 هەزار کەس لەو وڵاتەدا گیرۆدەی ماددە هۆشبەرەکان بوونە.

ئەو بەرپرسە باڵایە هۆشداری دا کە لەم چەند ساڵەی رابردوودا بەکارهێنەرانی ماددەی هۆشبەری پیشەیی (شیشە) بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر بەرزبووەتەوە، بەشێوەیەک کە ساڵی 2011 تەنیا 4%ی تووشبووانی ماددە هۆشبەرەکان شیشەیان بەکاردەهێنا، بەڵام لە ساڵی 2014 دا نزیکەی 22%ی گیرۆدەبووان شیشە بەکاردێنن.

وەزیری ناوخۆی ئێران بە ئاماژەکردن بۆ ئەوەی کە ئێستا ئێران یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرانی شیشە بۆ بازاڕەکانی باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، رایگەیاند کە "کەسانێک بە کەڵک وەرگرتن لە هەژاریی هەندێک ناوچە، دەستیان داوەتە قاچاخچێتی بە ماددەی هۆشبەری شیشە، بازرگانییەک کە ساڵانە سێ ملیار دۆلار داهاتی بۆیان هەیە".

عەلی ئیسماعیل نژاد چالاکوانی کۆمەڵایەتی رۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە ماددەی هۆشبەری شیشە لەو بەشەی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "ئێمە لە پرسی ماددەی هۆشبەردا دوو بەشی جیاواز لەیەکمان هەیە، بازرگانی و بەکارهێنان، مێژووی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەر لە رۆژهەڵاتی کوردستان بە پێچەوانەی بەکارهێنانەکەی زۆر کۆن نییە و دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێک لەمەوپێش، یەکێک لە سەرەکیترین هۆکارەکانی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشبەری شیشە ئەوەیە کە بە ئاسانی و بە کەڵک وەرگرتن لە کەمترین ئیمکاناتی نێو تاقیگەی ماڵەکان بەرهەم دێت، بەڵام گرنگترین هۆکاری بەرهەمهێنانی شیشە لە رۆژهەڵاتی کوردستان، ئاسان دەسکەوتنی کەرەستە سەرەتاییەکانیەتی کە بەداخەوە بەشێکی زۆری لە باشووری کوردستانەوە ئاودیوی سنوورەکانی رۆژهەڵات دەکرێن".

کەرەستە سەرەتاییەکانی شیشە چەند جۆرە حەبێکن، لەوانەش: ئێفیدرین، ئامی تریپتیلین، دێزۆکسین، ریتالین، ئێمی پرامین و ئەکتیڤید.

ساڵی 2003 نرخی یەک کیلۆ شیشە لە بازاڕەکانی ئێراندا 120 هەزار دۆلار بووە، بەڵام لەساڵی 2013 دا بووەتە تەنیا 4 هەزار دۆلار. ئەمەش بەهۆی زۆربوونی ئەو تاقیگە بچووکانەی ماڵان کە لە ناوچە سنوورییەکان لە زیادبووندان و هەروەها زۆربوونی کەرەستە خاوەکانی کە بەئاسانی ئاودیوی سنووری رۆژهەڵات دەکرێن.

بەگوێرەی هەندێک وێنە کە بەدەستی (رووداو) گەیشتوون، بەشێکی ئەو حەبانەی کە وەکو کەرەستەی سەرەتایی سوودیان لێوەردەگیرێ، لە کۆمپانیای دەرمانسازیی سامەڕا دروستکراون. وێنەکانیش لە خاڵی سنووریی نێوان قەڵادزێ و سەردەشت گیراون کە پاکەتی بەتاڵکراوی دەرمانەکان پێشاندەدات پێش ئەوەی لەشێوەی تۆز ئاودیوی سنوور بکرێ.

د.سلێمان مەنگوڕی چالاکڤانی کۆمەڵایەتی و بەرپرسی ئەنجومەنی بەرەنگاربوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان لە شاری مەهاباد، وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو زانیاریانە بە (رووداو)ی گوت "بەداخەوە ئێستا لە شاری سەردەشت و ناوچەکانی دەوروبەری سەدان تاقیگەی بەرهەمهێنانی شیشە هەن کە ماددە سەرەتاییەکانی چەند جۆرە حەبێکن لە باشووری کوردستانەوە بە ئاسانی دێنە ناو سنوورەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لێرە دەکرێت بە شیشە و رەوانەی بازاڕەکانی باشووری ئاسیا و ئێران دەکرێن و بەداخەوە بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ باشووری کوردستان".

عەمید جەلال ئەمین بەگ، بەڕێوەبەری بەشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە ئاسایشی سلێمانی لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (رووداو) گوتی "خەڵکانێکمان لە هەردوو دیوی سنوور هەیە کە سەرقاڵی ئەو بازرگانیەن و لەسایەی ئەوەوە بە سەروەت و سامانێکی زۆر گەیشتوون".

بەگوێرەی ئامارەکانی بەردەستی ئەوان، تەنیا لەساڵی 2014 دا لە سنوورەکانی سلێمانی 77 کەس لەسەر ماددەی هۆشبەر دەستگیرکراون و دراونەتە دادگا. عەمید جەلال ئەمین بەگ گوتی "ماوەیەک لەمەوبەر بارهەڵگرێکمان گرت کە سێ ملیۆن و 900 هەزار حەبی ئێفیدرینی پێبوو، لە چالاکییەکی دیکەشدا لە ماڵێک کەسێکمان دەستگیر کرد کە 33 پاکەت شیشەی پێبوو".

بەرپرسەکەی ئاسایش دەڵێت ئێستا شیشە لە بازاڕەکانی سلێمانی گرامی بە 50 تاوەکو 100 دۆلار دەفرۆشرێت.

هەر لەوبارەوە د.خاڵس قادر گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان وێڕای ئەوەی دەڵێت کە هیچ زانیارییەکی سەبارەت بەو پرسە نییە، بەڵام بە (رووداو)ی گوت "ئێمە بۆ ئەو حەبانەی وەک ماددەی هۆشبەر دەناسرێن، رێوشوێنی تایبەت و یاسای توندمان هەیە، ئەو حەبانەش کە دوای تێکەڵکردنیان دەبنە ماددەی هۆشبەر، هەموو بازرگانێک ناتوانێ هاوردەیان بکات، بەڵام بەگشتی پێویستە رێکاری ئەمنی توندتر بکرێت و ئەگەر ئەوە راست بێت، دەبێ لەڕێی وەزارەتی ناوخۆوە ئاگادار بکرێینەوە بۆئەوەی هەنگاوی پێویست بگرینەبەر".

د.خالید تەوەکولی، چالاکڤانی کۆمەڵایەتی لە شاری سەقزی رۆژهەڵاتی کوردستان پێیوایە "دەبێ لە هەرێمی کوردستان چاودێرییەکی زۆرتر بخرێتە سەر کەرتی دەرمان، ئەگەر ئەمڕۆ ئەو نەخۆشییە لە رۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە دیاردە، ئەوا لە داهاتوودا ئەو مەترسییە بۆ باشووریش دەگوازرێتەوە، بۆیە دەبێ لێکۆڵینەوەیەکی ورد لە باشووری کوردستان بکرێت و رێکاری بەپەلەی بۆ بدۆزرێتەوە و پێشی پێبگیرێت، ئەوە هەم کێشەیەکی ئینسانییە و هەم کێشەیەکی کۆمەڵایەتییە بۆ هەموو کوردستان و هەموومان لێی بەرپرسیارین".

بەڕێوەبەری بەشی نەهێشتنی ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگاری سلێمانی سەبارەت بە رێکاری بەرەنگاربوونەوەی ئەو کەسانەی بازرگانی بەو حەبانەوە دەکەن، گوتی "بەداخەوە ئێمە کەسانێکمان دەستگیر کردووە کە پاش ماوەیەک ئازاد کراون، چونکە ناوی ئەو حەبانە لە لیستی ماددە هۆشبەرەکاندا نییە، ئێمە بە نیازین دانیشتنێک لەگەڵ وەزیری تەندروستی بکەین، بۆ ئەوەی ناوی ئەو حەبانە بخرێنە لیستی ماددە هۆشبەرەکانەوە".




# رۆژهەڵاتی کوردستان تەقەی تێکەوتەوە

**فوئاد حەقیقی**
**رووداو- هەولێر**

دوای ماوەیەکی درێژ لە بێدەنگی، جارێکی دیکە دەنگی تەقە لە نزیک دوو شارۆچکەی رۆژهەڵاتی کوردستان بیسترایەوە و چەند چەکدارێکی سوپای پاسدارانی تێدا کوژران. حیزبی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەرپرسیارێتی خۆی لە کوژرانی ئەو پاسدارانە راگەیاند، بەڵام یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان بە فەرمی رایگەیاند کە تێکهەڵچوونەکان لە نێوان پێشمەرگەی ئەوان و سوپای پاسداراندا روویانداوە.

ئێوارەی رۆژی 2014/9/12 لە نزیک گوندی کانیەزەرد و وەردێی سەر بە شارۆچکەی سەردەشت دەنگی تەقە بیسترا، دواتر زانرا کە 8 سەربازی سوپای پاسداران کوژراون و ژمارەیەکیش بریندار بوون، پاشان یەکێک لە بریندارەکان بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە گیانی لەدەست دا.

هەر هەمان شەوی 12ی سێپتەمبەر لە گوندی کانی کەوەی سەر بە شارۆچکەی مەریوان لە رۆژهەڵاتی کوردستان دوو سەربازی سوپای پاسداران کوژراون و دووی دیکەش بریندار بوون.

دوای رووداوەکە، یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستان رایگەیاند "تێکهەڵچوونی سەردەشت لەنێوان پێشمەرگەکانی ئێمە و سوپای پاسدارانی ئێراندا بووە و یەکێک لە پێشمەرگەکانمان بە سووکی بریندار بووە".

بەڵام بەرپرسێکی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (رووداو)ی راگەیاند "تێکهەڵچوونی سەردەشت لەنێوان پۆلێک لە پێشمەرگەکانی دیموکرات و سوپای پاسداراندا روویداوە و بریندارەکەش پێشمەرگەی ئێمە بووە و خەڵکی سەردەشتە و سەر بە ئۆرگانی ناوەندی دووی کوردستانی حیزبی دیموکراتە".

دواتریش دەزگاکانی راگەیاندنی نزیک لە حیزبی دیموکراتی کوردستان بڵاویانکردەوە کە تێکهەڵچوونەکە لەنێوان "پارێزەرانی رۆژهەڵاتی کوردستان و سوپای پاسداران، نیروی ئینتیزامی و جاش و بەکرێگیراوی کورد"دا روویداوە.

بەگوێرەی هەندێ زانیاری، حیزبی دیموکراتی کوردستان لەم دواییانەدا چەند تیمێکی پێشمەرگەی رەوانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووەتەوە و تێکهەڵچوونەکانیش لەنێوان ئەو پێشمەرگانە و سوپای پاسداراندا بووە. بەڵام سەرچاوەیەکی فەرمی لە دەفتەری سیاسی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە، ئەوەی وەئەستۆ نەگرت کە تێکهەڵچوونەکان لەلایەن پێشمەرگەی ئەوانەوە بووبێت، هەرچەندە گوتی "ئەو کەسانەی ئەو کارەیان کردووە پەیوەندییان بە (حدک)ەوە هەیە و خۆیان بە پشتیوانی حدک ناساندووە".

ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی (حدک) کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، هەر لە درێژەی ئەو قسانەدا گوتی کە ئەو چەکدارانە خەریکی بەجێگەیاندنی ئەرکی دیکە بوون و کەوتوونەتە بۆسە و تەنیا بەرگرییان لە خۆیان کردووە.

بەگوتەی ئەو ئەندامەی دەفتەری سیاسی حدک، پێشمەرگەکان خەریکی کۆکردنەوەی پارە و چالاکیی سیاسی بوون. ئەو کارانەشیان بە ئاگاداری حدک ئەنجامداوە. ئەو پێیوایە لە هەلومەرجی ئێستادا، باشتر وایە ئەرک بە رێکخستنە نهێنییەکان بسپێردرێ، نەک پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستانەوە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان بنێردرێنەوە.

بەهۆی هەڕەشەی بەرپرسانی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان، حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە زۆربەیان ئۆرگانیان لە باشووری کوردستان هەیە، ماوەی چەند ساڵێکە دەستبەرداری خەباتی چەکداری بوون جگە لە PJAKی سەر بە PKK، بەڵام ئەویش دوای رێککەوتنی لەگەڵ حکومەتی ئێران و چۆڵکردنی شاخی جاسوسان، هیچ چالاکییەکی چەکداری نەبووە.

لە ساڵانی رابردوودا جارجارە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشمەرگەیان لە چوارچێوەی تیمی بچووکدا رەوانەی رۆژهەڵاتی کوردستان کردووەتەوە. یەکێک لە ئامانجەکانی ئەو تیمانە کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی بووە.

ئەحمەد ساڵحی، ئەندامی دەفتەری سیاسی رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران — کۆمەڵە دەڵێ "حکومەتی هەرێمی کوردستان ماوەی نۆ مانگە یارمەتییە داراییەکانی بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڕیوە". ئەمەش کاریگەری زۆری لەسەر ئەو حیزبانە داناوە.

ئەحمەد ساڵحی سەبارەت بە ناردنەوەی پێشمەرگە بۆ رۆژهەڵاتی کوردستان، پێیوایە ئەو کارە ئێستا قازانجێکی نییە و ئەگەر بە قازانج بووایە ئەوانیش پێشمەرگەیان بەرێ دەکردەوە.

ئەحمەد ساڵحی باس لەوە دەکات کە ئەوان هێشتا بیریان لەوە نەکردووەتەوە بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی، پێشمەرگە رەوانە بکەنەوە. ئەو جەخت دەکاتەوە کە چاوەڕوان دەبن تا بزانن هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە داهاتوودا چۆن دەبێت، ئەوکات بڕیاری خۆیان دەدەن.

بەڵام ئەندامەکەی دەفتەری سیاسی حدک گوتی: لە کۆبوونەوەی داهاتووی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبەکیاندا، یەکێک لەو شتانەی کە باسی دەکرێ، کار لە رۆژهەڵاتی کوردستان و چڕکردنەوەی خەباتە لە ناوخۆی رۆژهەڵاتی کوردستان.

### حدک بەقسەی یەکێتی ناکات

مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان داوای لە حدک کردووە هێزەکانی بە زووترین کات بگەڕێنێتەوە بۆ کەمپەکانی خۆیان لە کۆیە، بەڵام حدک داواکارییەکەی رەتکردووەتەوە.

بەپێی زانیاری (رووداو) یەکێتی چوار جار نوێنەری حدکی لە سلێمانی بانگ کردووە، بەڵام دەفتەری سیاسی حدک تەنیا یەکجار رێگەی داوە نوێنەرەکەی وەڵامی یەکێتی بداتەوە و سەردانیان بکات.

حدک بە یەکێتی راگەیاندووە، ئەوان خۆیان بڕیار لەسەر کاروباری سیاسی و رێکخراوەیی خۆیان دەدەن.

بەرپرسانی حدک دەڵێن هەر ئێستا چەندین مەفرەزەی پێشمەرگەیان لە قووڵایی خاکی رۆژهەڵاتی کوردستاندا هەیە.



# پەرلەمانتارێکی کورد دژی ناردنی چەکە بۆ هەرێمی کوردستان

**سەیدخان کوریژ**
**رووداو- بەرلین**

چەند کوردێکی نێو پارتی چەپی ئەڵمانیا دژی بڕیاری حکومەتی وڵاتەکەیان دەوەستنەوە کە بڕیاری دا چەک بۆ پێشمەرگە لە هەرێمی کوردستان بنێرێت، یەکێک لەوانەی دژایەتی ئەو بڕیارە دەکات پەرلەمانتارێکی کوردە لە هەرێمی دوسلدۆرف.

عەلی ئاتالان، پەرلەمانتاری سەر بە پارتی چەپ کە کوردێکی ئێزدییە و خەڵکی باکووری کوردستانە، ڕەخنە لەو سیاسەتەی پارتەکەی دەگرێت و داوا دەکات بەو هەڵوێستەیاندا بچنەوە سەبارەت بە یارمەتیدانی کورد.

بەڵام سەڤین داگدەلەن کە ئەویش پەرلەمانتارێکی کوردی هەرێمەکەی ئاتالانە، دەڵێت ئەوە ڕای شەخسیی ئەو پەرلەمانتارەیە و ئەو مەسەلەیە لای پارتی چەپ پرەنسیپە.

دوای ئەوەی هێزەکانی داعش هێرشیان کردە سەر قەزای شنگال و ناوچەکانی دەشتی نەینەوا، ئەمریکا و چەند دەوڵەتێکی دیکەی ڕۆژئاوایی بڕیاریاندا بۆ ڕاگرتنی پێشڕەویی داعش بەرەو قوڵایی کوردستان، هاوشانی بۆردومانی ئاسمانی چەک بۆ پێشمەرگە ڕەوانە بکەن. لەنێو ئەو وڵاتانەدا، ئەڵمانیا ئەو پرەنسیپەی شکاند کە نزیکەی 60 ساڵ بوو پەیڕەوی دەکرد و نەیدەهێشت چەک بنێرێتە ئەو وڵاتانەی ئاڵۆزییان تێیدا هەیە. بەڵام کاتێک ئەو بڕیارە لە پەرلەمانی ئەڵمانیا کەوتە بەر مشتومڕ، پارتی چەپ کە زۆر کوردی نیشتەجێی ئەو وڵاتە تێیدا ئەندامن و زۆرجار بیروبۆچوونی کورد وەردەگرێت، لەدژی ناردنی چەک بۆ پێشمەرگە وەستایەوە و ئێستاش کەمپینێکی ڕێکخستووە لەدژی ئەو بڕیارەی حکومەتی وڵاتەکەی.

سەڤین داگدەلەن لەبارەی ئەو هەڵوێستەی پارتی چەپ دەڵێت "پارتی چەپ دژی هەر جۆرە ڕەوانەکردنێکی چەکە بۆ هەر شوێنێکی دەرەوەی ئەڵمانیا. کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەمیی چەک نییە. هەر چەکێک بنێردرێتە ئەو ناوچەیە کێشەکان قووڵتر دەکاتەوە، دەبێت هەموو کاتێک پێشبینی بکرێت کە ئەو چەکەی دەچێتە ناوچەکە بکەوێتە دەستی گرووپە تیرۆریستەکانی وەکو داعش". هەروەها دەڵێت "بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشەیە دەبێت ئەو ئابلوقەیەی لەسەر کورد هەیە هەڵبگیرێت و پشتیوانیکردن لە ڕێکخراوی تیرۆریستیی وەکو داعش ڕابگیرێت".

بەپێی زانیارییەکانی ئەو پەرلەمانتارە کوردە، داعش دەیەوێت هێرش بکاتە سەر شارە گەورەکانی سووریا، بەمەش ملیۆنان مرۆڤ دەکەونە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوون، بۆیە دەبێت ناردنی چەک بۆ ناوچەکە ڕابگیرێت.

هەروەها گوتی "دەبێت ئابڵوقەی سەر PKK و ڕۆژئاوای کوردستان هەڵبگیرێت و سنوورەکان بکرێنەوە. دەبێت ئەڵمانیا پێداچوونەوە بە پەیوەندییەکانیدا بکات، بەتایبەتی لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی کە یارمەتی داعش دەدەن و چەک ڕەوانەی ئەو دەوڵەتانە نەکات. دەبێت ئەو پڕۆژانەی کە لەگەڵ میرنشینە عەرەبییەکاندا ئامادەی کردوون ڕابگیرێن، چونکە بەشێک لەو پڕۆژانە لەو ناوچانە ئەنجامدەدرێن کە لەژێر دەسەڵاتی داعشدان. نابێت ئەڵمانیا ئەوە بکات، چونکە ئەویش بەرپرس دەبێت لە کۆمەڵکوژییەکانی داعش".

ژمارەیەکی زۆر لە پەنابەرانی کورد و عەرەب و کریستیانی ڕۆژئاوای کوردستان و سووریا کە خۆیان گەیاندووەتە ئەڵمانیا، ئێستا لەژێر خێوەتدا لەبارێکی خراپدا دەژین، سەبارەت بە هەڵوێستی پارتی چەپ لە ڕەوشی ئەو پەنابەرانە، پەرلەمانتارە کوردەکە دەڵێت "پارتەکەمان بەردەوام ڕەخنەی لە سیاسەتی نامرۆڤانەی حکومەتی ئەڵمانیا هەبووە. ئێمە داوا دەکەین ئەمڕۆ 100 هەزار پەنابەر وەربگرین و هەر کەسێک کە پێویستی بەوە بێت و بتوانێت بگاتە ئەڵمانیا، واتە دەرگا بۆ هەموو پەنابەران بکرێتەوە. هەروەها داوا دەکەین ئەو کەسانەی کە دێنە ئێرە هەموو مافەکانیان مسۆگەر بکرێن".

کەمپینەکەی پارتی چەپ دژی ناردنی چەکی ئەڵمانی بۆ پێشمەرگە، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لە چەپی کورد و تەنانەت هەندێک لە لایەنگرانی PKKوە پشتگیری دەکرێت.

سەڤین داگدەلەن، کە بەتوندی داکۆکی لە هەڵوێستی پارتەکەی دەکات، ڕەتیکردەوە ئەو هەڵوێستە لەدژی باشووری کوردستان بێت و گوتی "ئەم سیاسەتەی پارتەکەمان دژی هیچ لایەک نییە. ئێمە وەکو حیزب بڕیارمان داوە کە حەز ناکەین ئەڵمانیا چەک بنێردرێتە هیچ وڵاتێک. کێشە کەمیی چەک نییە. داواکردنی چەک لەو وڵاتانە مانای قبوڵکردنی سیاسەتی داگیرکارییە کە تاوەکو ئێستا لە ناوچەکەدا پەیڕەو دەکرێت. هیچ هێزێکی داگیرکار بۆ خێری خۆی چەک ناداتە کەسانی دیکە. ئەڵمانیا بۆ بەرژەوەندی ستراتیژی خۆی چەک ڕەوانە دەکات". گوتیشی "ئەم کەمپینە زۆر گرنگە و دەبێت ئەم کەمپینە ببەسترێتەوە بە دەرکردنی داگیرکەران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە پارتەکەماندا تێڕوانینی جۆراوجۆر هەیە. بەڵام ڕاست نییە ئەگەر مرۆڤ ئەم سیاسەتە بە ئەسڵی کەسەکانەوە ببەستێتەوە".



# ئاوارەکانی کوردستان پارێزگای چوارەمیان دروست کردووە

**فەرمان عەبدولڕەحمان**
**رووداو- هەولێر**

لەناو پارکێکی بچووکی بەردەم ئەپارتمانێکی نیشتەجێبووندا لە گەڕەکی ئاشتی شاری سلێمانی، عاسم ئەلجبوری 57 ساڵ لەگەڵ برایەکی و دوو ئامۆزایدا سەرقاڵی دەمەتەقێ و مشتومڕی سیاسی بوون لەبارەی ڕەوشی ژیانی ئاوارەییان لە هەرێمی کوردستان، عاسم لەگەڵ دوو براکەیدا لە شوقەیەکی 90 مەتریدا دەژین کە کۆی ژمارەی ئەندامانی خێزانەکەیان 13 کەسن و مانگانە بڕی 700 هەزار دینار کرێ دەدەن.

عاسم کە خەڵکی سامەڕایە و لە 24ی تەممووزی ڕابردووەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بووە، گوتی "سوپاسی میهرەبانیی خەڵکی کوردستان دەکەین، بەڵام چیتر بەرگەی سەختیی ژیانی ئاوارەیی ناگرین، چونکە ناتوانین کار بکەین و هیچ سەرچاوەیەکی بژێویشمان نییە، لەهەمان کاتیشدا ناتوانین بشگەڕێینەوە بۆ ناوچەکانی خۆمان".

بارودۆخی خێزانەکەی عاسم بەشێکە لە دیمەنە گشتییەکەی بارودۆخی ئەو سەدان هەزار ئاوارەیەی پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە کە بەهۆی جەنگ و توندوتیژییەکانی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێهێشتووە.

بەپێی ئامارە فەرمییەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، تائێستا نزیکەی 1000 کەمپی تایبەتیان بۆ نیشتەجێکردنی ئاوارەکان دابینکردووە، بەوەش هەرێمی کوردستان چووەتە سەر نەخشەی ئەو ناوچانەی کە خاوەنی زۆرترین کەمپی ئاوارەکانن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا و بە یەکێک لە گەورەترین ئەو ناوچانەش دادەنرێ لە ڕووی داڵدەدانی ئاوارەکانەوە لە دوای کەمپی داداب لە کینیا و دۆلۆدۆب لە ئەسیوبیا و زەعتەری لە ئوردن و بیدا لەباشووری سوودان و عرسال لە لوبنان.

لە بەیاننامەیەکی هاوبەشی حکومەتی هەرێمی کوردستان و نەتەوە یەکگرتووەکاندا کە ڕۆژی 14ی ئەیلول بڵاویانکردەوە، ژمارەی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان تاوەکو سەرەتای مانگی ئەیلول گەیشتووەتە ملیۆنێک و 401 هەزار کەس، بەشێوەیەک لەسەرەتای ساڵی 2014 ەوە هەتاوەکو مانگی ئەیلولی هەمان ساڵ 850 هەزار کەس لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون. لەو ژمارەیە 600 هەزار کەسیان لە نێوان حوزەیران بۆ ئابی 2014دا ئاوارەبوون، دوای ئەوەی چەکدارانی داعش شاری موسڵ و تکریت و چەند شار و شارۆچکەیەکیان لە باکووری ڕۆژئاوا و ناوەڕاستی عێراق داگیر کرد.

بەپێی ڕووپێوییەکی ئاژانسی ئۆکا OCHA کە ئاژانسێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکانە و تایبەتە بە هاوکاریی مرۆیی لە عێراق، دەرکەوتووە لەو 850 هەزار ئاوارە عێراقیەی بەهۆی هێرشەکانی چەکدارانی داعشەوە ئاوارەی هەرێمی کوردستان بوون، 49%یان خەڵکی پارێزگای نەینەوان، 21%یان خەڵکی پارێزگای ئەنبارن، 17%یان خەڵکی پارێزگای سەڵاحەدین و 9%یان خەڵکی پارێزگای بەغدا و 2%یان خەڵکی پارێزگای کەرکووک و هەریەک لە پارێزگاکانی دیالە و بابلیش 1% پێکدێنن.

پێشتر و لەسەرەتای ساڵی 2013شدا نزیکەی 226 هەزار کەس لە سووریاوە پەنایان هێنایە بەر هەرێمی کوردستان، هەروەک پێش 2014ش، 325 هەزار کەسی دیکە لە ناوچە جیاوازەکانی عێراقەوە ڕوویان لە هەرێمی کوردستان کردبوو، بەوەش کۆی ژمارەی ئەو ئاوارانەی لە کوردستان داڵدەدراون ژمارەیان ملیۆنێک و 401 هەزار کەسە.

مەحمود عوسمان، ئەندامی دەستەی باڵای ئاماری هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە هاتنی ئەو ژمارە زۆرەی ئاوارە ئەرکێکی گەورەی خستووەتە سەرشانی حکومەتی هەرێم لەڕووی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی مرۆیی و نیشتەجێکردن و ئاو و کارەبا، بەوەش لەڕووی دابینکردنی خزمەتگوزارییەوە پارێزگایەکی دیکە لە ئاوارە بۆ هەرێمی کوردستان زیاد بووە، مەحمود عوسمان گوتیشی "حکومەتی هەرێمی کوردستان بە هاوکاری ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان توانیویەتی لەئاست ئەو کارەساتە مرۆییەدا بەرپرسانە مامەڵە بکات و تارادەیەکی باش هاوکاری و خزمەتگوزاری پێشکەشی ئاوارەکان کردووە".

ژمارەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا زیادبوونێکی گەورەی بەخۆیەوە بینی و لە 5 ملیۆن و 400 هەزار کەسەوە گەیشتە 6 ملیۆن و 800 هەزار کەس، لەو ژمارەیە 26%یان لە ئاوارەکان پێکهاتوون.

ئەم زیادبوونە وەکو چاودێران ئاماژەی بۆ دەکەن، زیادبوونێکی ناسروشتیە و دابەشبوونی ئاوارەکانیش لە هەریەک لە سێ شارەکەی هەرێمی کوردستان وەکو یەک نییە، بەپێی زانیارییەکانی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق، پارێزگای دهۆک پشکی شێری بەرکەوتووە لە داڵدەدانی ئاوارەکان کە 61%ی ڕێژەی ئاوارەکان لەو پارێزگایە نیشتەجێ بوون، پارێزگای هەولێر 24% و سلێمانیش 16%ی ئاوارەکان تێیدا نیشتەجێ بوون. بەڵام بەپێی ئامارەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارێزگای دهۆک 64% و هەولێر 20%و سلێمانی 16%ی ڕێژەی ئاوارەکانیان بەرکەوتووە.

هەر چۆنێک بێت پارێزگای دهۆک بە هەر حەوت قەزاکەیەوە پشکی شێری بەرکەوتووەو زیاتر لە نیو ملیۆن ئاوارە لەخۆدەگرێت، 89%ی ئاوارەکان تەنها لە مانگی ئابی ڕابردوودا ڕوویان لەو پارێزگایە کردووە.

فەرهاد ئەتروشی، پارێزگاری دهۆک لە لێدوانێکیدا بۆ پێگەی فەرمی حکومەتی هەرێم، ڕایگەیاند حکومەتی عێراق ڕۆڵێکی کەمی بینیوە لە بەهاناوەچوونی ئاوارەکان، سەرەڕای ئەوەی بەڵێنی دابوو یەک بۆ دوو کەمپی گەورە بۆ ئاوارەکان دروست بکات، بەڵام تائێستا هیچ هەنگاوێکی لەو ڕووەوە نەناوە.

ڕۆژی 20ی تەممووزی 2014 ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بڕیاری ژمارە 328ی دەرکرد تایبەت بە پێکهێنانی ژوورێکی ئۆپەراسیۆن لە هەرێمی کوردستان بۆ بەهاناوەچوونی ئاوارەکان، هەر لەو چوارچێوەیەدا بڕی 500 ملیار دیناری تەرخانکرد و بۆ هەر خێزانێکی ئاوارە بڕی ملیۆنێک دیناری عێراقی تەرخان کرد، بەڵام هەتا سەرەتای مانگی ئەیلول، تەنها 32%ی ئاوارەکانی هەرێم ئەو یارمەتیەیان وەرگرتووە، 64%ی ئاوارەکانیش تەنها مامەڵەکانیان وەرگیراوەو 4%یش لە ئاوارەکان بەهۆی کەموکوڕییەوە مامەڵەکانیان ڕەتکراوەتەوە.

ئەمەش ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کە ئاوارەکان پێویستیەکی هەنووکەییان بە هاوکاری مرۆییە، بەتایبەتی ئەوە لەکاتێکدایە کە حکومەتی هەرێمی کوردستان کۆتایی مانگی ئاب لە بەیاننامەیەکدا داوای هاوکاری بەپەلەو خێرای لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی کرد و ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە حکومەتی هەرێم بە تەنیا ناتوانێ ڕووبەڕووی ئەو کارەساتە مرۆییە ببێتەوە.

کێڤن کێندی، جێگری ڕێکخەری کاروباری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق، ڕایگەیاند ئەم قەیرانی ئاوارەبوونە، هاوشێوەی کۆڕەوی ساڵی 1991ی کورد سەخت و دژوارەو دەبێ هەموو لایەک بە هەستێکی لێپرسراوێتییەوە بە دەنگەوەی بێن بەمەبەستی ڕێکخستن و گەیاندنی یارمەتی مرۆیی پێویست.

یەکێک لە مەترسییە هەرە سەرەکیەکانی کە لە بەردەم ئاوارەکاندایە، هاتنی وەرزی زستانە کە بەهۆی دابەزینی پلەی گەرماو سەختیی کەشوهەواوە پێدەچێت بارودۆخێکی قورس چاوەڕێیان بکات، بەوپێیەی هەتا ئێستاش 78%ی ئاوارەکان نازانن چارەنووسیان چی دەبێت و هیچ پلانێکی ئایندەییان نییە بۆ ڕێکخستنەوەی ژیانیان.

ئەو ئامارانە کە لەلایەن ئاژانسی ئۆکا بڵاوکراونەتەوە، ئاماژە بە دۆخی ئاوارەکان دەکەن لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەک 53%ی ئاوارەکان بۆ نموونە لە پارێزگای دهۆک لەنێو خێوەتی ئاساییدان و 27%یان لە نێو شوێنی ئاینی و پارک و قوتابخانەدان و 20%ی ئاوارەکانی پارێزگای دهۆکیش نازانن لە کوێ بمێننەوە.

لەپارێزگای هەولێر 50%ی ئاوارەکان نازانن لە کوێ بمێننەوە و 26%ی ئاوارەکان لە خانووی کرێدان و 12%یان لە پارک و شوێنە ئاینییەکان دەمێننەوەو 12%یشیان لەگەڵ خێزانی دیکەدا دەژین.

هەرچی دۆخی ئاوارەکانیشە لە پارێزگای سلێمانی، 69%یان لە خانووی کرێدان و 24%یان نازانن لە کوێ بمێننەوەو 4%یان تائێستا لە هۆتێلەکان دەمێننەوە و 3%یشیان لەگەڵ خێزانی دیکەدا دەژین.

ئەوە لەکاتێکدایە 45%ی ئاوارەکانی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی هیچ پاڵپشتی و بژێوییەکی داراییان نییە.

لەوبارەیەوە سەرۆکی یەکێتی نێودەوڵەتی کۆمەڵەکانی خاچی سوور و مانگی سوور، ئیف داکور کە هەفتەی ڕابردوو سەردانی هەرێمی کوردستانی کرد و کەمپی خانکێی لە پارێزگای دهۆک بەسەرکردەوە گوتی "بارودۆخی ئاوارەکان نەک تەنها لە کەمپی خانکێ، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکە جێی نیگەرانیە، چونکە بەهۆی ئاڵۆزی و توندوتیژیەکان و بەردەوامیی جەنگەوە پێناچێت وا بە زوویی ئەو ئاوارانە توانای گەڕانەوەیان هەبێ بۆ ناوچەکانی خۆیان، ئەوەش مانای وایە ماوەی ئاوارەییان درێژە دەکێشێ".

ئەو لێدوانەی ئیف داکوور لە کاتێکدایە کە جۆرێک لە نیگەرانی هەیە لەسەر ئاستی شەقامی کوردی بەرامبەر مانەوەی ئاوارە عەرەبەکان لە هەرێمی کوردستان، ئەوەش بە ئاشکرا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی فەیسبووک و تویتەر ڕەنگیداوەتەوە، بەگشتیش ترسی جێگیربوونی ئاوارە عەرەبەکانیان هەیە کە ڕەنگە لەڕووی دیمۆگرافیەوە کاریگەری لەسەر پێکهاتەی دانیشتووانی هەرێمی کوردستان دروست بکەن.

پێدەچێ ئەو ترسە لەوەوە سەرچاوەی گرتبێ کە ئەزموونی جێگیربوونی ئاوارەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست شتێکی نوێ نییە، لەوبارەیەوە دەتوانین ئاماژە بە جێگیربوونی ئاوارە فەلەستینیەکان بکەین لە وڵاتانی دەروبەری، لەوانە ئوردن کە نزیکەی 450 هەزار ئاوارەی فەلەستینی لێ نیشتەجێیە لە 10 کەمپدا، سووریا نزیکەی 450 هەزار ئاوارەی فەلەستینی تێدا نیشتەجێیە لە 11 کەمپدا، لوبنانیش زیاتر لە 200 هەزار ئاوارەی فەلەستینی لێ نیشتەجێیە لە 12 کەمپدا. جێگیربوونی ئەو ئاوارانە لەو وڵاتانەدا، کەمپی ئاوارەکانی وەکو جۆرێک لە گەڕەکی نیشتەجێبوون لێکردووە لە هەریەکە لەو وڵاتانەدا.

سەبارەت بە هەرێمی کوردستانیش دۆخەکە هەرچۆنێک بێت، ئاماژەیەکی بەرچاو هەیە بۆ کارەساتێکی مرۆیی گەورە لە ڕووبەرێکی بەرفراواندا، ئەمەش ئەو ڕاستیەیە کە زۆرینەی بەرپرسە باڵاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکان جەختی لەسەر دەکەنەوە، هاوکات ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەکەن بۆ ئیدارەدانی کاروباری ئاوارەکان.

فالێری ئامۆس، جێگری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان کە ڕۆژی 14ی ئەیلول بەسەردانێک لە هەرێمی کوردستان بوو، ڕایگەیاند "هەرێمی کوردستان پێگەو ناوبانگێکی گەورەو باشی پەیدا کردووە لە نێوەندە نێودەوڵەتیەکاندا، بەوپێیەی یەکێکە لە شوێنە ئارامەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئامێزێکی میهرەبانیش بووە بۆ داڵدەدانی ئاوارەکان، ئەوەش جێگەی ئومێدی ڕێکخراوە مرۆییە نێودەوڵەتیەکانە".




(فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم)

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

## جوتیارانی ڕاپەڕین خەیاریان لێ زیاد دەبێت



**ڕووداو- ڕاپەڕین**

جوتیارانی دەڤەری ڕاپەڕین، بە تایبەتی ئەوانەی خانووی پلاستیکیان هەیە، دەڵێن ئەگەر حکومەت هاوکریان بکات دەتوانن خەیار هەناردە بکەن. لە سنوری ڕاپەرین 315 خانووی پلاستیکی لە لایەن جوتیارانەوە بە بەرهەمی خەیار دادەچێندرێن و ساڵانە نزیکەی 4 هەزار تەن خەیار بەرهەمدەهێنن، جوتیارانی ڕاپەرین دەڵێن، ئەگەر هاوکاری بکرێین دەتوانین بەرهەمی خەیار هەناردەی دەرەوە بکەن. سەردار قادر، کە جوتیارە، دەڵێت 200 خانووی پلاستیکی هەیە، لەوانەیە 150ـی بەرهەمی هەبێت، لەبەرئەوەی نایلۆن و تۆ و پەین گرانە و ناکڕێن".

### حکومەت نایەوێت لە بازاڕ بفرۆشرێتەوە

# بنەتۆی ئەمساڵ تەنیا بۆ جوتیارە پێشکەوتووەکانە

### جوتیارێک: حکومەت تەنیا یارمەتی جوتیارە دەوڵەمەندەکان دەدات

### جوتیاران پێویستیان بە 70 هەزار تۆنە و تەنیا 16 هەزار تۆن گەنمی بنەتۆ دەدرێ



( فۆتۆ: سیڤان محەممەد سەلیم )

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و دابەشکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند، بەهۆی دابەشکردنی بنەتۆی باوەڕپێکراو و زیادبوونی ڕووبەری زەویی بەراو، ساڵ بەساڵ ڕووبەری چێنراوی دانەوێڵە لەزیادبووندایە.

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، لە 5 ساڵی ڕابردوودا ڕووبەری چاندراو لە ملیۆنێک و 937 هەزار دۆنمەوە بۆ دوو ملیۆن و 660 هەزار دۆنم زیادی کردووە. بڕی بەرهەمیش لە 318 هەزار تۆنەوە بۆ 707 هەزار تۆن زیادبووە، پارێزگای هەولێریش بەچاندنی ڕووبەری ملیۆنێک و 33 هەزار دۆنم، پێشەنگی پارێزگاکانی کوردستانە لەڕووی چاندنی گەنم.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و پەسەندکردنی بنەتۆ لە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت، بۆ وەرزی چاندنی گەنم ئەمساڵ بەڕێوەبەرایەتییەکەیان 16 هەزار تۆن گەنمی باوەڕپێکراوی لە جوتیاران کڕیوەتەوە. گوتیشی "بۆ هەریەک لە پارێزگاکانی هەولێر، سلێمانی، دهۆک و ئیداری گەرمیان بڕی 4 هەزار تۆن بنەتۆی گەنممان دابین کردووە، لەناوەڕاستی مانگی داهاتووشدا بەسەر جوتیاراندا دابەشی دەکەین".

بەرپرسانی وەزارەتی کشتوکاڵ پێشبینی دەکەن ئەمساڵیش ڕووبەری زیاتر لە دوو ملیۆن و 600 هەزار دۆنم زەوی لەلایەن جوتیارانەوە بچێنرێت، چاندنی ئەم ڕووبەرەش پێویستی بەنزیکەی 65 تا 70 هەزار تۆن بنەتۆی باوەڕپێکراوی گەنم هەیە.

فاروق عەلی دەڵێت بەهۆی کەمیی بودجە، ئەمساڵ وەزارەتەکەیان نەیتوانیوە وەک پێویست بنەتۆ بۆ جوتیاران دابین بکات، چونکە تێکڕای ئەو 16 هەزار تۆن گەنمەی کە کڕدراوە، لەگەڵ ئەو 1000 تۆن گەنمەی لە لقی توێژینەوە کشتوکاڵیەکان دابینکراوە بۆ چاندن، تەنیا 25%ی پێداویستی چاندن دابین دەکات. گوتیشی "تا ئێمە دەگەینە ئەو قۆناغەی بتوانین 100% بنەتۆی باوەڕپێکراو بۆ جوتیاران دابین بکەین، پێویستە جوتیاران پشت بەخۆیان ببەستن و تۆوی باوەڕپێکراو لە بازاڕەکان بکڕن".

سەبارەت بە مەرجەکانی سوودمەندبوونی جوتیار لە وەرگرتنی بنەتۆ، نەجمەدین حەمەد بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە و دابەشکردنی بنەتۆی پەسەندکراو لەپارێزگای هەولێر گوتی، بەهۆی کەمیی بڕی بنەتۆی دابینکراو، ئەمساڵ لەپارێزگای هەولێر بڕیاریانداوە هۆبە کشتوکاڵیەکان بکەنە دوو بەش، بەشێکیان ئەمساڵ و بەشەکەی دیکەش ساڵی ئایندە گەنمیان پێبدەن، گوتیشی "ئەمساڵ بڕیارمانداوە بنەتۆی گەنم بە پاڵپشتی 40% تەنیا ببەخشینە ئەو جوتیارانەی سەرچاوەی ئاو و ئامێری پرژاندنیان هەیە لە هۆبە کشتوکاڵییەکانی قوشتەپە، عەنکاوە، سەلاحەددین و شەمامک".

ئەمیر خەسرەو، جوتیارێکی گوندی ئاشۆکانی سەر بەناحیەی بەحرکەی شاری هەولێر کە ساڵی ڕابردوو سوودمەند بووە لە وەرگرتنی گەنمی بنەتۆی باوەڕپێکراو، دەڵێت "ئەو گەنمەی ساڵی ڕابردوو لە وەزارەتی کشتوکاڵ وەرمگرت، بڕی بەرهەمی یەک بە سی بوو، بۆیە تا بۆم بکرێت ساڵانە ئەم گەنمە دەچێنم".

ئەو جوتیارە ساڵانە نزیکەی 800 دۆنم زەوی دەکاتە گەنم و دەڵێت "ساڵی ڕابردوو بڕی 110 تۆن گەنمم فرۆشت بەدەزگای توێژینەوە و زیاتر لە 250 تۆن گەنمیشم تەسلیم بە سایلۆ کرد".

بەپێی ئاماری وەزارەتی کشتوکاڵ، هەرێمی کوردستان خاوەنی نزیکەی یەک ملیار و 536 هەزار هێکتار زەوی شیاوە بۆ چاندنی دانەوێڵە، بەڵام لەم ڕووبەرە تەنیا 168 هەزار هێکتار زەوی سەرچاوەی ئاوی هەیە بۆ چاندن.

فاروق عەلی، بەڕێوەبەری بەرهەمهێنانی دانەوێڵە دەڵێت، پێشتر ڕێژەی 10%ی زەوییە کشتوکاڵییەکان سەرچاوەی ئاویان هەبوو، بەڵام بەهۆی پێدانی پێشینە بۆ لێدانی بیر، لەچەند ساڵی ڕابردوودا ژمارەیەکی زۆر بیر لێدراون و ئێستا زیاتر لە 357 هەزار دۆنم زەوی سەرچاوەی ئاویان هەیە. ڕێژەی زەوییە بەراوەکانیش بۆ نزیکەی 20%ی کۆی زەوییە شیاوەکان بۆ چاندن بەرزبووەتەوە.

سەلمان عەزیز، جوتیارێکی گوندی مام چۆغانی سەر بە ناحیەی کەسنەزانە، خاوەنی ڕووبەری 35 دۆنم زەوی کشتوکاڵی دێمییە، ڕەخنەی زۆری لە وەزارەتی کشتوکاڵ و بەرپرسانی دابەشکردنی بنەتۆ هەیە کە جیاوازی لە دابەشکردنی گەنمی بنەتۆ بەسەر جوتیاراندا دەکەن. سەلمان گوتی "وەزارەتی کشتوکاڵ لەجیاتی ئەوەی هاوکاری ئەو جوتیارانە بکات کە کەمدەرامەتن و توانای کڕینی گەنمی باوەڕپێکراویان نییە، دەچێت گەنم دەداتە ئەو جوتیارانەی دەوڵەمەندن و سەرچاوەی ئاو و ئامێری پرژاندنیان هەیە، ئەمەش ئەوپەڕی نادادپەروەرییە".

بەڵام نەجمەدین حەمەد ڕەتیکردەوە تەنیا پاڵپشتی لە جوتیارانی دەوڵەمەند بکەن و گوتی "هیچ جیاوازییەک لە دابەشکردنی بنەتۆ بەسەر جوتیاران ناکەین، بەڵام بەهۆی کەمیی بڕەکە و لەترسی فەوتان، ئەمساڵ بەناچاری دەیبەخشینە ئەو جوتیارانەی کە سەرچاوەی ئاو و ئامێری پرژاندنیان هەیە". گوتیشی "ئەو بنەتۆیەی هەمانە ئەگەر بەسەر هەموو جوتیارانی دابەش بکەین، ڕەنگە هەر یەکێکیان 2 فەردە گەنمی بەربکەوێت، ئەوانیش نایچێنن و لە بازاڕ دەیفرۆشنەوە".

نەجمەدین حەمەد ئاماژەی بەوەدا لەماوەی ڕابردوودا لە ڕێگەی پرۆژەی پاڵپشتیکردنی جوتیاران بەپێدانی بنەتۆی گەنمی باوەڕپێکراو، توانیویانە کوالێتی و بڕی بەرهەم بەرز بکەنەوە، بۆیە پێشنیاز بۆ وەزارەتی کشتوکاڵ دەکات لەکاتی بەرهەم بودجەی زیاتر بۆ پرۆژەکە دابین بکەن بۆ کڕینەوەی گەنمی بنەتۆ، گوتیشی "زەوییە کشتوکاڵییەکانی هەرێمی کوردستان ساڵانە بۆ چاندن پێویستیان تەنیا بە نزیکەی 70 هەزار تۆن بنەتۆی باوەڕپێکراوە، ئەگەر بتوانین ئەم بڕە ساڵانە بەنرخی پاڵپشت بۆ جوتیاران دابین بکەین و ڕێنماییان بکەین بۆ چاندن، دڵنیام بڕی بەرهەم بۆ دوو بەرامبەری ئێستا بەرز دەبێتەوە".

## ڕووبەری چاندراو بە (دۆنم) و بڕی بەرهەمی گەنم بە (تۆن) لەسەر ئاستی پارێزگاکانی کوردستان لە 2009 - 2013

| پارێزگا | 2009 ڕووبەر | 2009 بەرهەم | 2010 ڕووبەر | 2010 بەرهەم | 2011 ڕووبەر | 2011 بەرهەم | 2012 ڕووبەر | 2012 بەرهەم | 2013 ڕووبەر | 2013 بەرهەم |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 715.190 | 107.897 | 793.267 | 214.319 | 973.666 | 142.699 | 540.000 | 99.829 | 1.032.892 | 278.936 |
| سلێمانی | 492.200 | 78.107 | 521.650 | 115.486 | 542.102 | 123.029 | 513.400 | 106.070 | 599.400 | 141.327 |
| دهۆک | 446.863 | 108.210 | 845.288 | 238.451 | 784.978 | 192.571 | 516.685 | 109.687 | 866.410 | 246.759 |
| گەرمیان | 283.125 | 23.568 | 283.125 | 35.522 | 283.125 | 40.452 | 167.324 | 29.917 | 161.595 | 40.052 |
| کۆی گشتی | 1.937.378 | 317.782 | 2.443.330 | 603.778 | 2.583.871 | 498.751 | 1.737.409 | 345.503 | 2.660.297 | 707.074 |

### لە 8 ساڵی ڕابردوودا

# کەمترین پرۆژەی وەبەرهێنان لەکەرتی کشتوکاڵدا بووە

### لەکۆی 716 پرۆژە تەنیا 25 پرۆژەیان کشتوکاڵی بوون



**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند یاسای وەبەرهێنان لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا بەراورد بە سێکتەرە ستراتیژییەکانی دیکە، کەمترین سوودی بەسێکتەری کشتوکاڵ گەیاندووە.

بەپێی ڕووپێویەکی (ڕووداو) بۆ سەرجەم پرۆژە مۆڵەتپێدراوەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە هەشت ساڵی ڕابردوودا، لەکۆی 716 پرۆژە تەنیا 25 پرۆژەیان کشتوکاڵین کە دەکاتە 3.5%ی کۆی پرۆژەکان. ئەم ڕێژەیەش بەراورد بەسێکتەرە ستراتیژییەکانی پیشەسازی، گەشتیاری، بازرگانی و نیشتەجێبوون کەمترین گرنگیی پێدراوە.

حسێن حەمەکەریم، بەڕێوەبەری گشتی ڕەزگەری و دارستان لەهەرێمی کوردستان دەڵێت "لەکۆی ئەو 25 پرۆژە کشتوکاڵیەش تەنیا 12 پرۆژەیان جێبەجێ کراون، 13 پرۆژەکەی دیکە بەهۆکاری جیاواز گرێبەستەکانیان هەڵوەشاوەتەوە یان جێبەجێ نەکراون".

بە قسەی ئەو بەڕێوەبەرە، ئەو ئامارانە دەریدەخەن کە یاسای وەبەرهێنان کاریگەری نەبووە لەسەر گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ. ئەو دەڵێت "ئەگەر حکومەت ستراتیژ و دیدگایەکی ڕوونی بۆ گەشەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ هەبووایە ئێستا لە زۆربەی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان دەگەیشتینە ئاستی خۆبژێوی".

پسپۆڕانی ئابووری پێیانوایە سەرکەوتنی پلانی وەبەرهێنان لە هەر وڵاتێک بەندە بەبوونی هاوسەنگیی وەبەرهێنان لەسێکتەرەکاندا و دیاریکردنی هێڵی ستراتیژی بۆ ئەولەویەتی کار لە سێکتەرەکاندا.

ئیدریس ڕەمەزان پسپۆڕی ئابووری و مامۆستای زانکۆ پێیوایە سێکتەری کشتوکاڵ یەکێکە لەسێکتەرە ستراتیژییەکان، چونکە پێشکەوتنی بەندە بەگەشەپێدانی ژێرخانی ئابووریی وڵات و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک، بۆیە ئەرکی حکومەت و دەستەی وەبەرهێنانە هاوشێوەی سێکتەرەکانی دیکە پلانی تایبەتی بۆ هاندانی وەبەرهێنان لەم سێکتەرەدا هەبووایە. ئەو شارەزایەی ئابووری دەڵێت "لەپۆلێنکردنی پرۆژەکاندا بۆمان دەردەکەوێت کەرتی کشتوکاڵ پشتگوێخراوە و ئامانجی حکومەتیش لەپرۆژەکاندا بەدەستهێنانی قازانج بووە، چونکە زۆرترین سەرمایەی بۆ سێکتەری نیشتەجێبوون دابینکردووە، ئەمەش بەفیڕۆدانی پارەی دەوڵەت و بەهەدەردانی زەوی کشتوکاڵییە نەک گەشەپێدانی ژێرخانی وڵات و دابینکردنی ئاسایشی خۆراک".

ناوبراو یاسای وەبەرهێنانی بە یاسایەکی لاواز وەسفکرد "چونکە هەموو سێکتەرەکان بەیەک پێوەر دەخاتە بەردەم وەبەرهێن بێ ئەوەی ڕەچاوی هاوسەنگیی پرۆژە لە سێکتەرەکاندا بکات، بێگومان لەم حاڵەتەشدا وەبەرهێن ئەو سێکتەرە هەڵدەبژێری کە قازانجی خێرای لێ دەستدەکەوێت". دارا جەلیل خەیات، کە سەرمایەدارە و لە هەمانکاتدا سەرۆکی ژووری بازرگانیی هەولێریشە، دەڵێت تاوەکو حکومەت دەروازەکانی هەرێمی کوردستان بۆ هاوردەکردنی بەرهەمی کشتوکاڵی بەم شێوەیەی ئێستا واڵا بکات و ئامادە نەبێت ئاسانکاری زیاتر بۆ وەبەرهێنان لەم کەرتە بکات، نابێت چاوەڕێی پرۆژەی زیاتر لەم کەرتەدا بکات، گوتیشی "ئەگەر حکومەت بیەوێت پرۆژەی زیاتر لە کەرتی کشتوکاڵ بەرهەم بێت، دەبێت ڕۆتین بۆ وەرگرتنی پرۆژە لەم کەرتە کەمبکاتەوە و قەرزی درێژخایەن ببەخشێ و هەوڵی ئەوەش بدات کۆمپانیای هاوبەش دروستبکات".

زۆرترین سەرمایەی وەبەرهێنان بەر سێکتەری پیشەسازی و نیشتەجێبوون کەوتووە کە هەردووکیان بە یەکەوە 63.04%ی سەرمایەی وەبەرهێنان پێکدێنن، بەڵام 25 پرۆژەکەی وەبەرهێنان لە کەرتی کشتوکاڵدا تەنیا 1.68%ی سەرمایەی وەبەرهێنان پێکدێنن.

د.تاڵب موراد، ڕاوێژکاری سەرۆکی حکومەت بۆ کاروباری کشتوکاڵ و ئاسایشی خۆراک، دەڵێت "ئاسایشی خۆراک لای بەرپرسانی باڵای هەرێمی کوردستان هەرگیز جێی بایەخ نەبووە، بۆیە بەتەنگ وەبەرهێنانەوە نەبوونە لەم کەرتە".

ئەو ڕاوێژکارەی سەرۆکی حکومەت گوتیشی "ئێمە زیاتر لە 94%ی بەرهەمی کشتوکاڵ هاوردە دەکەین، بەم هۆیەشەوە ساڵانە دەیان ملیار دۆلار لەم وڵاتەدا دەچێتە دەرەوە، بەڵام کەس گوێ بەمە نادات و لەجیاتی گرنگیدان بەکەرتی کشتوکاڵ بۆ زیادکردنی بەرهەم، حکومەت سەرمایە لە کۆنکریت و بیناسازی خەرج دەکات".

ئەو ڕاوێژکارە ڕەخنەی لە حکومەت گرت لە دانانی وەزیرەکانی کشتوکاڵ لە کابینەکانی حکومەتدا و گوتی "لە کۆی 18 وەزیری کشتوکاڵ لە ساڵی 1992ەوە تاوەکو ئێستا، تەنیا یەک وەزیریان پسپۆڕی کشتوکاڵ بووە، ئەوانی دیکە هەموو مامۆستا و مەلا و بازرگان بوون، دیارە بەمانەش کشتوکاڵ پێشناکەوێت".

سامان عارەب سادق، بەڕێوەبەری گشتی کاروباری یاسایی و کارگێڕی و دارایی لەدەستەی وەبەرهێنان دەڵێت، بەپێی یاسای وەبەرهێنان، وەبەرهێن سەربەستە لەوەی لە چ سێکتەرێک وەبەرهێنان دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەساڵی 2012 ەوە وەک سیاسەتی حکومەت، پاڵپشتی تایبەت لە سێکتەرەکانی پیشەسازی، گەشتیاری و کشتوکاڵ دەکەین.

بەبڕوای سامان عارەب، وەبەرهێن کەمتر پێشوازی لەسێکتەری کشتوکاڵ دەکەن، چونکە وەبەرهێن هەمیشە سەرمایەکانی لەو سێکتەرانە دەخاتەکار کە قازانجی خێرا دەکەن، کەرتی کشتوکاڵیش درێژخایەنە و ئەو تایبەتمەندیەی نییە، هۆکاری دووەمیش گرفتی دواکەوتنی دابینکردنی زەوییە بۆ پرۆژەکان لەم کەرتەدا، چونکە زۆرجار جوتیاران ڕێگرن لەوەی پرۆژە لەسەر زەوییەکانیان جێبەجێ بکرێت بێ قەرەبووی ڕاستەخۆ.

## پرۆژە مۆڵەت پێدراوەکانی دەستەی وەبەرهێنان لە1/8/2006 تاوەکو 7/9/2014

| سێکتەر | ژمارەی پرۆژە | سەرمایە (ملیۆن دۆلار) | سێکتەر بۆ سەرمایە % |
|---|---|---|---|
| پیشەسازی | 183 | 12.785.30 | % 30.53 |
| نیشتەجێبوون | 164 | 13.614.32 | % 32.51 |
| گەشتیاری | 129 | 6.582.64 | % 15.72 |
| بازرگانی | 115 | 5.088.96 | % 12.15 |
| تەندروستی | 41 | 1.023.12 | % 2.44 |
| کشتوکاڵ | 25 | 704.16 | % 1.68 |
| پرۆژەکانی دیکە | 59 | 2.077.84 | % 4.95 |
| کۆی گشتی | 716 | 41.876.34 | % 100 |

ڕووداو
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

هەماهەنگی لەنێوانیاندا نییە

# 29 هێزی جیاواز لە سنووری کەرکووکدا هەن

**هیوا حوسامەددین**
**ڕووداو- کەرکووک**

بەپێی بەدواداچوونێکی (تۆڕی میدیایی ڕووداو)، 29 هێزی جیاواز لە سنووری پارێزگای کەرکووک هەن، کەچی هێشتا شارەکە لە هێرش و پەلاماری چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام بەدوور نییە کە هەموو جارێک بەرپرسیارێتی خۆیان لە تەقینەوەکان ڕادەگەیێنن. سەرچاوەیەکی ئەمنیش لەو شارە دەڵێت "هاتنی خۆبەخشە شیعەکان بۆ کەرکووک، داعشی لەم سنوورە چالاک کردووە".

دوایین تەقینەوە کە لە شاری کەرکووک ڕووی دا، هەینی ڕابردوو بوو کە مەیدانی چەکفرۆشانی لە بازاڕی حەسیرەکە کردە ئامانج و دواتریش داعش ڕایگەیاند کە ئەوان ئەو هێرشەیان ئەنجامداوە.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئێستا 48%ی ڕووبەری پارێزگای کەرکووک لە ژێر دەسەڵاتی داعشدایە و لەو ڕووبەرەشدا 22%ی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە هەن کە بەشێکیان هاوکاریی ئەو چەکدارانە دەکەن.

لەو ناوچانەی داعش تێیاندا باڵادەستە، چوار بنکەی پۆلیس و سێ لیوا و هەشت فەوجی سوپای عێراق هەبوون کە بە هەموو کەرەستە و چەک و تەقەمەنییەوە کەوتوونەتە دەستی داعش.

هەرچەندە تەواوی دەروازەکانی هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و پیادە بە ئاراستەی شاری کەرکووک بەڕووی ئەو چەکدارانەدا داخراوە، بەڵام ماوە توانای ئەنجامدانی تەقینەوەی گەورەیان هەیە، تەنانەت لە نێو جەرگەی شاری کەرکووک.

ئەحمەد عەسکەری، ئەندامی لیژنەی ئەمنیی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک، پێیوایە ئەو هەماهەنگییەی لەسەر ئاستی سەرەوە لەنێو حیزبەکاندا هەیە، شۆڕ نەبووەتەوە بۆ خوارەوە "ئەمەش بووەتە هۆکاری تێچوونی دۆخی ئەمنیی کەرکووک و وایکردووە هاونیشتیمانیان لەبەر نەبوونی متمانە هیچ زانیارییەک بە لایەنە ئەمنییەکان نەدەن".

بە بۆچوونی عەسکەری، ئێستا داعش کار لەسەر شانە نووستووەکانی دەکات لە نێو شاری کەرکووک و سەرچاوەی هەواڵگری هێزە ئەمنییەکانی کەرکووکیش لە نێو ئەو گرووپەدا نییە، هەروەها بوونی گەندەڵی و دژایەتی دەزگا ئەمنییەکانیش لەلایەن بەشێکی عەرەبەکانەوە هێندەی دیکە داعشی بەهێز کردووە.

سەرەڕای ئەوەی زیاتر لە 10 بازگەی پشکنین هەیە لە دەوروبەری شاری کەرکووک، بەڵام هێشتا تەقینەوە لە نێو شاری کەرکووک ڕوودەدات.

پاراستنی ئەمنیەتی دەرەوەی شاری کەرکووک بە پۆلیسی قەزاو ناحیەکانی کەرکووک سپێردراوە کە 13 بنکەی پۆلیسی هەیە لە ناوچەکانی پردێ، شوان، دوبز، سەرگەڕان، قەرەهەنجیر، لەیلان، تازە، تۆپزاوە، یایجی و داقووق، بەڵام ئەم هێزە پێیوانییە ئەوان هۆکاری خراپبوونی دۆخی ئەمنیی کەرکووک بن. عەمید سەرحەد قادر، بەڕێوەبەری پۆلیسی قەزا و ناحیەکانی کەرکووک دەڵێت "ئەو ئۆتۆمبێل و بۆمبانەی لە شاری کەرکووک دەتەقێنەوە هیچ کامیان لە دەرەوەی شارەوە ناهێنرێن، لەبەر ئەوەی لە سەرگەڕانەوە تاوەکو داقووق ڕێگای هاتوچۆی ئۆتۆمبێل و پیادەش نییە". گوتیشی "دەبێت لە بەرپرسە ئەمنیەکانی ناوشار بپرسرێت سەرچاوەی ئەم تەقینەوانە لە چ شوێنێکە و کێ بەدوای ئەو شانە نووستووانەی داعشدا دەگەڕێت کە لەناو شار چالاکی دەکەن و کێ هۆکارە لە تەقینەوەکان؟".

لە نێو شاری کەرکووک چەند هێزێکی ئەمنی هەن کە پێکدێن لە پۆلیسی ئامادەی کەرکووک، پۆلیسی ناوشار، پۆلیسی پاراستنی داو و دەزگاکانی حکومەت، پۆلیسی نەهێشتنی تاوان، دەزگای هەواڵگری، ئاسایشی نیشتیمانیی عێراقی و بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی کەرکووک، ئاسایشی یەکێتی، ئاسایشی پارتی، دەزگای پاراستن، دژە تیرۆر لەگەڵ 8 بنکەی پۆلیسی گەڕەکەکان. هەروەها پۆلیسی کارەبای چەمچەماڵ و پۆلیسی چەمچەماڵ لە شارەکەدا هەن. زۆرجاریش تەقینەوەکان لە نزیک بنکە و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس ڕوودەدەن.

سەرچاوەیەکی ئەمنی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بوونی چەکدارە خۆبەخشەکانی شیعە لە کەرکووک، هۆکاری سەرەکی تەقینەوەکانی کەرکووکن، چونکە ئامانجی یەکەمی چەکدارانی داعش خۆبەخشە شیعەکانە، بۆیە دوای هاتنی چەکدارە شیعەکان بۆ سنووری کەرکووک، چەکدارەکانی داعش هێرشەکانیان لە کەرکووک زیاتر کردووە".

بەبڕوای ئەو سەرچاوەیە "مانەوەی چەکدارە شیعەکان لە سنووری کەرکووک مەترسی لەوە گەورەتری لێدەکرێت کە لە توانای هەموو بنکەکانی پۆلیس و لایەنە ئەمنییەکان گەورەترە، چونکە هیچ لایەنێکی ئەمنی ناتوانێت ڕووبەڕووی کردەوەی خۆکوژی ببێتەوە".


(فۆتۆ: ڕۆیتەرز)

### داعش نەیارەکان لە کەرکووک کۆدەکاتەوە

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، 29 جۆر هێزی جیاواز لە سنووری پارێزگای کەرکووک هەن کە پێکدێن لە هێزی پێشمەرگە، سوپای عێراق، پێشمەرگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، PKK، پاسداران و خۆبەخشە شیعەکان، هەندێک لەو هێزانە نەیاری یەکدین، بەڵام یەک ئامانجیان هەیە، ئەویش لێدانی داعشە.

عەمید هیوا عەبدوڵڵا، گوتەبێژی هێزەکانی پێشمەرگە لە سنووری کەرکووک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو هێزانە لە کەرکووک نەیاری یەکدی نین، بەڵکو لەوە تێگەیشتوون کە داعش مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ناوچەکە و وڵاتەکانی ئەوانیش، هەر بۆیە هاتوون لەدژی داعش شەڕ دەکەن، هەریەک لەو هێزانەش بەجۆرێک ڕۆڵی خۆی دەگێڕێت".

سەبارەت بەو تەقینەوانەی لەنێو سەنتەری شاری کەرکووک ڕوودەدەن، ناوبراو گوتی "ئێمە وەکو پێشمەرگە هێزێکی پشتیوانین و هاوکاری لایەنە ئەمنییەکانی کەرکووکین و هیچ پەیوەندییەکمان بە تەقینەوەکانی ناو شارەوە نییە، لەبەر ئەوەی تەواوی ڕێگاکانی ژێر دەسەڵاتی ئێمە کۆنترۆڵ کراون و خەندەقی ئەمنی کەرکووکیش ڕێگرییەکی تەواوی کردووە لە دزەکردنی ئۆتۆمبێلی بۆمبڕێژکراو".



تەنیا چوار سەربازیان کوژراون

# کاکەییەکان خۆیان بە سەلامەتترین کەمینە دەزانن

**جەمال ئەحمەد جەمیل**
**ڕووداو- سلێمانی**

کامەران و خێزانەکەی ماوەی نزیکەی مانگێکە لە کەرکووک گیرساونەتەوە و چاوەڕوانی ڕۆژێک دەکەن هەواڵێکی خۆشیان پێبگات. هەواڵە خۆشەکە بۆ ئەوان گەڕانەوەیە بۆ گوندەکەیان و دەستکردنەوەیە بە ژیانی ئاسایی. بەڵام هەموو ئەو کاکەییانەی وەک کامەران ئاوارە بوون، دۆخێکی دەروونیی باشتریان هەیە و نەکەوتوونەتە دەست چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش).

کاتێک گوێ لە چیرۆکی ئێزدی و شەبەک و مەسیحییە ئاوارەکان دەگریت و بەراوردیان دەکەیت بەو چیرۆکانەی کاکەییەکان، هەست دەکەی ئێش و ئازاری ئاوارەیی بۆ ئەمان سووکترە. چونکە هەرنەبێ، فرمێسک بۆ کەسانێک ناڕێژن کە لەدەستیانداون یان کەوتوونەتە بەردەم چەقۆکانی ئەوان "ئێمە فریای خۆمان کەوتین، نەمانهێشت چەکدارانی داعش بگەنە سەرمان".

کاتێک چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام لە ناوەڕاستی مانگی حوزەیرانی ڕابردوودا دووەم گەورەترین شاری عێراقیان لەماوەی کەمتر لە 40 کاژێردا کۆنترۆڵ کرد، مەسیحییەکانی نیشتەجێی ئەو شارە کەوتنە بەر هەڵمەتێکی گەورەی ڕاگواستن و دەستبەسەرداگرتنی موڵک وماڵیان. دوای ئەوەش کە چەکدارە توندڕۆکان ئاراستەی هێرشکردنیان لە بەغداوە گۆڕی بۆ کوردستان، کوردی ئێزدی بەتایبەتی لە شنگال و دەوروبەری کەوتنە بەر دڕندانەترین پەلامار. بەڵام ئێزدییەکان بوونە وانە بۆ خەڵکی کاکەیی کە وەک ئارام کاکەیی دەڵێ "کاکەییەکان لەڕووی دەستدرێژیی چەکدارانی داعشەوە لەچاو نەتەوە و ئاینەکانی دیکە لەوانەیە کەمترین زیانیان پێگەیشتبێ".

لەسنووری خازر 5 گوندی کاکەیی کەوتنە دەستی چەکدارانی داعش، بەڵام پێش گەیشتنی ئەوان کاکەییەکان گوندەکانیان چۆڵکرد.

باوە حەیدەر و باوە یادگار و شاهەیاس، ئەو (مەقام)انەن کە لەلایەن چەکدارنی داعشەوە تەقێنرانەوە، ئەو شوێنانە بەلای کاکەییەکانەوە پیرۆزن و هەمیشە شوێنی پڕپایەخی ئاینیی بوون.

سامی ڕەفعەت، ئەندامی ئەنجومەنی قەزای داقووق کە کوردێکی کاکەییە، دەڵێت تەنیا لەسنووری پارێزگای موسڵ دەستدرێژی کراوەتە سەر شوێنە پیرۆزەکانیان "هیچ ئافرەتێکی کاکەیی نەڕفێنراوە و دەستدرێژی نەکراوەتە سەر". بەڵام ئارام کاکەیی دەڵێت 4 گەنجی کاکەیی کە لەڕیزی سوپای عێراقدا بوون، کەوتوونەتە دەست چەکدارانی داعش، ئارام ئەو سەربازانەی بە پێشمەرگە ناودەبرد "لەنێو کاکەییەکاندا تەنیا ئەو 4 پێشمەرگەیەمان بوونەتە قوربانی، نازانین هێشتا زیندوون یان نا".

بەلای ئێزدییەکانەوە پەرستگای لالش بە پیرۆزترین شوێن دادەنرێ و شوێنی حەجی شوێنکەوتووانی ئەو ئاینەیە، شوێنی پیرۆزی کاکەییەکانیش زیارەتگای (پردیوەر)ە کە گۆڕی سوڵتان ئیسحاقی لێیە و بە شوێنی حەجی کاکەییەکان دادەنرێ.

سامی ڕەفعەت، شوێنی حەجی کاکەییەکان بە پارێزراو دەزانێت لە دەستی چەکدارانی داعش، لەبەرئەوەی کەوتووەتە نێو سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە "هەرکات دەستی چەکدارانی داعش گەیشتە ئێران، ئەوکات مەترسی لەسەر شوێنی حەجی کاکەییەکان دروست دەبێت".

بەپێی سەرژمێرییەکی نافەرمی کە ساڵی 2004 لەلایەن کاکەییەکان خۆیانەوە بۆ خەڵکی کاکەیی ئەنجامدرا، ژمارەیان نزیکەی 100 هەزار کەس بووە، بەڵام کاکەییەکان ئەو سەرژمێرییە بەناکامڵ دەزانن، چونکە کاکەییەکانی بەغدا و مەندەلی تێدا ئەژمار نەکراوە، ئەوان وا مەزەندە دەکەن کە ژمارەیان نزیکەی 150 هەزار کەسە لە عێراقدا، زۆربەی ئەم ژمارەیەش کەوتوونەتە سنووری پارێزگای کەرکووک و بەتایبەت قەزای داقووق.

ئارام کاکەیی، دەڵێ کاکەییەکان لەچاو شوێنکەوتووانی ئاین و ئاینزاکانی دیکەی عێراق و هەرێمی کوردستان کەمترین زیانیان پێگەیشتووە، هۆکاری ئەوەش دەگەڕێنێتەوە بۆئەوەی کە چەکدارانی داعش کەمتر دەستیان گەیشتووە بەو ناوچانەی کاکەییەکانی لێ نیشتەجێن.


(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

رووداو
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

# ئەڵمانیا داعشێکی ئەورووپی دادگایی دەکات

**دەنیز سەرنجی**
**رووداو- دانیمارک**

هاووڵاتییەکی ئەڵمانی کە تۆمەتبار کراوە بەوەی پەیوەندی بە دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش)ەوە کردووە، لە ئەڵمانیا دادگایی دەکرێت، ئەمەش یەکەم کەیسی لەو جۆرەیە لە دادگایەکی ئەڵمانیدا.

هاووڵاتییە ئەڵمانەکە ناوی کرێشنیک بەریشایە و تەمەنی 20 ساڵە، بە رەچەڵەک خەڵکی کۆسۆڤۆیە. ئەگەر دادگا تۆمەتەکەی پشتڕاست بکاتەوە، ئەوا کرێشنیک رەنگە 10 ساڵ زیندانی بکرێت.

هۆرست سالزمان، داواکاری گشتی لە دادگا ئەڵمانییەکە، لە راگەیاندراوێکدا دەڵێت "کرێشنیک ویستوویەتی دەوڵەتێکی ئاینی لەسەر بنەماکانی شەریعە دابمەزرێنێت. بۆ ئەو مەبەستەش سۆزی داوە. ئامادە بووە بۆ ئامانجەکەی خۆی بەکوشت بدات."

کرێشنیک لە مانگی تەمموزی ساڵی 2013 لە رێگەی تورکیاوە لەگەڵ چەند کەسێکی ئیسلامی توندڕەو بۆ سووریا چووە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە داعشەوە بکات.

دادگاکە بە کرێشنیکی راگەیاندووە کە ئەگەر ئامادە بێت بە تەواوەتی دان بە تۆمەتەکانیدا بنێت، ئەوا لە بەرامبەردا دادگا سزاکانی بۆ سووک دەکات.



ئەڵمانیا هەموو جۆرە چالاکییەکی لایەنگرانی داعشی لە وڵاتەکەیدا قەدەغە کردووە. لە ئەڵمانیا ئێستا بەکارهێنانی هێماکانی داعش و خۆپیشاندان و پارە کۆکردنەوە بۆ داعش و کەمپینی پشتگیری بۆ ئەو رێکخراوە لەسەر ئینتەرنێت قەدەغەن.

رۆژی 12ی ئەم مانگە، تۆماس دە مایزیری وەزیری ناوخۆی ئەڵمانیا رایگەیاند "ئێمە رێگە نادەین ئیسلامیستە توندئاژۆکان بیری جیهادی خۆیان بهێننە نێو وڵاتەکەمان".

بەپێی راپۆرتێکی رۆژنامەی دێر شپیگڵ، پۆلیسی ئەڵمانیا 140 کەیسی تاوانی لە دژی گومانلێکراوانی سەر بە داعش کردووەتەوە.

نزیکەی 400 هاووڵاتی ئەڵمانی لە ریزەکانی داعش و رێکخراوە ئیسلامیستە توندڕەوەکاندا دەجەنگن، دەگوترێت 100 چەکداریش گەڕاونەتەوە نێو خاکی ئەڵمانیا.

داعش کە دوو ساڵ لە سووریا دژی رژێمی بەشار ئەساد دەجەنگا، لە مانگی حوزەیرانی ئەمساڵدا رووی کردە عێراق و شاری موسڵی کۆنترۆڵ کرد. چەکدارەکانی ئەو رێکخراوە، کە زۆریان لە وڵاتانی رۆژئاواوە هاتوون، لە رێگەی سنوورەکانی سووریاوە خۆیان گەیاندووەتە عێراق.

هەفتەی رابردوو لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا هاوپەیمانییەکی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمریکا پێکەوەنرا بۆ ئەوەی هاوکاری هێزە عێراقی و کوردییەکان بکرێت لە شەڕی دژە داعشدا. بەڵام لە کۆبوونەوەکەی پاریس باس لە هیچ هەوڵێکی لەو جۆرە لە نێو خاکی سووریادا نەکرا.

هەواڵی قەدەخەکردنی چالاکی بۆ داعش و دادگاییکردنی کرێشنیک، دڵی کوردی ئەو وڵاتەی خۆشکرد، بە تایبەتی ئێزدییەکان.

رۆژین سلێمان کەسوکارەکەی لەگەڵ ئەو چەند هەزار ئێزدیەی سەر چیای شنگال ئاوارە بوون، ئەو دەڵێت "ئازار دەچێژم کە گوێم لێ دەبێت داعش لێرەش هەن". هەروەها دەڵێت "لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە بەرەو ئەڵمانیا هەڵاتووین لەبەر چەوساندنەوە، بەڵام دەبینی ئەم توندڕەوانە وا لێرەشن."

مانگی رابردوو یەکێکی دیکە لە خزمەکانی رۆژین لە شاری هێرفۆردی ئەڵمانیا هێرشی کرایە سەر. پۆلیس دەڵێت هێرشبەرەکان لایەنگری داعش بوون و هێرشەکەش ئەنجامی ئەو رووداوانەیە کە یەک کیشوەر لە دووری ئەڵمانیا و لە عێراق و سووریا روودەدەن.

رووداوەکە دواتر پەرەی سەند و پۆلیس ناچار بوو هێز بنێرێت و گازی فرمێسکرێژ بەکار بهێنێت بۆ ئارامکردنەوەی دۆخەکە.

دواتر پۆلیس زانیاری زیاتری دەربارەی رووداوەکە بڵاوکردەوە و رایانگەیاند کە هێرشەکە لەلایەن شەش پیاوی چیچانییەوە ئەنجامدراوە و پیاوەکانیش هەواداری داعشن.

هێرشەکە دوای ئەوە هات کە خاوەنی دووکانێکی پیتزا فرۆشی ئێزدی پۆستەرێکی بۆ پشتگیریکردن لە خۆپیشاندانێکی دژی داعش بە پەنجەرەی دووکانەکەیدا هەڵواسیبوو.

## دوای سەربڕینی رۆژنامەنووسان رێنمایی تازە دەردەکات

### بۆ ئەوەی رۆژنامەنووسان خۆیان بە کوشت نەدەن

# وێنە و ڤیدیۆکانی شەڕی داعش ناکرێت

**فازڵ هۆرامی**
**رووداو- هەولێر**

دوای ئەوەی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی ناسراو بە داعش چەند رۆژنامەنووسێکیان سەربڕین و گرتەی ڤیدیۆیی ئەو تاوانەیان بڵاوکردەوە، ئەو پرسیارە لەناو میدیا جیهانییەکاندا هاتووەتە ئاراوە کە ئایا چەند رەوایە ئەو وێنانە بڵاوبکرێنەوە.

هەر بەو بۆنەیەوە چەندین میدیای بەناوبانگی جیهانی وەک BBC، رۆیتەرز، ئەسۆشێیتد پرێس و فرانس پرێس کۆبوونەوە بۆ ئەوەی چارەسەرێک بدۆزنەوە.

بەرپرسی بەشی هەواڵی جیهانی ئاژانسی فرانس پرێس میشێلێ لێ ریدۆن لە بابەتێکدا ئەو کێشە هەستیارە شرۆڤە دەکات و چەند بڕیارێکی نوێی ئاژانسەکەی ئاشکرا دەکات.

میشێلێ لێ ریدۆن دەڵێت گرنگە فرانس پرێس هاوسەنگییەک رابگرێت لە نێوان چەند خاڵێکدا: ئەرکی ئاگادارکردنەوەی خەڵک، پاراستنی ژیانی پەیامنێرەکان، نیگەرانیی ئاژانسەکە بۆ پاراستنی کەرامەتی ئەو کەسانەی لەلایەن توندڕەوەکانەوە لە ڤیدیۆ پێشان دەدرێن و هەروەها نابێت ئاژانسی فرانس پرێس لەلایەن گرووپە توندڕەوەکانەوە وەکو ئامرازێک بەکاربێت بۆ گواستنەوەی پەیامی رق و توندوتیژیی ئەوان.

### سووریا مەترسیدارترینە

کۆمیتەی پاراستنی رۆژنامەنووسان (CPJ) سووریا بە "مەترسیدارترین" وڵات دادەنێت بۆ رۆژنامەنووسان. کۆمیتەکە دەڵێت لە کاتی دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی سووریا لە ئاداری 2011 تا ئێستا 70 رۆژنامەنووس لە سووریا کوژراون و 80 رۆژنامەنووس رفێندراون و 30 رۆژنامەنووسیش بێ سەروشوێنن.

فرانس پرێس هێشتا نووسینگەی لە دیمەشق هەیە کە لەلایەن کارمەندە سوورییەکانی ئاژانسەکەوە سەرپەرشتی دەکرێت، بەڵام لە مانگی ئابی 2013وە هیچ رۆژنامەنووسی نەناردووە بۆ ئەو شوێنانەی سووریا کە لەلایەن چەکدارانی دژی بەشار ئەسەدەوە کۆنترۆڵ دەکرێن لەبەر مەترسیداربوونیان.

فرانس پرێس دەڵێت لە هاوینی 2013وە چیدی نە وێنە و نە ڤیدیۆی لە پەیامنێرە مەیدانییە سەربەخۆکانی سووریا نەکڕیوە بۆ ئەوەی هانیان نەدات ژیانیان بخەنە مەترسییەوە.

فرانس پرێس دەڵێت لە هەمانکاتدا بڕیاری داوە رۆژنامەنووس نەنێرێت بۆ سووریا، لە کاتێکدا بەردەوامن لە ناردنی رۆژنامەنووس بۆ ئەو شوێنانەی شەڕیان تێدایە وەک عێراق، ئۆکراین و غەززە. بەڵام بۆ پاراستنی ژیانی رۆژنامەنووسەکانیان راهێنانیان پێدەکەن و هەروەها پێداویستی خۆپاراستنی وەکو خودە و گوللەبەندیان بۆ دابین دەکەن.

چونکە رۆژنامەنووسان ناتوانن لەو شوێنانە کە گرووپی داعشی لێیە کار بکەن، تەنیا سەرچاوەی زانیاری ئەو ڤیدیۆیانەن کە گرووپەکە بڵاویان دەکاتەوە، ئەو ڤیدیۆیانەش زۆر جار دیمەنی نامرۆڤانە و بێبەزەییانەی تێدایە، بۆیە بەکارهێنانی ئەو وێنانە سەر ئێشەی زۆری بۆ ئاژانسەکان دروستکردووە، زۆر لە چاودێرانی بواری راگەیاندن پێیانوایە بڵاوکردنەوەی ئەو دیمەنانە دەچنە خانەی خزمەت بەم گرووپە توندڕەوە.

"کاتێک کە ڤیدیۆیەکمان بەدەست دەگات، سەرەتا دەبێت بزانین ئەم ڤیدیۆیە لە کوێ گیراوە و چۆن گەیشتووەتە دەستمان. دواتریش ئاژانسی فرانس پرێس ئەو ڤیدیۆیانە بڵاوناکاتەوە کە دروستکراون بە مەبەستی پرۆپاگەندە، هەر بۆیەش ئەو چەند ڤیدیۆیەی داعشمان بڵاونەکردووەتەوە کە سەربڕینی چەند کەسێکی رۆژئاوایی پێشان دەدات".

میشێلێ هەروەها دەڵێت "ئێمە هەوڵ دەدەین وێنەیەک لەو قوربانیانە پیشان بدەین کە کەرامەتی ئەوان لە کاتی گیان لەدەستدانیان نەشێوێنێت. زۆرجار وێنەیەکی کۆنی ئەوان پیشان دەدەین".

هەندێک لە میدیاکان کە ڤیدیۆی سەربڕین و توندوتیژیی ئەم گرووپە توندڕەوانە بڵاودەکەنەوە، بیانوو دەهێننەوە و دەڵێن ئەوە راستییەکە ئەگەرچی توندوتیژی قیزەونانەی تێدا بەکارهاتووە. ئەمە بڕیارێکی قورسە بۆ هەموو ناوەندەکانی میدیا، بەڵام فرانس پرێس ئەو ڤیدیۆیانە بڵاوناکاتەوە، چونکە ئەو قسانەی کە ئەو دیلانە دەیانکەن لە ژێر فشاردا لێیان وەردەگیرێت.

هەروەها فرانس پرێس بڕیاری داوە کە دەستەواژەی "دەوڵەتی ئیسلامی" بەکارنەهێنێت و لەمەولا دەڵێن "گرووپی دەوڵەتی ئیسلامی" یان "رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی". هەروەها بە چەکدارەکانیان دەڵێن "جیهادییەکانی دەوڵەتی ئیسلامی".

میشێلێ دەڵێت ناتوانرێت لە رێگەی فشارەوە ئاژانسێکی نێودەوڵەتی وەک فرانس پرێس ناچار بکرێت دەستەواژەی نابابەتی "تیرۆریست" بەکاربباتو ناکرێ ناوی ئەو رێکخراوانە کە بۆ خۆیان هەڵیانبژاردووە بشێوێنرێت.

بە بڕوای ناوبراو بەکارهێنانی ناوی دەوڵەتی ئیسلامی بە دوو هۆکار ناتەواوە: یەکەم ئەم گرووپە دەوڵەتی نییە و سنووری نییە کە لەلایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە بە فەرمی ناسرابێت. دووەم زۆر لە موسڵمانان باوەڕیان وایە کە رەفتارەکانی ئەم گرووپە هیچ پەیوەندییان بە ئاینی ئیسلامەوە نییە.



## ژەنەراڵ مارتن دێمپسی:

# زەحمەتە سوپای عێراق و پێشمەرگە بتوانن موسڵ بگرنەوە

**یەریڤان سەعید**
**رووداو- واشنتن**

ژەنەراڵ مارتن دێمپسی، سەرۆکی دەستەی ئەرکان و راوێژکاری سەرەکی سەرۆک ئۆباما بۆ کاروباری سەربازی بە کۆنگرێسی وڵاتەکەی راگەیاند، ئەگەر ئەو ستراتیژەی ئێستا گیراوەتەبەر بۆ تێکشکاندنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) سەرنەکەوێ، ئەوا ئەگەری رەوانەکردنەوەی هێزی سەربازیی ئەمریکا بۆ عێراق دوور نابێت.

ژەنەراڵ مارتن بانگێشتی کۆنگرێس کرابوو بۆ ئەوەی باس لە ستراتیژ و هەوڵەکانی ئۆباما بۆ تێکشکاندنی داعش بکات. لەبەردەم پانێڵەکەی کۆنگرێسدا جەنەراڵ مارتن گوتی "بە بۆچوونی من ئەم هاوپەیمانیەی کە ئێستا پێکهاتووە کارێکی گونجاوە. پێموایە ئەم بۆچوونەی من پشتڕاست دەبێتەوە".

ئەو هەروەها گوتی "بەڵام ئەگەر ئەم بۆچوونەی من هەڵە دەرچوو و هەڕەشە لەسەر ئەمریکا هەبوو، ئەوا من دەگەڕێمەوە بۆ لای سەرۆک و پێشنیازی خۆمی بۆ دەکەم. رەنگە ناردنی هێزی زەمینی سوپای ئەمریکاش بەشێک بێت لەو پێشنیازانە".



وتەکانی ژەنەڕاڵە ئەمریکیەکە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەم هێرشی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا بۆ سەر مۆڵگە و بارەگاکانی داعش لە باشووری رۆژئاوای بەغدا.

ئەو هێرشە ئاسمانییە "لەوە زیاتر بوو کە خەڵکی خۆمان بپارێزین، یان هاوکاری مرۆیی پێشکەش بکەین. ئەم هێرشە بۆ لێدانی ئامانجەکانی داعش بوون، لە کاتێکدا کە هێزە عێراقییەکان لە پێشڕەویدان". پێنتاگۆن ئەمەی لە نووسراوێکدا و لەسەر ماڵپەڕی فەرمی خۆی راگەیاند. راگەیەندراوەکە هەروەها دەڵێت ئەو هێرشە بەشێک بوو لە ستراتیژی ئەمریکا بۆ لە ناوبردنی توندڕەوەکان.

وەزیری بەرگری ئەمریکاش، چەک هەیگڵ لە بەردەم لیژنەی خزمەتی سەربازی لە سێناتی ئەمریکا ئامادەبوو. ئەو لە وتەیەکدا رایگەیاند کە ستراتیژەکەی ئەمریکا چوار بەشی سەرەکی لە خۆدەگرێت، ئەوانەش هەڵمەتی هێرشی ئاسمانی بەرفرە و زیادکردنی هاوکاری بۆ هێزە عێراقییەکان و رێگریکردن لە هێرش لە ناوخۆی ئەمریکا، هەروەها بەردەوامی دان بە هاوکارییە مرۆییەکان.

بەڵام هەیگڵ ئەوەشی نەشاردەوە کە "تێکشکاندنی داعش پێویستی بەزیاتر لە تەنیا هەوڵی سەربازی هەیە. ئەو کارە پێویستی بە پێشڤەچوونی سیاسی لە ناوچەکە و هەبوونی هاوبەشی کاریگەرە لە عێراق و سوریا".

ئەوجارێکی دیکە جەختی لە وتەکانی ئۆباما کردەوە و گوتی ئەمریکا "رووبەڕووبوونەی سەربازی" لە عێراق ئەنجام نادات. بەڵام لە بری ئەوە "راوێژکارە ئەمریکییەکان هاوکاری هێزە ئەمنییە عێراقی و هێزە کوردییەکان دەکەن و پشتگیری لە پلانەکانی حکومەت دەکەن تا هێزی گاردی نیشتیمانی دووبارە بنیات بنێتەوە و هاوکاری سوونەکان بکەن کە داعش تێک بشکێنن".

بە وتەی هەیگڵ ژمارەی راوێژکارە ئەمریکییەکان و ئەفسەرانی هەواڵگیری ئەمریکا لە عێراق 1600 کەس دەبێت دەچنە هەولێر و بەغدا بۆ راوێژکردن و هاوکاریی هێزە عێراقی و کوردییەکان.

تا ئێستا ئەمریکا 162 هێرشی ئاسمانی لە عێراق ئەنجامداوە. فەڕەنساش رۆژی هەینی رابردوو یەکەم هێرشی ئاسمانی کردە سەر مۆڵگەکانی داعش لە عێراق.

لە کاتی ئامادەبوونیدا لە کۆنگرێس، ژەنەڕاڵ مارتن گوتی هێرشی ئاسمانی ئەمریکا لە دژی مۆڵگەکانی داعش دەچێتە چوارچێوەی "رووبەڕووبوونەوەی سەربازییەوە" بەڵام سەربازانی ئەمریکا لەسەر زەوی کاریان جیاواز دەبێت و رۆڵی ئەوان "رۆڵێکی راوێژکاری سەربازی" دەبێت.

ئەو ژەنەڕاڵە باڵادەستەی ئەمریکا کۆنگرێسی دڵنیا کردەوە کە ئەگەر بارودۆخە گۆڕانکاری بەسەردا بێت و پێویستی بە هەنگاوی جیاواز هەبێت ئەوا جارێکی دیکە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی گۆڕانکاری دروستکردنی پێ بدرێت.

ئەو گوتی "بۆ نمونە ئەگەر هێزە عێراقی و کوردییەکان ئامادەبوون موسڵ بگرنەوە، ئەمە کارێکی زۆر ئاڵۆز دەبێت، لەبەرئەوە رەنگە پێویست بکات کە هەنگاوێکی دیکە بگیردرێتەبەر بۆ ئەوەی راوێژی سەربازی لە نزیکەوە پێشکەش ئەو هێزانە بکرێت، یان رەنگە پێویست بکات لەگەڵ ئەو هێزانەدا بین".

ژەنەڕاڵ مارتن هەروەها گوتی ئەگەرێکی دیکە ئەوەیە کە هێزی تایبەتی ئەمریکا لەگەڵ هێزە کوردی و عێراقییەکان رەوانە بکەین.

هێزی سەربازی ئەمریکا لە ساڵی 2003 چوونە عێراق و کۆتاییان بە دەسەڵاتی رژێمی سەدام حوسێن هێنا و دواتر لە کۆتایی ساڵی 2011 لە عێراق کشانەوە.

هیوا میرزا سابیر، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی:

# یەک مانگ دانراوە بۆئەوەی یەکگرتوو گۆڕانکاری لەنێوخۆیدا بکات



چارەکە سەعاتێک بوو لە سلێمانییەوە گەڕابووەوە کە (ڕووداو) ئەم هەڤپەیڤینەی لەگەڵ سازکرد. یەکێک بوو لە بەشدارانی کۆنفرانسی یەکگرتووی ئیسلامی کە لە سلێمانی بەڕێوەچوو. پێش بەستنی کۆنفرانسەکە، ئەو ماوەی چەند مانگێک بوو دەستی لەکارکێشابووەوە، بەڵام لەلایەن مەکتەبی سیاسییەوە قبووڵ نەکرابوو. هیوا میرزا سابیر، کارگێڕی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی لەم هەڤپەیڤینەدا دەڵێت بڕیار دراوە یەکگرتوو لەنێو خۆیدا چاکسازی بکات و سیستەمی سزا پێڕەو بکات بۆ کادیرەکانی و دانی بەوەشدا نا کە حیزبەکەی بەرامبەر بە بادینان "ناحەقی کردووە".

هەڤپەیڤین: هێڤیدار ئەحمەد

**ڕووداو: ئەم کۆنفرانسە چی لەنێو یەکگرتوو دەگۆڕێ؟**

**هیوا میرزا:** لەڕاستیدا ئەم کۆنفرانسە لە دوای کۆنگرەی شەش هات، چونکە لە ناوچەکە دۆخێکی ناجێگیر هەیە. ئەم کۆنفرانسە دوای ئەو ڕووداوانە دەیخواست هەڵسەنگاندنێک بۆ کارەکانی خۆی بکات و چەندین ڕاسپاردەی دەرکرد و بڕیاردرا کە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە نزیکترین کاتدا کۆببێتەوە بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە. وا دەزانم خاڵە لاوازەکانی قۆناغی ڕابردوو چارەسەر دەکەین.

**ڕووداو: خاڵە لاوازەکانی یەکگرتوو چین؟**

**هیوا میرزا:** یەکێک لەو خاڵانەی جێی ڕەخنە بوو لە کۆنفرانس، هەستمان بەوە دەکرد کە ئەو چاوەڕوانییەی لە یەکگرتوو دەکرا پێویستە زیاتربێت. هەر لەسەرەتاوە یەکگرتوو ڕۆڵی باشی بینی لە ڕووی فیکری و هەڵوێستەوە و خەڵکیش سەرسامیی زۆری بە یەکگرتوو هەبوو، بەڵام لە دوو هەڵبژاردنی ڕابردوودا ئەو چاوەڕوانییە وا دەرنەچوو، یەکگرتوو دەنگەکانی کەمیکرد. هەموو ئەو ڕەخنانە و خاڵە لاوازەکان گەڵاڵەکران بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێن.

**ڕووداو: ڕاستە بەهۆی گۆڕانکاری لە پۆستی ئەمینداری گشتی یەکگرتوو، ئەو حیزبە تووشی ئەو کێشانە بووە؟**

**هیوا میرزا:** وای نابینین بەهۆی گۆڕانکاری لە پۆستی ئەمیندار ئەو کێشانە هاتوونەتە پێش، بەڵکو ئەو ئاڵوگۆڕە بە سەروەری هەژمار دەکەین. بەشێک لەو کێشە و گرفتانە، گرفتی قۆناغی پێشوو بوون کە پێویست بوو یەکگرتوو چارەسەریان بکات. لەم خولەدا هەر کە دەستبەکار بووین دوای کۆنگرەی شەشەم دوو پرۆسەی هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان هاتنە پێش و سەرکردایەتی یەکگرتووش بەو هەڵبژاردنانەوە سەرقاڵ بوون، بۆیە بڕیارمان داوە کە لەم چوار ساڵەی داهاتوودا هەڵبژاردن نییە، ئەو بوارانەی کە زیاتر ڕەخنەی لەسەر هەبوو لە نێو خۆی یەکگرتوودا گۆڕانکاری تێدا بکەین و لە نێو یەکگرتوودا چاکسازی بکەین.

> ئەو چاوەڕوانییەی لە یەکگرتوو هەبوو وا دەرنەچوو

**ڕووداو: گۆڕانکاری و چاکسازی لە چیدا دەکەن؟**

**هیوا میرزا:** گۆڕانکاری مەبەستمان لە کاراکردنی دەزگای بەدواداچوونە و ڕێکخستنەکانی ئێمە چاوەڕوانی زۆریان لەو دەزگایە کرد کە هەستێت بەکارەکانی و ڕۆڵی هەبێ لە چاودێریکردنی ئەدای هەموو سەرکردایەتی لە ئەمیندارەوە تاوەکو هەموو ئەندامانی سەرکردایەتی و خاڵە لاوازەکانیان ئاشکرا بکات و بە باشییەکانیش بڵێ باش و دەستخۆشییان لێبکرێ. بۆیە یەک مانگ دانراوە وەکو مەرج بۆئەوەی لەماوەی ئەم مانگەدا سەرکردایەتی یەکگرتوو گۆڕانکاری لەو خاڵانەدا بکات کە جێی ڕەخنە بوون.

> بەشێک لەو کێشانەی یەکگرتوو کێشەی پێشوو بوون

**ڕووداو: ئەو خاڵانە چین؟**

**هیوا میرزا:** ئەو تەوەرانەی قسەمان لەسەر کرد 9 تەوەرە بوون. نێوخۆی حیزب، لەسەر ئاستی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی، دەستەی باڵای بەدواداچوون، مەکتەب و مەڵبەند، ئەدای سیاسی یەکگرتوو، پەیوەندییەکانی یەکگرتوو، دارایی، ڕاگەیاندن، هەڵبژاردن، پرۆژەی هاوکاریی ئیسلامی، پەرلەمانتار و بەشداریی یەکگرتوو لە حکومەت کە چۆن ڕۆڵی خۆی ببینێ و بۆ هەر بوارێک پێشنیاری خۆی هەبووە کە چۆن ڕۆڵی ئەو دەزگایانە کارا بکرێ.

**ڕووداو: هیچ گۆڕانکارییەک دوای کۆنفرانسەکە لەنێو یەکگرتوودا دەکرێ؟**

**هیوا میرزا:** بێگومان گەشبینم، وەکو تاکێک ڕەخنەی زۆرم هەبوو، بەڵام ئێستا زۆر دڵخۆشم بەو ڕاسپاردانەی لە کۆنفرانسەکە دەرچوون. لەیەکەم کۆبوونەوەی سەرکردایەتی یەکگرتوو کە هەڵبژاردن دەکات بۆ یاریدەدەرانی ئەمیندار و مەکتەبی سیاسی و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی مەکتەب و مەڵبەندەکان. هەندێ ڕاسپاردەش هەیە کاری بۆ دەکرێ بۆ کۆنگرەی داهاتوو کە قسە لەجیاکردنەوەی دەعوەو سیاسەت دەکرێ. دەبێ یەکگرتوو بەشی شێری کارەکانی خۆی بۆ نێوخۆی حیزب و بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و پەروەردە بەکاربهێنێ.

**ڕووداو: دەگوترێ لە کۆنفرانسەکەدا ڕەخنە لە ئەدای ئەمینداری گشتی یەکگرتوو گیراوە، ڕەخنەکان چی بوون؟**

**هیوا میرزا:** ڕەخنەیەکی بەوشێوەیە نەبووە. ئەمینداری ئێمە ئەمیندارێکی بەهێز و کارایە. سوپاس بۆ خوا لەو دوو ساڵەدا کە پڕ لە ڕووداو بوو، ئەمینداری ئێمە بە ئەزموونێکی تازەوە هاتووە و بەباشی کاری خۆی کردووە. لەبەر ئەوە پرسیار و ڕەخنە کە دروست بووە لە هەڵوێستی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دروست بووە، ئەویش بەشێکە لەو سەرکردایەتییە و هەموومان بەرپرسیارێتییەکەی قبووڵ دەکەین.

**ڕووداو: لە کۆنفرانسەکەدا چ داوایەک بە دیاریکراوی لە ئەمیندار هەبوو؟**

**هیوا میرزا:** یەکێک لەو شتانە داوا لە ئەمیندار و مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کرا کە بایەخێکی سەرەکی بدرێ بە دامەزراوەکردنی دەزگاکانی. یەکگرتوو کە باسی پێکەوە ژیان و میانڕەوی و دیموکراسی دەکات، دەبێ بنەماکانی ئیدارەی خۆمان بە دامەزراوەیی بکەین و سیستەمی پاداشت و سزا پێڕەو بکەین.

**ڕووداو: واتە لە نێو یەکگرتوودا سزا دەبێ؟ سزاکە چی دەبێ؟**

**هیوا میرزا:** بەڵێ سزا دەبێ و ئەوەشی سزا دەدرێ لە کۆڕێکدا باسی دەکەین کە فڵان مامۆستا کەمتەرخەمی کردووە بۆیە سزا دەدرێ.

**ڕووداو: گوتاری ئەمیندار لە کۆنفرانسدا دەگوترێ زۆر درێژ بوو، ئەو گوتارە کێشەکان و سیاسەتی یەکگرتووی ڕوون کردەوە؟**

**هیوا میرزا:** ئەو گوتارە بە هەماهەنگی لە نێوان مەکتەبی سیاسی و ئەمیندار نووسراوەو گوزارشتی لە سیاسەتی یەکگرتوو کرد.

**ڕووداو: مادام مەکتەبی سیاسی و دەستەی کارگێڕی و ئەنجوومەنی سەرکردایەتی و خودی ئەمیندار هەموو خەریکی ئەو گوتارە بوون، ئەی چۆن لە گوتارەکەدا دەڵێ ئەمڕۆ ڕۆژی جیهانیی ئاشتییە، لەکاتێکدا ئەو ڕۆژە ڕۆژی ئاشتی نەبوو، هەروەها دەڵێ دەبێ خۆمان بۆ هەڵبژاردنەکانی 2016 ئامادە بکەین، کەچی هیچ هەڵبژاردنێک لە 2016دا نییە بەڵکو لە 2017دایە. هەمووتان بەهەڵەدا چووبوون؟**

**هیوا میرزا:** ئەمە کەی کێشەیە، ئەو گوتارە پڕبوو لە بابەتی باش، بەڵام سوپاستان دەکەین و جاری داهاتوو ئەو کێشەیە چارەسەر دەکەین و دووبارە نابێتەوە.

**ڕووداو: کەی سەرکردایەتی یەکگرتوو لە دوای کۆنفرانس دادەنیشێ و ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی دەکرێ بە چەند، چونکە داواکارییەک هەیە ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو کەم بکرێنەوە؟**

**هیوا میرزا:** لەم یەک دوو هەفتەیەدا دادەنیشن. پێشنیاز هەبوو بکرێ بە حەوت و هەبوو بکرێ بە نۆ، هەشبوو داوای دەکرد وەکو خۆی 12 ئەندامی مەکتەبی سیاسی بمێنن. خۆم یەکێک بووم لەوانەی لەگەڵ چەندین برا و خوشک پڕۆژەیەکمان پێشکەش کرد کە یەکێک لە خاڵەکانی ئەو پرۆژەیە ئەوە بوو ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بکرێتە 9 ئەندام و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەموو بێنە هەولێر و لە هەر دەڤەرێک یەک ئەندامی مەکتەبی سیاسی بمێنێ کە نوێنەرایەتی ئێمە بکات. پێویست ناکات لە دەڤەرێک شەش ئەندامی مەکتەبی سیاسیمان هەبێ. ئەندامانی مەکتەبی سیاسیش کە لە هەولێر بن هەمیشە سەرقاڵ دەبن و ئەوانەی دەبنە ئەندامی مەکتەبی سیاسی ناکرێ وەزیر و پەرلەمانتار و پۆستی حکومەتیان هەبێ، بۆ ئەوەی خۆیان بۆ کاری حیزبی تەرخان بکەن و لە کۆنفرانسیش ڕای زۆرینە لەسەر ئەوە بوو، بەڵام ئەوە لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی دەنگی لەسەر دەدرێ.

> پێشنیازم کرد ژمارەی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بکرێتە 9 ئەندام

> لە مەسەلەی دانانی وەزیرەکان بۆ بادینان ناحەقی کراوە

**ڕووداو: پێش کۆنفرانس دەست لەکارکێشانەوەی خۆت لە مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو پێشکەش کردبوو. چۆن بوو گەڕایتەوە؟**

**هیوا میرزا:** دەستم لەکارکێشابووەوە لەبەر هەندێ ئەدای حیزبی و ئیداری و سیاسی خۆمان، بڕیاریشم دابوو ئەگەر گۆڕانکاری نەکرێ ئیدی پۆستی مەکتەبی

> دەبێ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی هەموو بێنە هەولێر

سیاسی نەگرمەوە دەست. بەڵام کاتێ دەبینم ئەو پرۆژەیەی پێشکەشمان کرد زۆربەی زۆری ئەو داوایانەی هەمانبوو کەوتنە چوارچێوەی ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسەکە. ئێستا بە برادەرانم گوتووە هەر پۆستێک بەمن بسپێرن ئامادەم. چونکە بڕیارمانداوە ئەو داوایانە جێبەجێ بکەین. بەدواداچوون و چاودێری دەکەین تاوەکو بزانین چەندیان جێبەجێ دەکرێن.

**ڕووداو: سەلاحەدین بەهائەدین ئەمینداری پێشووی یەکگرتوو بەشداربوو لە کۆنفرانسەکە، هیچ پێشنیازی هەبوو؟**

**هیوا میرزا:** مامۆستا سەلاح لەو کۆنفراسەکەدا هیچ قسەیەکیشی نەکردووە.

**ڕووداو: دەگوترێ یەکگرتوو لەدابەشکردنی پۆستەکانی حکومەت لەنێوان ئەم ناوچەیە و ئەو ناوچەیە غەدر دەکات، بەتایبەتی لە بادینان؟**

**هیوا میرزا:** لەدانانی کەسەکان لێرەو لەوێ قسە دەکرێ، بەڵام بۆ ئەو بابەتە یاسایەکمان داناوە لە نێو یەکگرتوو کە ئیدی هیچ کێشەیەک ڕوونەدات. لەمەولا بڕیارماندا دابەشکردنی پۆستەکان لە دەڤەرەکان یان بە گوێرەی دەنگی هەڵبژاردن یان بە گوێرەی ژمارەی ئەندامانی ڕێکخستن دەبێ. بۆ نموونە لە هەڵبژاردنەکاندا بادینان چەندی هێنا ئەوندە پۆستی بەربکەوێ و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئیدی هیچ کەسێک قسە نەکات. ڕاستە لە مەسەلەی دانانی وەزیرەکاندا ناحەقی لە بادینان کرا بۆیە بڕیارماندا پێداچوونەوە بکەین.

**ڕووداو: بۆ کۆنفرانسەکە لە سلێمانی بوو، کادیرانی یەکگرتوو لە دهۆک دەڵێن ئێمە دەنگی زیادمان هێنا و خۆڕاگرتر بووینە لە ناوچەکانی دیکە، کەچی کۆنفرانسەکە لە سلێمانی بوو. بۆ لە دهۆک نەبوو؟**

**هیوا میرزا:** زۆر تەفسیر دەکرێ بەڵام هیچ ڕاست نییە. لەبەرئەوەی لە سلێمانی ئەو هۆڵە هەرزان بوو، بۆیە لەوێ کرا.

**ڕووداو: ڕاستە بادینان لە نێو یەکگرتوو داوای لامەرکەزیەتی کردووە؟**

**هیوا میرزا:** لە بادینان گوتیان لامەرکەزیەت بۆ ئێمە پێویستە. پەرەمان پێدا و سەرکردایەتی دەڤەرەکانمان دامەزراند، بەڵام ئەو ئەزموونە سەلماندی کە ئەمە لەکاری حیزبیدا زۆر خزمەت ناکات و قەناعەتم هەیە دەبێ لە کاری حیزبیدا مەرکەزیەت هەبێ.

## پۆستی پارێزگاری سلێمانی

**ڕووداو: بۆچی خۆتان لە کێشەی پۆستی پارێزگاری سلێمانی یەکلایی ناکەنەوە. ئەوەتا پارتی خۆی یەکلایی کردووتەوە و دەڵێ دەنگ بە گۆڕان دەدەین، لە چی دەترسن؟**

**هیوا میرزا:** یەکگرتوو هەر لەسەرەتاوە گوتوویەتی بێلایەنی لە کێشەکانی نێوخۆ، پارتی و یەکێتی سەرەتا زۆر هەوڵیاندا ئەملا و ئەولا بە ئێمە بکەن، بەڵام سەرینەگرت. ئێمە تەحەمولی ئەوە ناکەین بڵێین لیستی خزمەت بووە هۆی دروستبوونی کێشە لە سلێمانی.

**ڕووداو: لە چی دەترسن، لە یەکێتی؟**

**هیوا میرزا:** هەموو شتێک لە نێو حیزبەکانی کوردستان پێشبینی کراوە تاوەکو پێکدادانیش. نەوەڵڵا هیچ ترسێکی یەکێتیمان نییە و ناترسین. ترسی ئێمە لە بەرژەوەندیی گشتییە. ئێمە لە قۆناغێک قسەمان کردووە کە زۆر هەستیار بووە.

**ڕووداو: گۆڕان لە سلێمانی یەکەم بووە، بۆچی پاڵپشتی ناکەن؟**

**هیوا میرزا:** وای نابینین گۆڕان لەبەری بڕوات و حکومەتەکەی سلێمانی پێکبهێنرێ، لەگەڵ گۆڕانیش ئەوەمان باسکردووە، ڕاستە ئەوە ئیستیحقاقی ئەوانە کە زۆرینەن. بەڵام کە کارێک لەبەر تۆ ناڕوات دەبێ لەبەر بەرژەوەندیی گشتی سازش بکەی. گوتوومانە ئەوە کێشەیەکە و دەبێ لە نێوان گۆڕان و یەکێتی چارەسەر بکرێ.

**ڕووداو: هەندێ لە کادیرانی گۆڕان دەڵێن ئەو هەڵوێستەی یەکگرتوو دووفاقییە، لەگەڵ ئێمە ئۆپۆزسیۆن بوونە و داوای گۆڕانکارییان کردووە و دەیانگوت دەبێ لەڕێگەی دەنگدانەوە ئاڵوگۆڕی دەسەڵات بکرێ، کەچی ئێستا پێچەوانەکەی دەکەن؟**

**هیوا میرزا:** ئەوە قسەیەکی بێ جێیە. لە سەردەمی ئۆپۆزیسیۆنیش لەسەر هەموو شتێک موتەفیق نەبووین تەنیا لەشەش پاکێجەکە نەبێ. ئێمە و گۆڕان لەیەکدی دوور نین و هەرچیمان هەیە بە یەکدی دەڵێین. بەڵام ڕوئیای خۆمان دیارە و دەزانین چی دەکەین.

**ڕووداو: بەڵام ئێوە پۆستی پارێزگار بە مافی گۆڕان نازانن؟**

**هیوا میرزا:** مەرج نییە هەموو جار مافی خۆت دەستبکەوێ. جا لە هەرێمی کوردستان و عێراق هەر بە ڕواڵەت بڕوایان بە دیموکراسی هەیە. لەم وڵاتانە نابێ ئەوەندە پەلەمان لە گۆڕانکاری بێت.

ڕووداو
هونەری
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

## کازم ساهیری کوردی لە عەرەب ئایدڵە



**ڕێکەوت سەلام- هەولێر**

عەمار کوفی، کە بە کازم ساهیری کوردی ناوی دەبردرێت، لە چەند ڕۆژی ڕابردوو لە سێیەم وەرزی پرۆگرامی عەرەب ئایدڵ بەشداری کردووە و توانی لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەک زیاتر لە 300 هەزار بینەر لە خۆی کۆبکاتەوە. عەمار کوفی بە (ڕووداو)ی گوت "دڵخۆشم کە توانیم ببمە جێگای سەرنجی بینەران لە یەکەم دەرکەوتنم لە پرۆگرامی عەرەب ئایدڵ. سەبارەت بە ناوهێنانی کوردستان لە بەرنامەکەدا کوفی دەڵێت "من خەڵکی زاخۆم بە شانازییەوە من کوردم ئەوە شتێکی ڕاستییە و لە پرۆگرامەکانی داهاتووش گۆرانی بە زمانی کوردی دەڵێم".

### بە جلی ژێرەوە بەشداری پێشبڕکێی شاجوان دەکات

# کچێکی کورد لە 20 جوانترینەکانی کەنەدایە



### ژیانی پرووشە بۆ ئەوە باشە بکرێتە فیلم

**ڕووداو- کەنەدا**

یەکێک لە کاندیداکانی شاجوانی ساڵی 2014ی نەتەوەکانی کەنەدا کچێکی کوردبوو، ئەو هەرچەندە لە پێشبڕکێیەکە دەرنەچوو، بەڵام بە یەکێک لە 20 کچە جوانەکانی کەنەدا دەستنیشانکرا.

پرووشە حوسێن، لە دایکبووی هەرێمی کوردستانە و ئێستا لەگەڵ دایک و باوکی، کە دوو منداڵی دیکەشیان هەیە لە کەنەدا دەژین، پرووشە نێوەنجییەکەیانە. پرووشە خوێندنی تەواوکردووە و لە کۆمپانیایەکی تایبەت بە نەرمەکاڵا کاردەکات. ئەو دوای بەشداری کردنی لەو پێشبڕکێیە وەڵامی پرسیارەکانی ماڵپەڕی شاجوانی نەتەوەکانی کەنەدای داوەتەوە و دەڵێت "زۆر حەزم لە ریسکە".

پرووشە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی بە باشی دەزانێت. ئەو دەڵێت "حەزێکی قووڵم هەیە بۆ گەشتکردن. لەدوای تەواوکردنی خوێندنیش بە ئەورووپادا گەڕام". پرووشە زۆر حەزیشی لە خوێندنەوەیە و ئارەزوویەکی دیکەشی هەیە "زۆر حەزم لەوەیە سەگەکەم ببەمە دەرەوە یان لە چێشتخانەکان نان بخۆم".

پرووشە زۆر حەزی لە وەرزشە. جاران یاریی تۆپی پێ و تۆپی سەبەتەی دەکرد "بەڵام ئێستا زۆرتر حەزم لە باڵەی سەر دەریا و تێنسە لە هاویناندا". پرووشە دەڵێ ئەو کەسەی دوای دایک و باوکی زۆرترین کاریگەریی لەسەر ئەو هەبووە، خوشکە گەورەکەی بووە "من بە دایکی دووەمم بانگی دەکەم. ئەو شیرینترین و خۆنەویستترین کەسە کە دەکرێ بیناسیت. ئەگەر لەوسەری دنیا لێم بقەومێت تەنیا تەلەفۆنێک بۆ ئەو بکەم چارەسەرم پێدەڵێت و هێمنم دەکاتەوە".

یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم کچانی کوردستان بۆ بەشداری کردن لە پێشبڕکێیە نێودەوڵەتییەکان بۆ شاجوان، دەرکەوتنیانە بە جلی ژێرەوە، بەڵام پێدەچێت پرووشە ئەو کێشەیەی نەبێت و لەو پێشبڕکێیەدا بە جلی ژێرەوە دەرکەوت و چەندین وێنەشی بەو جۆرە جلانەوە بڵاوکردووەتەوە.

ساڵی 2012 پرووشە لەگەڵ تیمێکدا دەچنە ئەمریکای لاتین و لەوێ سێ خانوو بۆ هەژاران دروستدەکەن. پرووشە لەو بارەوە دەڵێت "زۆر شانازیم بەوەوە دەکرد کە ئەندامی ئەو تیمە بووم. چونکە ئەوە تەنیا ئەزموونێک نەبوو بۆ گۆڕان لە ژیانمدا، بەڵکو کەسانی وام لەو تیمەدا ناسی کە تاوەکو ئێستا نزیک ماونەتەوە لێم".

پرووشە هەرگیز بیرەوەریی ئاوارەبوونی خۆی و خانەوادەکەی بیرناچێتەوە کە لە باشووری کوردستانەوە ڕۆیشتوون "ئێمە بە سواری ئەسپ لە عێراقەوە رامانکرد بۆ ئێران و دوایی لەماوەی جەنگی کەنداودا چووینە تورکیا. ئینجا لە تورکیاوە چووینە یۆنان و لەوێ دوو ساڵ ژیاین. بەدواشیدا هاتینە کەنەدا. ئەوەی باسیدەکەم وەکو چیرۆکێک وایە کە لەناو فیلمدا بیبینیت".

دەربارەی ئەو تمووحانەی هەیەتی، پرووشە دەڵێت "زۆر ئارەزووم هەن کە ڕەنگە ڕێچکەی جیاوازم لە بواری کاردا بۆ دروست بکەن. من چێژ لەو شتە نەزانراوانە و ئەو سەرپرایزانە وەردەگرم کە ژیان لەگەڵ خۆیدا دەیانهێنێت. خەڵک پێمدەڵێن زۆر جدیت و پێداگیری دەکەیت لەسەر بەدەستهێنانی ئەوەی کە دەتەوێت". پرووشە دەڵێت "من زۆر حەزم لە ریسککردنە".

پرووشە دەڵێ خاڵی لاوازیشی هەیە "گەورەترین خاڵی لاوازیی من لە خواردندا چوکلێتە. بەم دواییە لەفەیەکی بە چوکلێتم خوارد کە شتێکی ئاسمانی بوو".




### هونەر ژیان دەبەخشێتەوە بەژنێکی کوردی نەخوێندەوار

# خانم بە پیری چووە بەر هەویری



**ئاڤا مۆما**
**ڕووداو – تۆرنتۆ**

ئەگەر تەمەنت لە شەستەکاندایە و هێشتا بەهرەکەت دەرنەکەوتووە زۆر خەم مەخۆ. خانم ئەمین کە ژنێکی کوردی خەڵکی سلێمانییە و نەچووەتە قوتابخانەو ڕاهێنانشی پێنەکراوە، لە تەمەنی 72 ساڵیدا بوو کاتێک یەکێک لەو وێنەنانەی کە بۆ کات بەسەربردن کێشابوونی، ژیانی ئەوی گۆڕی و وەک نیگارکێشێکی بەتوانا ناساندی.

خانم کە ئێستا لە هۆڵەندا دەژی و تەمەنی 75 ساڵە، بەمدواییانە کارەکانی لە پێشانگای کتێبخانەیەکی تۆرنتۆی کەنەدا نیشاندران.

دەتوانی بڵێی بەهرەکەی لەلایەن کوڕەکەیەوە ئاشکرا کرا. چەند ساڵێک لەمەوبەر حەمە ڕێناسی هونەرمەند و دیزاینەر، کە دانیشتووی ئەمستەردامە، تووشی شۆک بوو کاتێک وێنەیەکی بینی لەلایەن دایکییەوە کێشرا بوو. ستایشی کارەکەی دایکی کردو هانیدا بەردەوام بێت. بەڵام خانم بڕوای بە کوڕەکەی نەکردو وایزانی گاڵتەی پێدەکات.

خانم بە (ڕووداو)ی گوت "چەندینجار گفتوگۆمان کرد لەو بارەیەوە چونکە لەو باوەڕەدا بووم وێنەکانم جوان نەبوون: دەمویست لەناویانبەرم، بەڵام کوڕەکەم ڕێگەی نەدا لەناویانبەرم".

پاش ٥ ساڵ لە وێنەکێشان، دواجار خانم ڕێگەیدا سەنتەرێکی کۆمەڵایەتی گەڕەکەکەیان وێنەکانی لە پێشانگایەکدا نیشان بدات. تەنانەت ئەوکاتەش سەری سووڕما لەو هەموو ستایشەی دەکرا بۆ وێنەکانی.

بەر لەوەش خانم وەک وێنەکێشێک ناسرا بوو چاوپێکەوتنی نێودەوڵەتی کردبوو. وێنەکانی لەچەندین پێشانگای وڵاتانی ئەورووپا و سلێمانی نیشاندرا بوون.

"لە لوتکەی شکۆدا بووم و لە کۆتاییدا فرمێسکەکانم هاتنە خوارەوە". ئەو گوتیشی "پرسیاریان لێدەکردم بۆچی دەگریت. دەمگوت پێویستم بەم ناسراوی و هاندانە هەبوو کاتێک گەنج بووم نەک لە تەمەنی حەفتا ساڵیدا".

ئەو لە خێزانێک گەورە بووە باوکی تەنانەت ڕێگەی نەداوە بچێتە قوتابخانە، لەکاتێکدا زۆر لە کچانی گەڕەکەکەی لانیکەم توانبوویان قۆناغی سەرەتایی تەواو بکەن. خانم لەتەمەنی 16 ساڵیدا بەشوودراوە بە پیاوێک کە 25 ساڵ لەخۆی گەورەتر بووە و باوکی 6 منداڵ بووە. خانم هەموو ژیانی بە گەورەکردنی6 منداڵی خۆی و 6 منداڵی مێردەکەیەوە بەسەربردووە.

کاتێک خوازیارانی وێنە ڕەنگاوڕەنگەکانی وێنەکانیان دەکڕی و داوای ئیمزاکردنیان لێدەکرد، ئەو بەدەستێکی لەرزۆکەوە ناوی خۆی دەنووسی. خانم هەرگیز هیچ وانەیەکی فێربوون و وێنەکێشانی نەخوێندووە، بەڵام هێشتا دەیتوانی بە زمانی سۆرانی و کرمانجی و عەرەبی و فارسی لەگەڵ هەوادارانی قسە بکات. ئەو بەهرەیەکی باشی هەیە بۆ زمان و وێنەکێشان.

ئاسیا مەجیدی کچی خانم کە دانیشتووی تۆرنتۆیە، گوتی 10 ساڵ لەمەوبەر کاتێک وێنەیەکم نیشاندرا هەستم کرد لەلایەن ڕێناسی برامەوە کێشرابێت. زۆر سەرسام بووم کاتێک زانیم ئەو وێنەیە لەلایەن دایکمەوە کێشراوە.

"بەڵام ئەوە تەنیا هەستێکی کاتی بوو". ئاسیا بە (ڕووداو)ی گوت "لەماوەی چرکەیەکدا هەموو شتێک ڕوون بووەوە. بەبیرم هاتەوە چۆن یارمەتی هەمووانی دەدا لە وانەی وێنەکێشانی قوتابخانە چۆن هەمیشە حەزی لە هونەر و جوانی بوو هەمیشە وێنە و نیگاری دەکڕی بۆ هەڵواسین لە ماڵەوە ئەوە شتێک بوو وەک زیادەڕەوی تەماشا دەکرا لە کلتورەکەماندا. هەمیشە حەزی لە ڕەنگ و مۆسیقا و سروشت و هونەر بووە".

ژیانی قورسی کوردستان لەگەڵ ئەو نەهامەتیانەی بەسەر کورد هاتن بەهۆی ڕژێمی سەدام، ڕێگەی بە خانم نەدا بەهرەکەی زووتر ئاشکرا بکات و نیشانی خەڵکی بدات.

جگە لە گەورەکردنی 12 منداڵ، خانم کاریشی کردووە بۆ پەیداکردنی بژێوی ژیانی خێزانەکەی بە بەرگ دوورین و مامانی کردن. کاتێک مێردەکەی کۆچی دواییکرد، کوردستانی جێهێشت و 21 ساڵە لە هۆڵەندا دەژی.

شیلان جەبار، کە پێشانگاکەی خانمی ڕێکخستبوو بە یەک ڕستە باسی ژیان و هونەری خانمی کرد: "هەلی لەم جۆرە تەنیا یەکجار لەژیاندا ڕوودەدات".







ڕووداو
تاراوگە
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22



## "کوردی محەلەمی" هەڕەشە لە دادوەرانی ئەڵمانیا دەکەن

**ڕووداو- دویسلدۆرف**

کارو کردەوەکانی محەلمییەکانی لوبنان و باکووری کوردستان لە ئەڵمانیا ڕۆژ بۆ ڕۆژ بەرەو شێوەیەکی مافیایی دەچن. بەهۆی هەڕەشەکردنیان لە پۆلیس و دادوەرەکان، زۆر لە پۆلیس و دادوەرەکان دەترسن لێکۆڵینەوە لە کەیسی محەلمییەکان بکەن. مارکۆ گێنسە، سیاسەتڤانی پارتی FDP داوای لە حکومەتی ویلایەتی نیدەرزاکسن کرد کە پۆلیس و دادوەر لە ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشـەکانی "کوردی محەلمی" و هێرشـەکان بەتەنیا نەهێڵن. مارکۆ گێنسـە گوتی "پێویستە ئەم کێشەیە لە نیدەرزاکسەن چارەسەر بکرێت، پێش ئەوەی ئەو هەڕەشەیە وەکو بەرلین و برێمەن لێرەش دروست ببێت".

# کورد لە سوێد پەرلەمانتاری کەمکرد و یەدەگی زیادکرد


ئامینە کاکەباوە


ئازادە گۆستاڤسۆن


جین حاجۆ


ئیسماعیل کامیل


جەبار ئەمین


قادر حەمەکەریم


لاوین ڕێدار


محەممەد حەمەعەلی


ڕۆزا کۆچلو


سەرکان کۆسێ


شادیە حەیدەری

**شاد محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

کەمبوونـەوەی ژمـارەی پەرلەمانتارانی کورد، شکسـتی پارتی مۆدێراتی فەرمانڕەوا، زیادبوونی کورسییەکی سۆسـیال دیموکراتەکان، زیادبوونی ژمارەی کورسـی پارتە ڕەگەزپەرسـتەکەی سوێد "سـوێدییە دیموکراتـەکان" بەرێژەیەکـی ڕەچاو، ئەمانە ئەنجامـی دوایین هەڵبژاردنـی پەرلەمانی سـوێد بـوون کە بە بـڕوای چاودێران نەخشـەی سیاسـی ئـەو وڵاتـە بـە شـێوەیەک دەگۆڕێت، کاریگەرییەکـەی لەسـەر پەنابـەران و تەنانـەت هەرێمی کوردستانیش ڕەنگدەداتەوە.

ڕۆژی 2014/9/20 فەرمانگـەی هەڵبژاردنـی سوید، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردنەکانی ڕاگەیاند و نـاوی ئەندامانـی نوێی پەرلەمانـی بڵاوکردەوە کە سـێ کەسـیان کوردن، بەم پێیە لەکۆی 349 کورسییەکەی پەرلەمان، ئێستا کوردی ئەندام لە پەرلەمانی ئەو وڵاتە لە 5 کەسـەوە بۆ 3 نوێنەر کەمی کرد.

شـتی چاوەڕواننەکراوی ئەو هەڵبژاردنە پارتە سـوێدییە دیموکراتـەکان بـوو کە بـە پارتێکی ڕەگەزپەرست ناسراوە و ژمارەی کورسییەکانی لە 20 کورسییەوە زیاد کرد بۆ 49 کورسی. ئەوەش لەکاتێکدا کە پارتی مودێراتی فەرمانڕەوا تووشی شکستێکی قورس هات و ژمارەی کورسییەکانی لە 107 کورسییەوە کەمی کرد بۆ 84 کورسی. بەڵام سەرۆکی پەرلەمان مافی پێکهێنانی حکومەتی بە سۆسـیال دیموکراتەکان بەخشی وەک گەورەترین فراکسـیۆنی نێـو پەرلەمـان کـە خاوەنـی 113 کورسین.

ستیفان لۆفڤێنی، سەرۆکی سۆسیال دیموکرات کە دەبێتە سـەرۆک وەزیرانی داهاتوو، بە توندی شـەراکەتی پارتی چەپی ڕەتکـردەوە و لەلایەکی دیکـەش پارتـە بچووکە بـۆرژواکان هەڵوێسـتی خۆیان بۆ پاراستنی هاوپەیمانێتی پارتی مۆدێراتی شکستخواردوو دووپاتکردەوە. بۆیە هەوڵی لۆفڤین و سۆسـیال دیموکرات لـە پێکهێنانی حکومەتی بنکە فراوان وەک "ویستێکی هەنووکەیی" بێ هیوا بوو، ناچار لەگەڵ پارتی ژینگە هاوپەیمانی بەست بۆ پێکهێنانی کابینەی داهاتوو.

عومـەر شـێخموس، سیاسـەتڤانی کـورد لە سوێد، هەڵوێستی ئێستای سۆسیال دیموکراتەکان ئەسـتەم دەبینێـت و دەڵێـت "ناچـارن پەنا بۆ مۆدێراتەکان بەرن".

مۆدێراتـەکان کە هەشـت سـاڵە فەرمانڕەوای سویدن و بووبوونە پارتی یەکەم، بەرەو شسکتێکی گەورە دەچن و ڕوو لە بچووکبوونەوە دەکەن. دەست لەکارکێشـانەوەی لـە ناکاو و کتوپـڕی فریدرێک راینفێڵد، سەرکردەی ئەو پارتە و وازهێنانی کەسی دووەمی بەهێزی مۆدێرات هۆکاری ئەوەیە و شێخ مـووس دەڵێت "مۆدێـرات و پارتە بـۆرژوازەکان بەم هۆیـەوە دەکەونە قەیرانێکی گەورەوە". بۆیە بە ڕای شـێخموس ئەگـەری بچووکبوونەوەی ئەو پارتە ئەگەرێکی بەهێزە. لە درێژەی قسەکانیدا بۆ ڕادیۆی سوید، عومەر شێخموس هەروەها گوتیشی "ڕەگەزپەرسـتەکان، کە لە ڕاسـتیدا فاشیسـتن، نابنە شەریکی حکومەتێک کە سۆسیال دیموکرات بەڕێوەی بەرێت".

پارتی ژینگەی هاوپەیمانی سۆسیال دیموکرات، پێشـتر هاوپەیمانی توندی پارتی چەپ بووە. لە ڕووی بیـری سیاسـی ئەوەندەی لـە پارتی چەپ نزیـک بـوون، ئەوەندە لـە سۆسـیال دیموکرات نزیک نین. بەڵام لە هەڵوێسـتی توندی سۆسیال دیموکرات لەبارەی چەپ، بێدەنگن.

جەبار ئەمین کە لەسـەر لیستی پارتی ژینگە سـەرکەوتنی بەدەستهێنا، گوتی "ئێمە ڕێز لەوان وەک پارتی سەرەکیی خاوەن ماف بۆ پێکهێنانی حکومەت دەگرین و مافی خۆیانە". بەڵام دەشڵێت "هاوپەیمانیمان لەگەڵ چەپ بەردەوامە، بەتایبەت لە پرسەکانی بودجە".

زیادبوونی کورسییەکانی سوێدییە دیموکراتەکان لە پەرلەمان کە بە پارتێکی ڕەگەزپەرست بەرامبەر پەنابەران ناسراوە، ترسـی لەلای پەنابەرانی ئەو وڵاتە دروستکردووە بە تایبەتی پەنابەرانی کورد.

"ئیدی ناتوانم سـوید بە وڵاتی دووەمم بزانم". چالاکڤانی کورد سروە خالیدی کە لە پەیجی خۆی ئەوەی نووسیوە، هەروەها دەڵێت "ئەستەمە ژیان لە وڵاتێـک کە 13%ی خەڵکەکـەی دەورووبەرت دژی تۆ بن".

بەبـڕوای عومـەر شـێخموس، بەرنامەکانـی ئـەو پارتـە بـۆ بایەخـدان بـە نەخـۆش و پیر و خانەنشـینکراوەکان لەلایـەک و تەوژمـی دژایەتیکردنی بیانییەکان لە تەواوی ئەوروپا، دوو لە فاکتەرە ڕاستەقینەکانی سەرکەوتنی بوون.

بەڵام چالاکڤانێکی کوردی دیکەی سوید دەڵێت "کردنـەوەی مزگـەوت و هـاواری ڕیشـدرێژەکان بەوەی سوید دەکەنە وڵاتێکی ئیسلامی، فاکتەرە ڕاسـتەقینەکە بوو". ئاراس عومەر کە دانیشتووی شـاری ستۆکهۆڵمە، دەڵێت "خۆدزینەوە لە باج و کاری ڕەشی بیانییەکان لە هۆکارە سەرەکییەکانی زیادبوونی هەستی دژە بیانییە".

### یەدەگی کورد زیادی کرد

هەرچەنـدە ژمـارەی پەرلەمانتارانی کورد لەو خولـەدا بـەراورد بە خولی رابـردوو کەمی کرد و ژمارەیان لە 5 پەرلەمانتارەوە بووە 3 پەرلەمانتار، بـەڵام لـە ئاسـتی یەدەگـدا زیـادی کـردو لە 2 یەدەگەوە بووە 8.

28 کاندیدای کورد هەبوون، بەڵام تەنیا سێیان دەرچوون، هەشت کەسیش لە پارتەکانی سۆسیال دیموکـرات و پارتـی چەپ و گەلـی لیبراڵ بوونە یـەدەگ کە 4 لەوان، یەدەگی یەکەمن و دووانیان بەتایبەت (لاوین ڕێدار و شادیە حەیدەری) بەهۆی وەرگرتنی پۆسـتی سەرۆکی حکومەت و وەزیران، دەبنـە ئەندامـی پەرلەمـان و بـەم پێیـە کورد دەبێتەوە خاوەنی 5 کورسی لە پەرلەمان.

بۆچوونـی جیـا هەیـە لەبـارەی سیاسـەتی داهاتووی سـوێد بەرامبەر بە کـورد، هەندێکیان پۆزەتیڤن و هەندێکیش نێگەتیڤ.

لۆفڤێن لەکاتـی هەڵمەتەکانی هەڵبـژاردن بە ئاشـکرا دژایەتـی خۆی بۆ ئەو کەسـانە دەربڕی کە بۆ شـەڕی داعش دەچنە باشووری کوردستان و گوتـی "دەبێت دادگایـی بکرێن". جەبار ئەمین پەرلەمانتـاری پارتـی ژینگـە کـە پارتەکـەی هاوپەیمانـی سۆسـیال دیموکراتەکانە، بە توندی ڕەخنـەی لـەم هەڵوێسـتە گرت و گوتـی "ئەمە نادیموکراسـییە". ئەمین بە (ڕووداو)ی گوت "من بە توندی دژ بەو هەڵوێسـتەی بووم و ئێسـتاش هەر بەردەوامم".

بەڵام تارا توانا، ئەندامی دەرچووی ئەنجوومەنی پارێزگای سـتۆکهۆڵم لەسـەر لیسـتی سۆسیال دیموکراتەکان دەڵێت "ئەمە هەڵە تێگەیشتنە". هەروەها گوتیشـی "سۆسیال دیموکرات یەکەمین پارتی سویدە کە بە ئاشکرا و لەڕووی پراکتیکەوە پشـتگیری پرسـی کوردی کردووە". تارا پێیوایە بەشـێک لە کورد، قسـەکانی لۆفڤێنیان بە هەڵە لێکداوەتەوە.

بەبـڕوای چاودێـران، ئـەوەی لـە سۆسـیال دیموکراتـەکان چـاوەڕێ دەکرێـت بریتیـن لـە: سـنووردار‌بوونی دیبلۆماسـیەتی سوید لە هەولێر و بایەخـدان بە ناوەند کـە بەغدایە. دادگایی ئەو پێشـمەرگە کـوردە سـویدییانەی هاتوونەتـەوە باشوور و دژایەتی سەربەخۆیی کوردستان.

ئەمانـە لـە کاتێکدایـە بەشـێک لـە پارتـە بۆرژوازەکانـی فەمانـڕەوای ڕابـردوو بایەخیان بۆ کونسـوڵخانەی سـوید لە هەولێر و سەربەخۆیی کورد هەبووە.

یەکێتی نیشـتمانی کوردستان، ڕێکەوتننامەی لەگـەڵ سۆسـیال دیموکراتەکانـی سـوێد هەیە بەناوی (پەیوەندی دەسـتە خوشـکانە). شەماڵ ئاکۆ، چالاکێکی ئەو پارتە لە سـوید بە (ڕووداو)ی گوت "سەرکەوتنی سۆسیال دیموکراتەکان زۆر بە پۆزەتیڤ دەبینم بۆ خەڵکی بێگانە لە سـوید، چونکە سۆسیال دیموکراتەکان بەردەوام لە هەوڵی کەمکردنەوەی جیاوازییەکانی نێوان سوێدییەکان و پەنابەراندان".

بەڵام ئەو نایشارێتەوە، بۆ کورد شتێکی ئەوتۆ ناگۆڕێـت، چونکـە بە بـاوەڕی ئـەو "لەبەرامبەر کێشەی کورد لەم چەند سـاڵەی ڕابردوودا ئەوان هیـچ جیاوازییەکـی گەورەیـان نەبـووە لەگـەڵ ڕاستەکان".

شـەماڵ ئاکـۆ، لـە ڕوانگـەی هەڵوێسـتی سۆسـیال دیموکراتەکان لەسەر بڕیاری پەرلەمان بۆ بە جینۆسایدناسـاندنی تاوانی ئەنفال نموونە دەهێنێتەوە و دەڵێت "بەداخەوە بە (نا) بڕیاریان دا".

هەروەهـا دەڵێت "ئێسـتاش کە هێرشـەکانی ڕێکخـراوی تیرۆرسـتی (داعـش) هەیە بۆ سـەر کوردسـتان، هیـچ پشـتیوانیەکی ئەوتـۆ لەوان بەدیناکرێـت، لەگـەڵ وەرگرتنـی دەسـەڵاتیش سۆسیال دیموکراتەکان کەمتر هەوڵدەدەن خۆیان لە کێشەی کورد بدەن".

بـەڵام جەبار ئەمین دەڵێت "لـەو باوەڕەدا نیم بەو ئاسـتە نێگەتیڤە گۆڕانکاری دروسـت بێت و لەلایەن ئێمە و دەیان دڵسۆزانی دیکەی ناو هەردوو پارت، ڕۆڵی پۆزەتیڤانەی سوید بۆ کورد بەردەوام دەبێت".

پێشەوەچوونی ڕۆڵی پارتە ڕەگەزپەرستەکان، کە تەنیا لە پەرلەمان 29 کورسییان زیاد کردووە و لە ئەنجوومەنی دادوەری بەهێز بوون و هاوکات لە هەندێک شارەوانی هێزی یەکەمن، ئەم ئەگەرانەی هەیـە بۆ بیانیان، کوردیش وەک بەشـێک لەوان: ئەگـەری داخسـتن و کەمکردنـەوەی مزگەوت و ناوەندە بیانییەکان. گۆڕانکاری یاسایی تایبەت بە بیانیان و پرسی پەناهەندە. بێکاربوونی بیانییەکان و نەهێشتنی زمانی بیانیەکان و زمانی کوردی لە قوتابخانەی گەڕەکەکان.

جەبـار ئەمیـن پێیوایـە "ئەگـەر پارتـە بۆرژوازەکانی ڕاسـت، هاوکاریان نەبن، شـتی لەو شـێوەیە ڕوونادات". گوتیشـی "ئـەوان هێزیکی ڕاستەقینە نین".


پەرلەمانی سوێد

| ناوی پارت | کورسییەکان | | گۆڕانکاری |
|---|---|---|---|
| | 2014 | 2010 | |
| پارتی مۆدیرات | 84 | 107 | -23 |
| پارتی گەلی لیبراڵ | 19 | 24 | -5 |
| پارتی دیموکراتی مەسیحی | 17 | 19 | -2 |
| پارتی سەنتەر | 22 | 23 | -1 |
| پارتی کاری سۆسیال دیموکرات | 113 | 112 | +1 |
| پارتی ژینگە — سەوز | 24 | 25 | -1 |
| پارتی چەپ | 21 | 19 | +2 |
| پارتی دیموکراتە سویدییەکان (ڕ) | 49 | 20 | +29 |
| **کۆی کورسییەکان** | **349** | **349** | |

## بە عەرەبی دەنووسێ و بە کوردی بیردەکاتەوە

# لە چیای کورمانجەوە بۆ ئەڵمانیا



**ڕۆکا شدۆ**
**ڕووداو- ئەڵمانیا**

حەیدەر عومەر، یەکێک لەو نووسەرانەی کـوردە کە بـە زمانی عەرەبی دەنووسـێت، بەڵام دەستبەرداری زمانی خۆی نەبووە. ئەو زۆر وەرگێڕان و نووسـینی بە زمانی کوردی هەن و خاوەنی ئەرشـیڤێکی دەوڵەمەندە بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

حەیـدەر لـە سـاڵی 1952 لـە گوندی قزڵبـاش-ی ناوچـەی چیـای کورمانـج لەدایکبـووە و سـاڵی 1978 بڕوانامـەی دیپلۆمـی لە بواری پـەروەردەدا لە زانکۆی شـام وەرگرتـووە. دوای ئـەوەش وەکـو مامۆسـتای ئـەدەب و زمانـی عەرەبـی لە قوتابخانەیەکی پارێزگای حەلەب دامەزراوە.

حەیـدەر لە تافـی گەنجێتیدا لە سـاڵی 1969 دەستی بە کاری سیاسی و کۆمەڵایەتی کـردووە و لەگـەڵ هەندێـک لـە گەنجانـی دیکـەی چیای کورمانـج تیپـی عەفرینیان دامەزرانـدووە. چەنـد سـاڵێک دواتر، واتە سـاڵی 1974 لەلایەن حکومەتی سووریاوە دەستگیرکراوە. دوای ئازادکردنیشی دەستی بـە کارکردن لە ئەدەبیاتی کوردیدا کردووە. لاوازیـی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی سـەرنجی ئـەو ڕادەکێشـێت، بۆیەش زیاتـر خەریکی ئەو بوارە بووە. هـەر ئەمەش بووەتە هۆی ئـەوەی کە زۆربـەی بەرهەمەکانی ڕەخنەی ئەدەبـی بـن. وەک ئـەو دەڵێـت هـۆکاری لاوازییەکـەی ئەوەیە کە نووسـەرانی کورد بە عەرەبی یان تورکـی بیردەکەنـەوە، هـەر بەو شـێوەیەش نووسـیویانە. حەیدەر عومەر دەڵێـت "بیرکردنەوەمان بە عەرەبی یـان تورکی و دەسـەڵاتی تـورک یـان عـەرەب لەسـەر کورد وایکـردووە کە زمـان و ئەدەبیاتیان بکەوێتە نێو مێشکی خوێندەوار و قوتابیانی کـوردەوە. بۆ نموونە ناودارانی کورد، وەکو جگەرخویـن و ئۆسـمان سـەبری و یاشـار کەمالیش ئەو کاریگەرییەیان لەسەرە".

ئـەو نووسـەرە کـوردە عەرەبینووسـە دەڵێت "باری ڕەخنە قورسە و ڕەخنەگریش بەردەوام بێ هاوڕێیە و دەبێ بوێر بێت، بەڵام دەبێ مرۆڤ تێڕوانینی خۆی ئاشـکرابکات و ڕاستییەکان بگوترێـن". حەیـدەر عومـەر لـە سـاڵی 1999 ناچاردەبێـت ڕۆژئـاوای کوردسـتان بەجێبهێڵێـت و ڕوو بکاتـە ئەڵمانیا و لەوێ نیشـتەجێ بێـت. هەرچەنـدە سـەرەتای ژیانـی لـە ئەڵمانیا قـورس دەبێـت، بەڵام ئێسـتا لە قوتابخانەیەکی ئەڵمانی خەریکی وانەگوتنەوەیە. لەتەک کارەکەشیدا خەریکی لێکۆڵینەوەیە لە ئەدەبی کوردی.

حەیـدەر لە هـەردوو گۆڤـاری (پرس و پێنووس)دا ئەندامی دەسـتەی نووسـەرانە. لـە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەدا لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبیی بڵاوکردووەتەوە. هەروەها لـە چەندیـن ڕۆژنامـە و گۆڤـاری کوردیدا نووسینەکانی بڵاوبوونەتەوە.




حەیـدەر عومەر لە هەندەرانیش خەریکی کارکردنـە بـۆ دۆزی گەلەکەی. ئەو ئێسـتا یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵەی مامۆستایانی کورد لـە ویلایەتـی (Niedersachsen)ی ئەڵمانیـا. جیـا لەوەش ئەندامـی کۆمەڵەی زمـان و فێرکردنـە لـە ئەڵمانیـا. هەروەها ئەندامـی کۆمیتـەی خەڵاتـی ئۆسـمان سەبرییە، کە خەڵاتێکە پێشکەشی دۆستانی گەلی کورد دەکرێـت. بەتایبەتیش ئەوانەی لەگەڵ کـورد کاریانکردووە. تاوەکو ئێسـتا هەرسێ دۆستی کورد، ئیسماعیل بێشکچی، دانیـال میتـران و د. مونـزر ئەلفـەزڵ ئەو خەڵاتەیان وەرگرتووە.

تاوەکـو ئێسـتا چەندیـن پەرتووکـی حەیدەر عومـەر چاپکراون، وەکو ئەحمەدی خانـی، فەقێـی تەیـران، پیچـەک ڕۆناهی، جگەرخوێنـی چیرۆکنـووس، ئۆسـمان سـەبری، هەلبەستڤان و نووسـەر، ڕەخنە، رامـان و هونـەر و چەندیـن کتێبی دیکە بە زمانی کوردی و عەرەبی. نێوبراو لە سـاڵی 2012دا خەڵاتـی جگەرخوێـن-ی بـۆ کارە ئەدەبییەکانی وەرگرتووە.

ڕووداو
ژنان
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22



## نەیانهێشت خۆی بکوژێت

**ڕووداو- هەولێر**

ڕائید کاروان عەبدولکەریم، بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی پۆلیسی هەولێر لە پەیجی خۆی لە فەیسبووک بڵاوی کردەوە ڕۆژی 2014/9/20 دوو ئەفسەری هاتوچۆ بە ناوەکانی ڕێباز نەجات و ئیبراهیم موخلیس، کچێکیان ڕزگار کردووە، کە ویستوویەتی خۆی لە باڵەخانەیەکی شاری هەولێر فڕێ بداتە خوارەوە. ئەو دوو پۆلیسە لەو کاتەی لە ئەرکدا بوونە لە شەقامی 40 مەتری، خەڵکی نزیک باڵەخانەکە پەیان بۆ بردوون بۆ ڕزگارکردنی کچەکە ئەوانیش چوونە سەر باڵەخانەکە و توانیویانە لە ماوەی نیو کاژێردا قەناعەت بە کچەکە بهێنن کە خۆی نەکوژێت.

# 29 ژنی ئێزدی لە زیندانەکانی داعش ڕزگاریان بووە

## کچێکی ئێزدی: چەکدارەکانی داعش گوتیان بە جیهان بڵێن چیتان بەسەردێت

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- دهۆک**

"نابێت جیهان لەو تاوانانەی کە دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) لەدژی ژنان کردوونی بێدەنگ بێت" ئەمە وتەی پەخشان زەنگەنە سەرۆکی ئەنجوومەنی کاروباری خانمانە لە هەرێمی کوردستان.

"پێویستە نەتەوە یەککگرتووەکان و یەکێتی ئەوروپا ئەوەی کە بەرامبەر بە ژنان و منداڵانی ئێمە کراوە لەبیر نەکەن" زەنگەنە داوا دەکات کە جیهان لە بەرامبەر ڕفاندنی منداڵان و ژنان لەلایەن چەکدارە جیهادییەکانەوە بە دەنگ بێن.

ژمارەی تەواوی قوربانیانی ئەم تاوانە نەزانراوە. بەڵام سەدان ژن و منداڵ تاوەکو ئێستا وەکو دیل زیندانی کراون. ژنان بەزۆر مارە دەبڕێن و دەبنە قوربانیی لاقەکردن. منداڵان لە هەتیوخانەکاندا کۆدەکرێنەوە، یان دەدرێن بە خێزانە موسڵمانەکان بۆ ئەوەی بەخێویان بکەن. شایەتحاڵەکان دەڵێن تەنانەت منداڵی کچی تەمەن 13 ساڵیشیان بینیوە کە دەستدرێژیی کراوەتەسەر.

"ئەمانە تاوانی دژی مرۆڤایەتین" زەنگەنە دەڵێت "دژی هەموو شتێکی دیکەشن، تەنانەت دژی ئاینیشن".

هەندێک لە ژنە دەستگیرکراوەکان باسیان لەوە کردووە کە لە هۆڵی گەورەدا و لە شوێنی وەکو موسڵ ڕاگیراون و ڕۆژانە دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

کچێکی تەمەن 17 ساڵ کە ڕۆژنامەی لا ریپۆبلیکای ئیتالی چاوپێکەوتنی لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە لەگەڵ کردووە، گوتوویەتی کە چەکدارەکان ڕێگەیان پێداوە تەلەفۆن بەکاربهێنێت تا جیهان لەوە ئاگادار بکاتەوە کە چییان بەرامبەر دەکرێت.

"بۆ ئەوەی زیاتر ئازارمان بدەن، پێیانگوتین بە وردی ئەو ڕووداوانەی کە بەسەر ئێمەدا دێن بۆ دایک و باوکمان باس بکەین". ئەو کچە گەنجە وای بە ڕۆژنامەکە گوتووە "ئەوان بە ئێمە پێدەکەنن، وا دەزانن هەتا هەتایە دەمێنن".



بەشێوەیەکی ڕوو لە زیاد، کچان و ژنانی ئێزدی بەم دواییە توانیویانە لە زیندان و کۆیلایەتی دەستی داعش خۆیان قوتار بکەن. هەندێک لەوانە لە کاتی هەڵهاتنی چەکدارەکانی داعش لە ترسی بۆردومانی فڕۆکە جەنگییەکانی ئەمریکا، خۆیان ڕزگار کردووە.

کارمەندانی ڕێکخراوە خێرخوازییەکانی ناوچەی دهۆک دەڵێن ئەوان 29 ژن دەناسن کە بەم دواییە بە خێزانەکانیان شاد بوونەتەوە. بەڵام پێیانوایە چەندین ژنی دیکەی لەو جۆرە هەن و خۆیان ئاشکرا نەکردووە.

بە وتەی ئەوانەی کە هەڵهاتوون، هەندێکجار چەکدارەکانی داعش پەشیمانییان دەربڕیوە و ڕێگەیان بۆ ئافرەتە زیندانیکراوەکان خۆشکردووە تاوەکو هەڵبێن.

کچێکی 16 ساڵی هەڵهاتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لە کاتێکدا چەکدارەکانی داعش لەو خانووەی ئەویان تێدا زیندانی کردبوو دوورکەوتوونەتەوە، خەڵکانی سڤیلی ناوچەکە هاتوون و دەرگای ماڵەکەیان شکاندووە.

ئەو کچە ئێزدییە گوتی کە لە مانگی ڕابردوودا لە گوندێکی ناوچەی شنگالەوە بۆ چەندین شوێنی دیکە گوازراوەتەوە و دواتر لە موسڵ ڕایانگرتووە. لە موسڵ فشاری خراوەتە سەر بۆ ئەوەی ببێتە ئیسلام و خواردنیان پێنەداوە. چەند ژنێک، کە لەگەڵ کچە ئێزدییەکەدا بوون بە چەکدارەکانیان گوتووە باشە دەبینە موسڵمان. دواتر چەکدارەکان وانەی قورئانیان بە ژنەکان گوتووەتەوە.

پاشان کەسانی نەناسراو هاتوون و کچەکانیان بردووە. یەکەمجار کچە جوانەکانیان بردووە. ئەوانی دیکەیان دراون بە سەرکردەکانی داعش "گوێمان لێبوو بە ئەمیرەکانیان دەگوت ئەمە دیاری ئێمەیە بۆ تۆ" ئەو کچە لاوە وای گوت. ئەو کچە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا بەم دواییە توانییان بە خێزانەکانیان شاد ببنەوە.

پەخشان زەنگەنە پێی سەیربوو کە دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی تاوەکو ئێستا بێدەنگییان هەڵبژاردووە لەو تاوانانەی کە وەک ئەو گوتی "لە ژێر ئاڵای لا اله الا الله دەکرێن".

پەخشان داوا لەو وڵاتانەی کە پێشتر پشتگیری داعشیان کردووە و هەموو ئەو لایەنانەی کە کاریگەرییان لەسەر داعش هەیە، دەکات کە هەرچیەکیان لە دەست دێت بیکەن بۆ ئازادکردنی ئەو ژن و منداڵە زیندانیکراوانە.

دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کار لەسەر کەیسی ئەو ڕفێندراوانە دەکەن، بەڵام ئەو هەواڵانەی کە ئاماژە بەوە دەکەن گوایە ژنە ڕفێندراوەکان دەکڕنەوە، دوورن لە ڕاستی.

پەخشان داوا لەو کەسانە دەکات کە ئەو ژنانەیان زیندانی کردووە ڕێگەیان بدەن بگەڕێنەوە نێو کەسوکاریان و بزانن کە ئەم ژنانە کۆیلە نین، مرۆڤن. ئەوان دایک و خوشک و کچی خەڵکی دیکەن.

چیرۆکی ئەوە هەیە کە هەندێک لەو ژنانە لەلایەن عەرەبەکانەوە کڕدراون و دواتر بە نهێنی ڕەوانەی لای خێزانەکانی خۆیان کراونەتەوە.

زەنگەنە داوا دەکات ڕێز لەو ژنانە بگیردرێت کە لە دەستی داعش هەڵهاتوون و بەچاوێکی دیکە سەیر نەکرێن، لەبەرئەوەی دەستدرێژییان کراوەتە سەر.

"داوا لە گەورەکانی ئێزدی و تورکمان و مەسیحی و شەبەک دەکەم کە ئەوە بۆ خەڵکانی خۆیان ڕوون بکەنەوە ئەم ژنانە دەبێت وەکو قوربانی سەیر بکرێن، نەک وەکو ئەوەی کە تاوانێکیان کردبێت".

# دەستەی وەبەرهێنان لە پڕۆژەکانی ژنان ڕازیە



**ژیان سابیر**
**ڕووداو- سلێمانی**

ژنێکی وەبەرهێن بە نیگەرانییەوە باس لە پڕۆژەکەی دەکات، هەرچەندە ئەو کارەکانی پڕۆژەکەی تەواو بووە، بەڵام ئەو ئامانجەی ئەو دەیویست لە پڕۆژەکەی دەستیبکەوێت بەدڵی ئەو نەبوو.

دیمەن عەبدولعەزیز، 32 ساڵ، ژنە وەبەرهێنێکی شاری چەمچەماڵە و یەکەم کاری لە ساڵی 2009 ئەنجامداوە کە پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بووە، هەرچەندە پڕۆژەکەی ئێستا تەواو بووە، بەڵام ئەو نایەوێت جارێکی دیکە لە باشووری کوردستان دەستبداتەوە جێبەجێکردنی پڕۆژە "تێچووی پڕۆژەکەم 3 ملیۆن و 180 هەزار دۆلارە، بەڵام ئەم بارودۆخەی باشووری کوردستان و قەیرانی ئابووری وای کرد 75%ی داهاتی پڕۆژەکەم کەم بکات، بۆیە ئامادە نیم چیدی کاری وەبەرهێنان لە کوردستان بکەم، ئەگەر ئەم بارودۆخە ئاسایی نەبێتەوە".

سەردار کەریم، بەڕێوەبەری زانیاری و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان دەڵێ ژنان و پیاوان شانبەشانی یەکدی کاری وەبەرهێنان دەکەن. ئەو پێیوایە ژنان کاری گەورەیان کردووە و دەتوانن چالاکانەتر پڕۆژەکانیان جێبەجێ بکەن "تاوەکو ئێستا وەبەرهێنێکی ژن نەبووە پڕۆژەکەی بە تەواونەکراوی جێبێڵێت، بەڵام زۆر پڕۆژە هەبوون کە پیاوان سەرپەرشتییان کردوون و نەگەیشتوونەتە ئەنجام، هەندێکیان لە هەڵسەنگاندن دەرنەچوون و مۆڵەتیان وەرنەگرتووە".

بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنان لە سلێمانی، لە کۆی 373 وەبەرهێن لە پارێزگای سلێمانی پێنج وەبەرهێنی ژن هەن کە خاوەنی پڕۆژە بن، 350 پڕۆژەش ئێستا کاری هەڵسەنگاندنیان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی بۆ دەکرێت، لەو ژمارەیەش 15 وەبەرهێنیان ئافرەتن.

بەڕێوەبەری زانیاری و بەدواداچوون بە گرنگییەوە باسی ئەو پڕۆژانەی کرد کە لە لایەن ژنانەوە تەواوکراون "پڕۆژەی دوومەڵانی ئەورووپی لە بازیان، نەخۆشخانەی چاو لە سلێمانی، لەو پڕۆژە گرنگانەن کە خاوەنەکانیان ژنە". هەروەها گوتی "بەرزترین ڕێژەی تێچوون لە پڕۆژەکانی وەبەرهێنانی ژناندا 3 ملیۆن و 182 هەزار دۆلار بووە".

ئەدیبە حەمەڕەشید، 42 ساڵ، یەکێکە لەو ژنە وەبەرهێنەرانەی لەژێر کاریگەری باوکی حەزی لەو کارە کردووە و یەکەم پڕۆژەی خۆی لە پارێزگای هەڵەبجەوە دەستپێکردووە، بەڵام نیگەرانە لەوەی لایەنی پەیوەندیدار هاوکار نین لەگەڵی "پڕۆژەکەم بەناوی تەلاری بازرگانی هەڵەبجەیە لە دەروازەی شارەکە، بەڵام 8 ساڵە تەواو نەبووە، چونکە ژنم و هاوکاریم ناکرێ، چاوەڕێی تەنیا واژۆیەکم بۆم بکرێ". تێچووی ئەو پڕۆژەیەی ئەدیبە 900 هەزار دۆلارە.

فەرمان غەریب، بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی، بە (تۆڕی میدیایی ڕووداو)ی گوت "قەیرانی دارایی بەهۆی ناکۆکییەکانی نێوان کوردستان و حکومەتی بەغدا و شەڕی چەکدارانی داعش کاریگەری لەسەر پڕۆژەکانی وەبەرهێنان لە کوردستان هەبووە، ئەمەش هۆکاری دابەزاندنی ژمارەی پڕۆژەکانی وەبەرهێنان بووە بەتایبەتیش لەلایەن ژنانەوە".

بەڕێوەبەری گشتی وەبەرهێنانی سلێمانی گوتیشی لە ساڵانی ڕابردوودا ژمارەی ئەو ژنانەی کاری وەبەرهێنانیان کردووە 5 ژن بوون، 15 ژنیش پڕۆژەکانیان لە قۆناغی هەڵسەنگاندندان، بەڵام لە ساڵی 2014 هیچ پڕۆژەیەکی وەبەرهێنان لەلایەن ژنانەوە نەکراوە.

ئەگەر بەراوردێک بکرێت لە نێوان ساڵی 2013 بۆ 2014 لە هەرێمی کوردستان و بەتایبەت لە پارێزگای سلێمانی سەبارەت بە تێچووی مۆڵەتی پڕۆژە وەبەرهێنەکان، لەساڵی 2013دا بە بەهای زیاتر لە 5 ملیار دۆلار مۆڵەت دراوە بە 40 پڕۆژەی وەبەرهێنان، بەڵام ئەو ژمارەیە بۆ ساڵی 2014 زۆر دادەبەزێت کە تەنیا 18 پڕۆژە بە سەرمایەی یەک ملیار دۆلار مۆڵەتیان وەرگرتووە.

# ئێزدییەکان ناموسیان لەبیر ناکەن

**ئەیوب نەسری**
**ڕووداو- دهۆک**

عەفان، لەناو کەلاوەیەکدا لە کۆمەڵگای شاریا، بە دەنگێکی بەرز هاوار دەکات "مەسەلەی نامووس و شەرەف زۆر گرانە، زۆر لە کوشتن گەورەترە، داعش زۆر تاوانی کردووە، بەڵام ڕفاندنی کچان و دەستدرێژیی بۆ سەریان لە هەموویان گرانترە".

عەفان سەعید، خەڵکی گوندی کۆچۆیە، ئەو گوندەی زۆربەی پیاوەکانی لەلایەن داعشەوە گوللەباران کران و ژنان و کچانیشی هەر لەلایەن ئەوانەوە بردران.

عەفان دەڵێت ئەو چیدی ناتوانێت بگریەت "چونکە گریان دادی دەردم نادات"، بە حەسرەتەوە داوای دەکرد کارێک بکرێت بۆئەوەی ئەو کچ و ژنانە بگەڕێنرێنەوە، چونکە "لە کۆمەڵگای کوردیدا مەسەلەی نامووس و شەرەف زۆر گرانە". هەندێجار نەیدەتوانی سەیری نێوچاوی بەرامبەرەکەی بکات، دەستێکی بە چاوەکانیدا دەهێنا و دەیگوت "چۆن بتوانم قسە بکەم، لە کاتێکدا ژنەکەم لە ژێر دەستی ئەو کافرانەدایە".

زەکۆ، دایکی عەفان، باسی گرتنی ژن و منداڵەکان دەکات، ئەو کە باسی کوشتنی پیاوەکان دەکات، پێی تێکناچێت، چونکە بە وتەی ئەو "پیاوان بە پێی توانایان شەڕی خۆیان کردووە"، بەڵام کە دێتە سەر باسی گرتنی کچ و ژنەکان، بە هەڵچوونەوە دەڵێت "چ ئاین و یاسایەک ڕێگا دەدات بە کەسێک کە دەستدرێژی بکاتە سەر کەسانی دیکە، ئەوە مەلەسەی نامووسە، خۆزگە هەموومان کوژرابایین، بەڵام ئەو ڕۆژەمان بە چاوی خۆمان نەبینیبا". تاکە داوای زەکۆ ئەوەیە ئەو کچ و ژنانە بگەڕێنرێنەوە.

حوسێن خودێدا، 45 ساڵ، ڕدێنێکی سپی درێژی هەیە، لە کاتی هاتنی چەکدارانی داعش ئەو کاری شوانیی دەکرد لە یەکێک لە گوندەکانی نزیک دهۆک، ئەمەش بووەتە هۆی دەربازبوونی لەو کارەساتە، بەڵام ئەو بەهای دەربازبوونی خۆی لەبیرکردووە، چونکە ژن و کچە 20 ساڵانەکەی لە دەستی داعشدان، ئەو بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە دەڵێت "نازانم چی بەسەر کچ و ژنەکەم دێنن".

ئەلیاس، 21 ساڵ، دەڵێت "من کرێکار بووم لە میوانخانەیەکی سلێمانی، خێزانەکەم کە دایک و باوک و 10 خوشک و برام هەیە، هەموویان دەستبەسەر کراون و هیچ لەبارەیانەوە نازانم، تەنیا ئەوە دەزانم کە لەلایەن چەکدارانی داعشەوە گیراون".

بە وتەی کچێکی کوردی ئێزدی، کچان زیاتر لە کەسانی دیکە هەست بەو ستەمە دەکەن کە لە کچەکان دەکرێت، ئەڤین خێرۆ، 23 ساڵ، دەڵێت "ڕاستە من دەرباز بووم، بەڵام بە سەدان و هەزاران کچی ئێزدی چارەنووسیان دیار نییە، وەکو دەڵێن دەستدرێژییان دەکرێتە سەر، ئەمە بۆ ئێمە زۆر گرانە".

ئەڤین، کە بە بڕوابەخۆبوونەوە قسەی دەکرد، گوتی "ئێمەی کوردی ئێزدی خاوەنی ڕەوشتێکی بەرزین و بڕوامان بە ئاینمان زۆر توندە، ئەگەر هەموومان بکوژرێین هەر لەسەر بیروباوەڕی خۆمان دەمێنین، قەتیش لەو کەسانە خۆش نابین کە ئەم تاوانەیان دەرحەق بە ئێمە کردووە، هەروەها ئەوانەی هاوکاریشیان کردوون هەموویان بە سزای خۆیان دەگەن".

ئەوان بە دڵگەری باسی بۆردومانی فڕۆکەکان و هێرشی پێشمەرگە و زیادبوونی چەکدارە خۆبەخشەکانی کوردی ئێزدی دەکەن. وای پێشان دەدەن کە ئەم جۆرە هەواڵانە ئومێدێکی لای ئەوان دروست کردووە بۆئەوەی جارێکی دیکە خوشک و کچ و ژنەکانیان ببیننەوە.



رووداو
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

## لە شەقڵاوە مامۆستایەک دەکوژرێت



**رووداو – هەولێر**

لە شارۆچکەی شەقڵاوەی سەر بە پارێزگای هەولێر، مامۆستایەک درایە بەر دەستڕێژی گولـلە و کوژرا. ئەو مامۆستایە کە مامۆستای زمانی ئینگلیزییە و ناوی (ن.ج)ە، شەوی 2014/9/21 لەلایەن کەسێکی نەناسراوە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە شەقڵاوە دراوەتە بەر دەستڕێژی گولله. هەر دوای رووداوەکە تیمەکانی پۆلیس گەیشتوونەتە شوێنەکە و تەرمەکەیان رەوانەی پەیمانگەی دادپزیشکی هەولێر کردووە و دواتر دەستیان کردووە بە هێڵکاری و لێکۆڵینەوە لەبارەی رووداوەکە.

# پیاوێک قۆڵی 8 ژن دەبڕێت



تاوانبار (ن)

**فەرهاد چۆمانی**
**رووداو- هەولێر**

پیاوێـک لـە شـاری هەولێـر ژنێـک مارە دەبڕێت و بەرلەوەی ژنەکە بگوازێتەوە، هەواڵی کوژرانـی لە مەخمـوور بڵاودەبێتـەوە، بەڵام باوکی کوڕەکە دەڵێـت کوڕەکەی نەکوژراوە، بەڵکـو "قۆڵبڕ و سـاختەچییە و قۆڵی چەند ژنێکی دیکەشـی بڕیـوە". باوکی ئـەو کوڕە داوا لـە ژنەکە دەکات بچێتە دادگا و خۆی بە تەڵاقدان بدات.

ئیمـان جـاف، خوشـکی ئـەو ژنـە بـە (رووداو)ی گـوت، شـەوی 13/8/2014 خوشـکەکەی مارە بڕاوە لە کەسـێک بەناوی (ن. شەمسـەدین)، بەڵام ئـەو پیاوە وەڵامی تەلەفۆنەکانـی نەداونەتـەوە گوایـە لـە 30/8/2014 لە بەرەکانی شەڕ لە شارۆچکەی مەخموور کوژراوە.

ئیمـان جـاف، گوتی "شـەوی 30ی ئابی 2014 تەلەفۆنمـان بـۆ (ن) کـرد، گوتی لە مەخموور لـە خەفەریاتدام و ئینزارین، داعش هێرشـمان دەکاتە سـەر، دواتر تەلەفۆنەکەی داخرایەوە و دوای سێ رۆژ کرایەوە".

ئیمـان دەڵێـت کردنـەوەی تەلەفۆنەکەی ئومێدێکـی پێدانەوە کە بتوانن سـۆراخێکی بکـەن و بزانـن چـی بەسـەر دەزگیرانـی خوشـکەکەی هاتووە، بەڵام کەسێک بە نامە وەڵامیـان دەداتەوە و بە کوردی دەنووسـێت "(ن) کـوژراوە و بەمزووانـە تەرمەکـەی دەبردرێتەوە هەولێر".

بـەڵام ئیمان دەڵێت گومانیـان هەیە (ن) کوژرابێـت "چونکـە مۆبایلەکـەی (ن) بـە پەنجەمۆر دەکرێتەوە، ئەگەر خۆی نەیکاتەوە چـۆن دەکرێتەوە؟ هەرچەندە تا ئێسـتا هیچ شتێک روون نییە".

(ن) لـە سـاڵی 1977 لەدایکبـووە، خەڵکـی شـارۆچکەی زاخۆیـە و لـە هەولێر دەژی، باوکـی دەڵـێ "قۆڵبـرە و پێیانگوتم کە کوژراوە، ئەسـڵەن دڵیشـم تەنگ نەبوو، چونکە سەرسەری و بەرەڵڵایە و ئامادەش نیم کاروبـاری تەڵاقدانی هیچ کام لەو دەزگیران و ژنانەی لە ئەستۆ بگرم".

ئیمـان زانیاری ئەوەی بـە (رووداو) گوت کە کەسـوکاری و نەسـرینی خوشـکی، واتە دەزگیرانـی (ن) چوونەتـە پیرمام بۆ ئەوەی سۆراخێکی (ن) بکەن.

نەسرین لە 13/08/2014 مارەیی لە (ن) دەبڕدرێ، ئەو گوتی "بە نێوەندگیری کەسێک بڕیاری مارەبڕینی ئـەو پێکهات و ئەو رۆژەی مارەییـم بـڕا خـۆی و شـایەتەکەی گوتیان کە پێشـمەرگەی نووسـینگەی تایبەتی کاک مەسـعودە، پێیگوتم کە ژنی نییە و بڕیارمان وابوو لە سلێمانی بژین".

نەسرین ناوەرۆکی کۆبوونەوەی لەگەڵ ئەو بەرپرسە ئاشکرا کرد کە چوونەتە لای و گوتی "لەگەڵ ئەدهەم بارزانی لە مەسیف کۆبووینەوە و وێنـە و ناو و هەموو زانیارییەکیان لەبارەی (ن)ەوە وەرگـرت و گوتیان بەدواداچوونی بۆ دەکەین و وڵامتان دەدەینەوە".

گوتیشـی "تەلەفۆنم بۆ باوکـی (ن) کرد، ئەو پێیگوتم، هەڵەت کردووە، (ن) قۆڵبرە و ژنەکەی خۆیشی بەرەڵڵا کردووە".

شەمسـەدین موحسـین، باوکـی (ن) بـە (رووداو)ی گوت: "با دەزگیرانەکەی خۆی لەگەڵ ماندوو نەکات و سۆراخی نەکات، (ن) کوڕێکی خوێڕی و بەرەڵڵایە، سـێ چوار سـاڵە ژنەکەی خۆی بەجێهێشـتووە و بیسـتوومەتەوە هەشت ژنی بەو ساختەچییتییە هێناوە". گوتیشی "من ئامادەنیـم کاروباری تەڵاقدانەکەی نەسـرین لە ئەستۆ بگرم، زۆر ژن تەلەفۆنم بۆ دەکەن و داوای تەڵاق وەرگرتن دەکەن لە (ن)، ژنە فەرمییەکەی خۆیشی داوای تەڵاق دەکات ئێستا".

ئەوەشـی ئاشـکرا کرد کە دەڵێن (ن) ماوە و لە کەرکووکە، لـەوێ بینیویانە، لەم رۆژانەدا کابرایـەک هاتـووە داوای 42 دەفتـەر دۆلار دەکات، ئەمـە لـە کاتێکدایە (ن) لەسـەر ئەو قەزیە ماوەی ساڵێک و چوار مانگ زیندانیکراوە و بەهۆی ئەوەی نەیتوانیوە پارەکەی بداتەوە بە هەر جۆرێک بوو ئازادکرا، پێویسـت بوو پەنجە مۆر بکات دوای ئازادکردنی، ئەوەیشـی نەکرد و ئێستاش تاوانبارە لەلای حکومەت".

باوکـی (ن) زیاتر باسـی کار و کردەوەکانی کوڕەکـەی دەکات و دەڵێـت "پێـش چەنـد سـاڵێک زێرەڤانی بوو، لەسـەر ئەو دۆسـیەی دەسـتگیرکردنەی دەرکـرا، راسـت نـاکات لە نووسـینگەی کاک مەسـعود بووبێـت، هـەر نەمزانیوە لە مەخمووریش بووبێت، ئەو خەریکی قۆڵبڕینی خەڵکە".

# خاڵۆزا و پورزا پێکەوە کوژران



**عومەر چاوشین**
**رووداو- کۆیە**

لە گوندێکی ناحیەی ئاشتی سەر بە قەزای کۆیە دوو مێردمنداڵ لە رووداوێکی نادیاردا بە فیشـەک دەکوژرێن و کەسوکاریشیان دەڵێن "رووداوەکە قەزا و قەدەر بووە". بەڵام پۆلیس دەڵێـت هێشـتا روون نەبووەتـەوە ئـەو دوو مێردمنداڵە کوژراون یان خۆیان کوشتووە.

تەرمـی عەبدوڵـڵا سـلێمان، 14 سـاڵ و محەممـەد نەجمەدین، 11 سـاڵ، کە خاڵۆزا و پـورزای یەکدیـن، لـە نێـو خانوویەکدا لە گوندی داوداوای سـەر بە ناحیەی ئاشـتی لە قەزای کۆیە دۆزرانەوە. کلاشینکۆفێکیش هەر لە تەنیشـت تەرمەکان دۆزرایەوە. تەرمی ئەو دوو منداڵە رەوانەی پزیشکی دادوەری کرا بۆ ئەوەی بزانن کوژراون یان خۆیان کوشتووە.

ئەو دوو مێردمنداڵە پرسـەی گوندەکەیان کـرد بـە سـێ پرسـە، چونکـە لـە کاتـی رووداوەکەدا دانیشتووانی گوندەکە لە پرسەی یەکێک لە هاووڵاتیانی گوندەکەدا بوون.

محەممەد سـەدر تەها، مامـی عەبدوڵڵا و ئامۆزای باوکی محەممـەد رەتیکردەوە کەس دەسـتی لە رووداوەکـەدا هەبووبێت و گوتی "ئەو دوو خێزانە زۆر تەبان و هیچ کێشەیەکیان نییە، لـە کاتی رووداوەکـەدا هەردووکیان لە پرسـەی کەسـێکی گوند بوون، هەر بۆیەش نازانین رووداوەکە چۆن بووە".

ئـەو چەکـەی لـە شـوێنی رووداوەکـە دۆزراوەتـەوە چەکـی باوکـی عەبدوڵڵا بووە کـە پێشـمەرگەیە. محەممـەد تەهـا دەڵێت "منداڵـەکان دەسـتکاری چەکەکەیان کردووە و ئـەو رووداوە ناخۆشـەیان دروسـتکردووە. رووداوەکەشـی بـە قـەزا و قـەدەر ناوبرد و گوتـی "هەردوولا پێکـەوە پرسـەمان داناوە و سـکاڵامان لەسـەر کەس تۆمار نەکردووە، چونکە کەس دەستی لە رووداوەکەدا نەبووە".

محەممەد وای بۆ دەچێ ئەو دوو مێرمنداڵە لەژێـر کاریگەری فیلم و دراما دۆبلاژکراوەکان ئەو کارەیان کردبێت "ئەم فیلمە دۆبلاژکراوانە ماڵی زۆر کەسـیان وێران کردووە و پێویستە سـنوورێکیان بۆ دابنرێت". گوتیشـی "ئەگەر دەرکەوت هەر کەسێک دەستی لەو رووداوەدا هەیە، لێی خۆش نابین و تەسـلیمی یاسـای دەکەین".

محەممەد زۆر پەسـنی ئەو دوو کوڕەی دا "کـوڕەکان زۆر ژیـر و باش بوون و کەسـیان نیگـەران نەدەکـرد، زۆر لەسـەرخۆ بـوون، بـەردەوام بەیەکەوە بـوون و یاری و گەڕان و هەڵسوکەوتیان زۆرجار بەیەکەوە بوو".

رائیـدی پۆلیس کاروان مەجید، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتـی پۆلیسـی قـەزای کۆیـە، بـە (رووداو)ی گـوت "کاژێـر 5ی ئێـوارەی 2014/9/20 لـە گونـدی داوداوای سـەر بە ناحیـەی ئاشـتی دوو کـوڕی نەوجـەوان بە ناوەکانـی عەبدوڵـڵا سـلێمان و محەممـەد نەجمەدین) بە فیشەک کوژران، تەرمەکانیان لە ماڵی عەبدوڵڵا دۆزرانەوە، پۆلیس دەستی گـرت بەسـەر ئـەو چەکـەی لـەو رووداوەدا بەکارهاتووە".

ئـەو بەرپرسـەی پۆلیـس گوتیشـی "لـە ئەنجامـی بەدواداچووندا دەرکـەوت هەریەکێکیـان فیشـەکێکی بەرکەوتـووە و دەسـتبەجێ گیانیـان لەدەسـتداوە، هەردوو خێزانەکـەش خزمی نزیکی یەکدین، بۆیە داوا لەسـەر کـەس تۆمارنەکراوەو کەس لەسـەر رووداوەکە دەستگیر نەکراوە".

سـەبارەت بـە هـۆکاری رووداوەکەش ئەو بەرپرسـەی پۆلیس گوتـی "لەبەرئـەوەی لێکۆڵینەوە لە سەرەتادایە، بۆیە هۆکارەکەی نەزانـراوە، بـەڵام زیاتـر پێدەچێـت بەهۆی هەڵە بەکارهێنانی چەکەکـە بووبێت لەلایەن کوڕەکانەوە".

# بەر لە هەوڵی خۆکوشتنی نامەیەک بۆ هاوسەرەکەی دەنێرێ

**عومەر چاوشین**
**رووداو- رانیە**

لە شارۆچکەی رانیە، ژنێکی تەمەن 28 ساڵ هەوڵی خۆکوشتن دەدات و بەرلەوەی کارەکەش جێبەجێ بکات نامەیەک بۆ مێردەکەی دەنێرێت و داوای گەردن ئازایی لێدەکات، هەروەها داوای لێدەکات لە دوای ئەو ئاگاداری منداڵەکانی بێت، بـەڵام هەوڵەکەی سـەرناگرێت و تەنیا بریندار دەبێت.

ئەو ژنە کە ناوی (ت. موشیر)ە، دایکی چوار کـوڕە و ژنـی ماڵەوەیە، دانیشـتووی گەڕەکی نـەورۆزی شـارۆچکەی راپەڕینـە، کاژێر 10ی شـەوی 2014/9/17 لە نێـو ماڵەکەی خۆیدا بە مەبەستی خۆکوشتن بە دەمانچە فیشەکێک لەخۆی دەدات، بەڵام تەنیا بریندار دەبێت.

محەممـەد تەلعـەت، هاوسـەری (ت) پشتڕاسـتیکردەوە کـە هاوسـەرەکەی هەوڵی خۆکوشـتنی داوە و گوتی "مـن چووم بەدوای کوڕەکەمـدا کە لە ماڵی پووری بوو، نامەیەکی مۆبایلم بۆ هات، سـەیرم کرد خێزانەکەم بوو، لە نامەکەیدا نووسـیبووی: محەممەد من خۆم دەکـوژم، گەردنـم ئـازاد بکـە، دوای من زۆر وریـای کوڕەکان بە، بـێ دڵییان نەکەی، باش پەروەردەیـان بکە، من لە تۆ و کەس نیگەران نیم، لە خۆم بێزار بووم و ماڵئاوا".

محەممەد سـەرەتا نامەی ژنەکەی بە هێند وەرنەگرتووە، چونکە وەک خۆی دەڵێت ژنەکەی پێشـتر بیری لەو جۆرە کارانـە نەکردبووەوە، بگرە لۆمەی ئەو کەسـانەی کردووە کە خۆیان دەکـوژن. بـەڵام دواتر ماڵـی باوکی ئـاگادار دەکاتەوە.

ئـەو کاتـەی کەسـوکاری محەممـەد گەیشـتوونەتە ماڵەکـەی، ژنەکـەی محەممەد فیشەکێکی لە سـینگی خۆی داوە و خەڵتانی خوێـن بووە، بەڵام هێشـتا زینـدوو بوو، بۆیە دەسـتبەجێ دەیگەیەننـە نەخۆشـخانە و نەشـتەرگەری بۆ دەکرێت. (ت) ئێسـتا باری تەندروستی جێگیرە.

محەممـەد دەڵێـت ژنەکەی زۆر پەشـیمانە لەو کارەی کردوویەتـی. هەروەها رەتیکردەوە ژنەکـەی هیـچ کێشـەیەکی لەگـەڵ ئـەو یان کەسوکارەکەیدا هەبێت و گوتی "هاوسەرەکەم تەنیـا لە ژیان بێـزار بوو، بۆیـە دوای ئەوەی بەهـۆش خۆی هاتـەوە، پەشـیمانی لەو کارە نیشـاندا و سکاڵاشـی لەسـەر کـەس تۆمـار نەکردووە".

رابیعە عومەر، خەسـووی (ت) بە (رووداو) ی گوت "کاژێر نۆ و نیوی شـەو بوو، کوڕەکەم تەلەفۆنی کرد کە بگەینە ماڵیان، کە گەیشتینە سەری بینیمان (ت) لەسەردەم کەوتبوو، دواتر لـە نەخۆشـخانە لـەلای بووم و لێمپرسـی بۆ واتکرد، پەرۆشـی منداڵەکانت نەبووی، ئێستا پەشـیمان نیت لـەوەی کردووتـە، گوتی زۆر پەشـیمانم، چونکە دونیا و قیامەتم دەڕۆیشت و منداڵەکانیشم بێ ناز دەمانەوەو هەمووشتانم نیگەران دەکرد".

رابیعەش هاوشێوەی کوڕەکەی گوتی کە ئەو ژنە لە ژیان بێزار بووە، بۆیە هەوڵی خۆکوشتنی داوە، رابیعە گوتی "چەند رۆژێک پێش ئێسـتا دەیگوت لەخۆم بێزارم، خەریکە دەمرم، نازانم بۆ وام، منیش دڵنەوایيم دەکرد، بەڵام هیچ کات بیرم لەوە نەکردووەتەوە رووداوێکی وا بەسـەر خـۆی بێنێت، زۆر کات کە سـووڕی مانگانەی نزیک دەبووەوە وەک پێش رووداوەکە دەیگوت لە خۆم بێزارم، بۆیە من ئەوە بە هۆکار دەزانم".

رائیدی پۆلیس مسـتەفا محەممـەد باپیر، گوتەبێـژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسـی راپەڕین گوتی "ئـەو ژنە کە گەیەنرایە نەخۆشـخانە و پشـکنینی بۆ کـرا، دەرکەوت بە فیشـەکێکی دەمانچـە بریندار بووبوو، فیشـەکێک بەر لای راستی سنگی کەوتبوو لە پشتی دەریکردبوو، بەڵام نەمردبوو دەسـتبەجێ هێزەکانی پۆلیس گەیشتنە شوێنی رووداوەکە و دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە". گوتیشی "ئەوکات بەهۆی سەختی برینەکەی، ئیفادەی لێوەرنەگیرا، بۆیە تاوەکو ئێستا هۆکاری رووداوەکە روون نییە".

بوونـی چـەک لـە نێوماڵاندا مشـتومڕێکی زۆری ناوەتەوە، زۆر لە چالاکڤانانی کۆمەڵگەی مەدەنـی پێیانوایە بوونـی چەک لە نێو ماڵاندا کە زۆربەشـیان بێ مۆڵەتن، هۆکاری زۆربوونی رووداوە کۆمەڵایەتییەکانـن، بـە تایبەتـی هەوڵەکانی خۆکوشتن.

ئەو دەمانچەیـەی (ت) هەوڵی دا خۆی پێ بکوژێت، لە جۆری کلۆکی ئەمریکییە و ئێستا لەلایەن پۆلیسـەوە دەسـتی بەسـەرداگیراوە، گوتەبێژی پۆلیسـی رانیە دەڵێت هێشتا نازانن ئەو چەکە مۆڵەتی هەیە یان نا.



بەهۆی کەمیی ڕێژەی دەرچوون و گەندەڵی

# "50%ی بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ئێواران دەگۆڕدرێن"

ڕەوا عەبدوڵڵا
رووداو- هەولێر

بەڕێوەبەری فێرکردنی ئێواران لە وەزارەتی پەروەردە، دەڵێت خواستی گەڕانەوە بۆ خوێندن لە قوتابخانەکانی ئێواران ساڵ بەساڵ لەزیادبووندایە، بەرادەیەک هەموو ساڵێک تووشی گرفتی دابینکردنی شوێن دەبین، گوتیشی" لەهەندێ قوتابخانە ژمارەی قوتابیان دەگاتە 100 قوتابی لە پۆلێکدا".

بەپێی ئاماری وەزارەتی پەروەردە، 52475 قوتابی (40689 کوڕ، 11786 کچ) لە 216 قوتابخانەی بنەڕەتی و ئامادەیی ئێواران دەخوێنن کە پشکی شێر بەر پارێزگای سلێمانی کەوتووە.

خوێندنی ئێواران لە کوردستان مێژووەکەی بۆ ساڵانی هەشتاکان دەگەڕێتەوە، ئەوکات لە هەر پارێزگایەک قوتابخانەیەک هەبوو، ئامانج لە کردنەوەشی بەخشینی دەرفەت بوو بەو کەسانەی کە لە ڕۆژ ناتوانن درێژە بەخوێندن بدەن، بەڵام لەدوای ڕاپەڕین بەهۆی زۆریی خواست لەسەر گەڕانەوە بۆ خوێندن، ساڵ بەساڵ ژمارەی قوتابخانە و قوتابیان زیادی کرد.

ئیبراهیم ڕەزا، بەڕێوەبەری فێرکردنی ئێواران لە وەزارەتی پەروەردە دەڵێت لەسەرەتای خوێندنی هەموو ساڵێک قوتابیان بە لێشاو روو لەقوتابخانەکانی ئێواران دەکەن، بەڵام دوای تاقیکردنەوەی کۆرسی یەکەم قوتابییەکی زۆر واز لەخوێندن دەهێنن "بۆمان دەرکەوتووە بەشێکیان بەهۆی کەم توانایی و سەرقاڵییان بەکارەوە واز دەهێنن، بۆیە پێشنیازمان بۆ ئەنجوومەنی وەزارەت کردووە بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی وازهێنان بڕە پارەیەکی کەم لە هەر قوتابییەک وەربگیرێت".

ئەو قوتابیانەی ساڵانە روو لەخوێندنی ئێواران دەکەن دوو جۆرن، جۆرێکیان ئەوانەن کە دوای دابڕانێکی زۆر بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە دەگەڕێنەوە بەر خوێندن و جۆری دووەمیشیان ئەو قوتابیانەن کە بەهۆی زۆریی تەمەن و دووساڵ مانەوەیان لە پۆلێک مافی خوێندنیان لە قوتابخانەکانی بەیانیان نامێنێ.



( فۆتۆ: سێڤان محەممەد سەلیم )

ئیبراهیم ڕەزا دەڵێت زیادبوونی ڕێژەی قوتابی لە قوتابخانەکانی ئێواران ساڵانە دەگاتە زیاتر لە 10%، لە هەندێ قوتابخانە ژمارەی قوتابیان دەگاتە 100 قوتابی لەپۆلێکدا، گوتیشی "بۆ کەمکردنەوەی ئەو پاڵەپەستۆیە، پێویستمان بەکردنەوەی زیاتر لە 30 قوتابخانەی دیکە هەیە".

ئاراس محەممەد، بەڕێوەبەری ئامادەیی شەبەنگی ئێوارانی کچان دەڵێت سەرەڕای گرفتی زۆری ژمارەی قوتابی گرفتی سەرەکیمان کەمیی مامۆستای میلاکە، چونکە سەرپەرشتیارانی قوتابخانەکانی ئێواران وەک پلە دوو سەیر دەکەن، تا قوتابخانەی ڕۆژ هەبێت مامۆستای میلاک بۆ ئێواران دابین ناکەن، بۆیە بەناچاری بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە پەنامان بردووەتە بەر مامۆستای وانەبێژ، گوتیشی "لەبەر کەمیی پارەی وانەبێژی گرفتی دەستنەکەوتنی مامۆستامان هەیە".

ئەو بەڕێوەبەرە دەڵێت قوتابخانەکانی ئێوارانی کچان گرفتی زۆر زیاتریان لە قوتابخانەکانی کوڕان هەیە، چونکە بەشێکی زۆریان شوویان کردووە و بەهۆی گرفتی ماڵ و منداڵ و میوانەوە وەک پێویست ناخوێنن و بەردەوام داوای مۆڵەت دەکەن، گوتیشی "بەشێک لە قوتابیان تەنیا بۆ کات بەسەربردن دێنە قوتابخانە، بۆیە ئاستی خوێندن و ڕێژەی دەرچوونیان زۆر لاوازە".

ئیبراهیم ڕەزا دەڵێت بەدەیان جار گرفتی کەمیی میلاکیان بە بەرپرسانی پەیوەندیدار گەیاندووە، بەڵام کەس بە هانایانەوە نایەت، گوتیشی "ئێستا زیاتر لە 40%ی مامۆستایانی قوتابخانەکانی ئێواران مامۆستای وانەبێژن".

## بەڕێوەبەری قوتابخانەکانی ئێواران دەگۆڕدرێن

جگە لە گرفتی زۆریی ژمارەی قوتابی و کەمیی مامۆستای میلاک لە ئامادەییەکانی ئێواران، گرفتی کەمیی ڕێژەی دەرچوون و دەستێوەردانی حیزبی و واستەکاریش هەیە، بۆ کۆنترۆڵکردنی ئەم دیاردەیەش ئەنجوومەنی وەزارەتی پەروەردە بڕیاری داوە ئەمساڵ بەڕێوەبەری سەرجەم قوتابخانەکانی ئێواران بگۆڕێت کە زیاتر لە 4 ساڵە بەڕێوەبەرن.

ئیبراهیم ڕەزا دەڵێت گەندەڵی و بەرتیل لە هیچ مامۆستا و بەڕێوەبەرێک قبوڵ ناکەن، هەر کاتێک بزانن مامۆستا یان بەڕێوەبەرێک بە پارە و واستە و خزمایەتی و شتی دیکە قوتابی دەرچواندبێت سزای دەدەن، گوتیشی "لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەین، لەوانەیە زیاتر لە 50%ی بەڕێوەبەرەکان بگۆڕدرێن".

ئامادەیی مەحوی ئێوارانی کوڕان، قوتابخانەیەکی قەرەباڵغی ئێوارانە و ئەمساڵ 744 قوتابی هەیە.

محەممەد عەبدولڕەحمان، بەڕێوەبەری قوتابخانەکە پێیوایە هۆکاری سەرەکی کەمیی ڕێژەی دەرچوون لە قوتابخانەکانی ئێواران کەمیی میلاکە. ئەو بەڕێوەبەرە هەرچەندە ساڵێکی ماوە بڕیارەکەی ئەنجوومەنی وەزارەت بیگرێتەوە، بەڵام جێبەجێکردنی بڕیارەکە تەنیا لەسەر بەڕێوەبەرەکانی ئێواران بە نادادپەروەری دەزانێت و دەڵێت "جێبەجێکردنی ئەم بڕیارە تەنیا بەسەر بەڕێوەبەرکانی ئێواران جۆرێکە لە سووکایەتی".

سەبارەت بەدەستێوەردانی حیزبی و واستەکاری، محەممەد عەبدولڕەحمان دەڵێت "دووساڵ بەر لەئێستا دەستێوەردان و واستەکاری زۆر هەبوو، بەڵام دوای ئەوەی چەند بەڕێوەبەرێک سزا دران، ئێستا دیاردەکە کەم بووەتەوە". ئاکۆ سابیر عوسمان، سەرپەرشتیاری پسپۆڕی کۆمەڵایەتی لە بەڕێوەبەرایەتی سەرپەرشتیاری پەروەردەی ناوەندی هەولێر، ڕایگەیاند سەردانی چەند قوتابخانەیەکی ئێوارانیان کردووە و بۆیان دەرکەوتووە بەشی زۆری قوتابیان هیچ بەشدارییەکیان لەنێو پۆلدا نییە و دەریشدەچوێندرێن. گوتیشی "دەرچوون ئەوەندەی بەواستەکاری و پاڵپێوەنان و بەرتیلە ئەوەندە لەسەر بنەمای خوێندن نییە، ئەمەش ئەنجامەکەی لە ئەزموونە گشتییەکانی 12ی ئامادەیی بەڕوونی دەردەکەوێت کە ڕێژەی دەرچوون زۆر لاوازە لە قوتابخانەکانی ئێواران".

ئاکۆ سابیر عوسمان دەڵێت تەواوی ئەم گەندەڵیانەم بەبەڵگەوە بەسەرووی خۆم و خودی وەزیری پەروەردەش گەیاندووە، خۆشبەختانەش ئەمساڵ ئەنجومەنی وەزارەت وەک دەستپێک بڕیاری لادانی ئەو بەڕێوەبەرانەی داوە کە 4 ساڵ بەسەر خزمەتیاندا تێپەڕیوە.

بەڕێوەبەری فێرکردنی ئێواران سەبارەت بە ڕێژەی دەرچووانی قوتابیانی ئێواران لە ئەزموونە گشتییەکانی 12ی ئامادەیی و تاقیکردنەوەی نیشتمانی 9ی بنەڕەتی، گوتی "ڕێژەی دەرچوون زۆر لاوازە و 3% تێپەڕ ناکات، ئەم ڕێژەیە بەراورد بە خەرجیی وەزارەتی پەروەردە بۆ خوێندنی ئێواران و ماندووبوونی مامۆستایان زۆر کەمە، بۆیە ئەم پرسە پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زیاترە".

---

# مێشک کۆمپیوتەرەکەی سلێمانی کرێکاری دەکات

"دەمەوێ بیسەلمێنم بەهێزترین مێشک لە جیهاندا مێشکی کوردە"



جەمال ئەحمەد جەمیل
رووداو- سلێمانی

گەنجێکی کوردی دانیشتووی شاری سلێمانی، دوای ئەوەی بەهۆی خراپی بژێوی ژیانییەوە لەخوێندن دادەبڕێت، کۆڵ نادات و رازی نابێت بەوەی تەنیا سەرقاڵ بێت بە دابینکردنی قووتی ڕۆژانەی خێزانەکەی، بەڵکو شەوانە ڕاهێنان لەسەر لەبەرکردنی ژمارە دەکات، تاوەکو لەو ڕێگەیەوە ناوی بچێتە کتێبی گینس بۆ ژمارە پێوانەییەکان.

سیروان ڕەحیم، 19 ساڵ، بە لەبەرکردنی 200 ژمارە لە 6 خولەکدا، دەیەوێت ژمارەی پێوانەیی کتێبی گینس بۆ لەبەرکردنی ژمارەکان بشکێنێت و وەک گەنجێکی کورد بیکات بەناوی خۆیەوە.

تاوەکو ئێستا ئەم ژمارە پێوانییە لە کتێبی گینسدا 73 ژمارەیە لە 6 خولەکدا و بەناوی داریۆ دوناتلی-یە.

پێش ئەوەی دەستبکەن بەتاقیکردنەوە، مامۆستاکان بە سیروان ڕەحیمیان گوت بچێتە دەرەوەی ژوورەکە، دواتر دەستیانکرد بە نووسینی ژمارەکان لەسەر بۆردە سپییەکە، دوای ئەوەی تەواوبوون لە نووسینی ژمارەکان، مامۆستاکان سیروان ڕەحیمیان بانگ کردە ژوورەوە، ماوەی 6 خولەک مۆڵەتیان پێدا تاوەکو سەرجەم ژمارەکانی لەبەرکرد.

سیروان ڕەحیم، دوای 6 خولەک، ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ دەرخستنی تواناکانی. بەپێی سیستمە جیهانییەکە مامۆستاکان چاوی گەنجەکەیان بەست و پشتیانکردە بۆردە سپییەکە، دواتر سیروان لە سەرەتای ژمارەکانەوە دەستی کرد بە خوێندنەوەی ژمارەکان تاوەکو کۆتایی، پاشان لە کۆتاییەوە تاوەکو سەرەتا ژمارەکانی بەبێ هەڵە خوێندەوە.

ئەوەی زۆر سەرنجڕاکێش بوو، دوای خوێندنەوەی ژمارەکان بەبێ هەڵە، مامۆستاکان دەستیان دەخستە سەر خانەی هەر ژمارەیەک، ناوبراو بەبێ وەستان ناوی ئەو ژمارەیەی دەهێنا کە لە خانەکەدا بوو "ئەگەر بوارم بۆ بڕەخسێت، بەدڵنیاییەوە دەتوانم ژمارە پێوانەییەکەی کتێبی گینس تێپەڕێنم و بیکەم بەناوی خۆمەوە".

سیروان ڕەحیم گوتیشی "ئەوەی من دەیکەم، جیهانی پێ سەرسام دەکەم. چونکە من لەڕووی کات و ژمارەکانەوە لەپێش (داریۆ دوناتلی)م".

سەرەتا سیروان کە بەهرەکەی خستەڕوو، ئەوانەی سەرپەرشتییان دەکرد، وایان هەست کرد کە کارێکی زۆر ساکار دەکات، بەڵام ئەم گەنجە بە تواناکانی ئەوەی خستەڕوو، ئەگەر ڕێگاکان کراوەبن بەڕوویدا، ئەوەی دەیکات خەون نییە، بەڵکو توانایەکە دەیەوێت پێشانی جیهانی بدات.

کەمال عەبدولکەریم، سەرپەرشتیاری بەڕێوەبردنی تاقیکردنەوەکە گوتی "من سەرم لەوە سوڕماوە بەهێزترین مێشکی کورد لەخوێندن دابڕابێت و کەس ئاگای لێی نەبێت، تواکانی ئەم گەنجە ئەوەمان پێدەڵێت، ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێت، لەپاڵ تواناکانیدا دنیا سەرسام دەکات بەوەی ڕۆژانە جەستەی ماندوو دەکات بۆ پەیداکردنی پارووە نانێک و شەوانیش لەبری پشوودان، ڕاهێنان لەسەر توانای مێشکی دەکات".

سیروان ڕەحیم، ئاسوودەیە بەو ژیانە کولەمەرگییەی تێیدا دەژی، چونکە وەک خۆی دەڵێ، خەونەکانی هێندە گەورەن بواری ئەوەی نادەن بیر لە خۆشگوزەرانی بکاتەوە "بەهەر نرخێک بێت دەمەوێت بۆ جیهانی بسەلمێنم بەهێزترین مێشک لەجیهاندا، مێشکی کوردە".

ئەو مامۆستایەی کە بە وردی چاوی بڕیبووە سیروان، سەرەتا دڵنیا نەبوو لەوەی ئەوەی ئەو دەیڵێت بتوانێت بیکات "سەرەتا کە بینیم تەنیا بێدەنگییەکەی سەرنجی ڕاکێشام، نەوەکو ئەوەی کە دەیگوت دەمەوێت ژمارەی پێوانەیی کتێبی گینس بشکێنم، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت لەودیو بێدەنگییەکەیەوە، دنیایەک توانا و بەهرە خۆی شاردووەتەوە، ئەگەر بواری بۆ بڕەخسێت دنیا سەرسام دەکات، ئەوەی بینیم لەو گەنجە مەحاڵە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا توانای واهەبێت، خۆزگە دوای بڵاوبوونەوەی ئەم ڕاپۆرتە، دەرگاکانی لەسەر دەکرانەوە، بۆ ئەوەی مێژوو تۆمار بکات بۆ خۆی و نەتەوەکەی". نەرمین مەحموود، کە یەکێک بوو لەو مامۆستایانەی سەرپەرشتی تاقیکردنەوەکەی دەکرد، وایگوت.

سیروان ڕەحیم، جیاواز لەو بەهرە و توانایەی هەیەتی بۆ شکاندنی پێوانەی لەبەرکردنی 200 ژمارە لە 6 خولەکدا، دەیەوێت ببێتە بەهێزترین مێشک بۆ لەبەرکردنی زۆرترین ژمارە لەجیهاندا، ئەم سیستمەش هیچ کاتێکی دیاریکراوی نییە و کات کراوەیە بۆ لەبەرکردنی زۆرترین ژمارە. دێڤید تۆماسی ئەمریکی بە خاوەنی زیرەکترین مێشک دادەنرێت لەجیهاندا بە لەبەرکردنی 22 هەزار و 250 ژمارە.

گەنجە 19 ساڵەکەی سلێمانی بەردەوام بیر دەکاتەوەو لەخەمی ئەوەدایە زیاتر گەشەبدات بەتواناکانی مێشکی، تاوەکو لە ڕێگەی لەبەرکردنی ژمارەکانەوە ببێتە کەسی ژمارە یەک لە کتێبی ژمارە پێوانەییەکەدا، جیاواز لە ژمارەکانیش دەیەوێت ببێتە خاوەنی ژمارەی پێوانەیی بۆ لەبەرکردنی زۆرترین ریزبەندی (ناو) لە جیهاندا.

---

# ئاگر زیانی یەک ملیار دیناری لە ڕانیە داوە

عومەر چاوشین
رووداو- ڕاپەڕین

بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی لە ڕاپەڕین، لە ماوەی هەشت مانگی ڕابردوودا 517 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە لەو سنوورە تۆمارکراون و تەنیا یەک کەسیش لەسەر ئەم ئاگرکەوتنەوانە سکاڵای تۆمار کردووە.

نەقیبی پۆلیس حوسێن ئەحمەد گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی بەرگریی شارستانی لە ڕاپەڕین بە (رووداو)ی گوت "لە هەشت مانگی ڕابردوودا 517 ڕووداوی ئاگرکەوتنەوەمان لەم سنوورە تۆمار کردووە".

ئاماژەی بەوەش دا کە زۆربەی ڕووداوەکان لە مانگە گەرمەکاندا بوون و لە کارگە و بازاڕو ماڵ و دەشت و لەوەڕگە و شاخەکان و ئۆتۆمبێل و کێڵگەی پەلەوەر و کشتوکاڵیدا بوون، بەڵام زۆربەی ڕووداوەکان لەناو ماڵەکاندا بوون.

سەبارەت بە زیانەکانی ئەو ڕووداوانەش، ئەو نەقیبەی پۆلیس گوتی "تەنیا ئەو ڕووداوانەی کە لێکۆڵینەوە لەسەریان تەواوبوون، زەرەر و زیانەکانیان زیاتر لە یەک ملیار دینار بووە، بەڵام هەندێک لە ڕووداوەکانی دیکە لە لێکۆڵینەوە تەواو نەبوون، بۆیە زیانەکانیان مەزەندە نەکراون".

گوتیشی کە تەنیا یەک هاووڵاتی سکاڵای تۆمار کردووە لەسەر سووتانی دوو پاسی نەفەر هەڵگر کە سەرەتای ئەم مانگە لە نێو شاری ڕانیە سووتان. بەڵام ڕووداوەکانی دیکە بەهۆی شۆرتی کارەبا و کارەساتی سروشتی بوون، بۆیە کەس سکاڵای تۆمار نەکردووە.

لەسنووری ئیدارەی ڕاپەڕین 7 بنکەی ئاگر کوژێنەوە هەن کە بەپێی قسەی ئەو بەرپرسەی ئاگرکوژێنەوە هەر بنکەیەک پێویستی بە یەک ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوەو ئامێری ئاوپرژێن و تەنکەرێک هەیە، گوتیشی "فەرمانی کردنەوەی سێ بنکەی دیکەی ئاگرکوژێنەوە هەیە لە ناوچەکەدا، بەڵام ئێمە پێویستمان بە کردنەوەی نۆ بنکەی دیکە هەیە، لەبەر نەبوونی میلاکات و پێداویستییەکانی دیکە کاتی کردنەوەکەی سێ بنکەکە دیار نییە".

گەورەترین ڕووداوی ئاگرکەوتنەوە کە لە ڕانیە ڕوویدا، سووتانی بازاڕی سەید عەلی بوو کە زۆربەی دووکانەکان کوتاڵفرۆش و چەند دووکانێکیش میوەفرۆش بوون.

ئەمیر ئەحمەد بە نوێنەرایەتی 130 دووکاندار قسەی بۆ (رووداو) کرد و گوتی "بازاڕی سەید عەلی نزیکەی 200 دووکان بوون، ئاگرەکە بەهۆی شۆرتی کارەباوە بوو، دەستی کەسی تێدا نەبووە، زیانەکە زیاتر بەر قوماشفرۆشەکان کەوت. ئەم ڕووداوە زیانی 19 ملیۆن دیناری پێگەیاندم، ئێستا من و 199 دووکانداری دیکە بێکار بووین، نازانین چ کارێک بکەین، حکومەت بەڵێنی پێداوین قەرەبوومان بکاتەوە، بەڵام هێشتا قەرەبوو نەکراوینەتەوە".

هاوکار موحسین، یەکێکی دیکەیە لە خاوەن دووکانە سووتاوەکانی ڕانیە، گوتی "پێنج مانگە دووکانداری دەکەم و نۆ ملیۆن دینار زەرەرمەند بووم، بەڵام کاسبکار هەیە پێنج دەفتەر دۆلاری زەرەر کردووە بەهۆی ئاگرکەوتنەوەکەی بازاڕی ڕانیە، هەمانە لەبەرئەوەی قەرزدارە، هەفتەی یەکجار بەنهێنی دەگەڕێتەوە ماڵەکەی، بە شەو و ڕۆژ لە شاخ و دەم ڕووبارەکان خۆی دەشارێتەوە لە ترسی خاوەن قەرزەکان".

ئەو دووکاندارە ئاماژەی بەوەش دا کە حکومەت بەڵێنی پێداون زەوییان پێبدات و لە شوێنێکی دیکە بازاڕەکەیان بۆ دروستبکاتەوە.

عومەر حاجی، گوتەبێژی ئیدارەی ڕاپەڕین، سەبارەت بە قەرەبووکردنەوەی ئەو کەسانەی بەهۆی ئاگرکەوتنەوە زیانیان بەرکەوتووە، گوتی "لیژنە دروستکراوە بۆ بە دواداچوونی ڕووداوەکان و ڕێکارە یاساییی و ئیدارییەکان گیراونەتەبەر، ئاماری ڕووداوەکانی ئاگرکەوتنەوە کراون و نووسراومان کردووە بۆ ئەنجوومەنی وەزیران و وەزارەتی دارایی، چاوەڕێی وەڵامی وەزارەتی دارایی دەکەین"



## کلیپەکەی کەمال ئامادەیە



**هیوا سەڵاح**

**رووداو- هەولێر**

هونەرمەند کەمال محەممەد کۆتایی بە وێنەگرتنی دواین گۆرانی خۆی هێنا. بڕیار فەتاح دەرهێنەری کلیپەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "کەمال محەممەد گۆرانییەکی بەناوی ئاخ لە دەستی تۆ کلیپ کرد کە لە ئاوازی هونەرمەند عەتا ئەحمەدە و لە شیعری ئیسماعیل ساڵحە و منیش کاری دەرهێنانم بۆ کردووە کە لە رۆژانی داهاتوودا بڵاودەکرێتەوە".

# دالیا نەبووە شای جوانەکان



**هیوا سەڵاح**

**رووداو- هەولێر**

لە پێشبڕکێی نافەرمیی دیاریکردنی شای جوانەکانی جیهاندا سێ خانمی شۆخ و شەنگ نازناویان وەرگرت کە هیچیان کورد نەبوون.

لەو پێشبڕکێیەدا کە لە ئیکوادۆر لە ئەمریکای لاتین لەژێر ناوی (Queen World Beauty) بەڕێوەچوو، کچە کوردێکیش بە ناوی دالیا محەممەد بەشداری کرد، بەڵام هیچ نازناوێکی نەهێنا.

دالیا کە ئامادە نەبوو لەو پێشبڕکێیەدا بە جلی ژێرەوەو بەنیمچە رووتی دەربکەوێ، هەر دڵخۆشە بەوەی کە بەشداری کردووە.

لە پەراوێزی پێشبڕکێیەکەدا دالیا کۆمەڵێک وێنەی بە ئاڵای کوردستانەوە گرت کە لە یەکێکیاندا لەگەڵ شاجوانی ئەمریکا دەردەکەوێ.

دالیا دەڵێت "شاجوانی ئەمریکا کە زانی من لە کوردستانەوە هاتووم زۆر دڵخۆش بوو، بە منی گوت کە ئەو بەهەموو شێوەیەک لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستانە و شارەزایی لەبارەی مێژووی کورد هەیە، دواتر بە ئاڵای کوردستانەوە وێنەیەکی لەگەڵ من گرت".

# چۆپی بە کلیپێکی نێونەتەوەییەوە دێتەوە



رووداو- هەولێر

کچە هونەرمەندی باشووری کوردستان چۆپی فەتاح لەڕێی ڤیدیۆ کلیپێکەوە داوای سەربەخۆیی بۆ کوردستان دەکات.

چۆپی لەبارەی ئەو کلیپە بە (رووداو)ی راگەیاند "ئەم سروودەم بەناوی سەربەستییە، چەند کەسێک لە چەند وڵاتێکەوە بەشدارییان تێدا کردووە کە هەریەکەیان بە زمانی خۆی کارتێک بەرزدەکاتەوە لەسەری نووسراوە سەربەستی، ئەمەش وەک پێشاندانی ویستێکی نێونەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان کە ئێستا پشتگیری لە گەلی کوردستان و ئەزموونەکەی دەکەن".

تێکستی ئەو سرووده ئینگلیزییە و کەمال میراودەلی کردوویەتی بە کوردی و هونەرمەند بورهان موفتی زادەش ئاوازی بۆ داناوە.

# حەمید سەنگەر چۆڵ ناکات



**رووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژی لاو حەمید عوسمان دوای ئەوەی سروودێکی حەمەجەزای دووبارە کردەوەو رەخنەیەکی زۆری لێگیرا، ئێستا سروودێکی نوێی بۆ پێشمەرگە تۆمارکردووە.

بڕیار فەتاح، دەرهێنەری کلیپەکە بە (رووداو)ی راگەیاند (سەنگەری خۆم ناگۆڕم) نوێترین سروودی حەمید عوسمانە کە لە ئاوازی بورهان موفتی زادەیە و شیعری ئیسماعیل ساڵحە. گوتیشی "کلیپەکەی تەواو بووەو خۆم کاری دەرهێنانم بۆ کردووە".

حەمید عوسمان چەند گۆرانییەکی هونەرمەندی کۆچکردوو حەمە جەزای گوتووەتەوە، بەڵام دوای گوتنەوەی گۆرانی هۆ کاکی پێشمەرگە، کەسوکاری حەمەجەزا رەخنەیەکی زۆریان لێگرت و گوتیان سروودەکەی شێواندووە.



# شوانێکی کورد دەچێتە ئەوروپا

**رووداو- هەولێر**

دەرهێنەری کورد سەهیم عومەر خەلیفە سەرقاڵی یەکەمین فیلمی درێژە کە بەناوی زاگرۆسە و بەرهەمێکی هاوبەشی بەلجیکی و ئەڵمانییە.

سەهیم بۆ یەکەمجارە زانیاری دەربارەی ئەم فیلمە بۆ (رووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت "زاگرۆس ناوی نوێترین فیلمی درێژی منە، بەشێکی زۆری فیلمەکە لە بەلجیکا وێنە دەگرم و بەشێکی دیکەشی لە کوردستان، بۆ ئەم فیلمە زیاتر ئەکتەری پرۆفیشناڵ هەڵدەبژێرم و تاوەکو ئێستا تێستی 150 کەسمان کردووە کە بەشێکی زۆری لە باکووری کوردستان بووە".

چیرۆکی ئەمجارەی سەهیم جیاوازە و سەربوردەی پیاوێکی کورد دەگێڕێتەوە کە چۆن لە ژیانی شاخەوە روو لە ژیانی ئەوروپا دەکات. سەهیم گوتیشی "زاگرۆس شوانی مەڕە و لە چیاکانی کوردستان دەژی، هەر لە چیاش خێزان دروست دەکات، دواتر چەند هۆکارێک وا دەکەن بڕیار بدات سەری خۆی هەڵگرێت و بەرەو ئەوروپا کۆچ بکات، بەڵام ژیانی ئەوێ بۆ ئەو زۆر سەخت دەبێت".

# دایکێک بووە شای جوانەکانی جیهان



**رووداو- ئاژانسەکان**

خاتوونێکی رووسی کە خاوەنی سێ منداڵە دەبێتە شای جوانەکانی جیهان لەو پێشبڕکێ نافەرمییەدا کە لەژێر ناوی (Queen Beauty World) لە ئیکوادۆر بەڕێوەچوو.

یولیا ئیونینا لەنێو 40 شۆخی جیهان، وەک شاجوانی خانمەکانی جیهان دەستنیشان کرا.

یولیا ئیونینا تەمەنی 29 ساڵە و سێ منداڵی هەیە، بەڵام ئەوە هیچ کاریگەرییەکی لەسەر لەشولاری دانەناوەو بەو هۆیەشەوە نازناوەکەی بردەوە.

لەو پێشبڕکێیەدا ململانێیەکی توند هەبوو لەسەر نازناوەکە، چونکە بەشێک لە خانمەکان خاڵەکانیان زۆر لەیەک نزیک بوو، بەڵام یولیا ئیونینا توانی نازناوەکە بباتەوە.

پێشبڕکێی (Queen Beauty World) هیچ پەیوەندییەکی نییە بە پێشبڕکێی فەرمیی دیاریکردنی شاجوانی جیهان کە ساڵانە هەر جارەی لە وڵاتێک بەڕێوەدەچێ.



# دیپیکا پادوکانی: لەشفرۆشی کاسبیە

**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی بۆلیوود دیپیکا پادوکانی رایگەیاند "ئەوانەی لەشفرۆشی دەکەن هیچ گوناهێکیان نییە، چونکە ئەو کارە بە دوایین دەرفەت دەبینن بۆ ئەوەی بژین، بۆیە من دەڵێم ئەمە کاسبیە".

دیپیکا بەهۆی ئەو قسانەوە بەرەوڕووی رەخنەیەکی زۆر بووەوە، بەڵام ئەو هەر سوور بوو لەسەر رای خۆی.

دیپیکا لەدرێژەی قسەکانیدا گوتبووی "بیستوومە لەم رۆژانە پۆلیسی هیند چەند لەشفرۆشێکیان دەستگیرکردووە، ئەوان چ هەڵەیەکیان کردووە کاتێک دەیانەوێت منداڵەکانیان لە مردن رزگار بکەن، بۆ ئەوانە دەستگیر ناکەن کە کڕین و فرۆشتن بە مرۆڤەوە دەکەن؟".

# بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی

ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**

بەشێوەیەکی دروست بیردەکەیتەوە، هەموو شتەکان بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێن. لەماڵدا خۆشەویست دەبن و کاتێکی باشە بۆ چارەسەری گرفتەکانی پەیوەست بە ئەڤینداری. بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانت تەنیا پشت بەتوانای خۆت ببەستە.

**گا**

پەیوەندیتان لەگەڵ ئەوانەی لێتان دوورن جارێکی دیکە گەرم دەبێتەوە. بەهۆی دیدار و پەیوەندییەکانتان و هەندێک بەڵێن هەست بەئاسوودەیی دەکەی. دەتوانی متمانە بە بۆچوونەکانت بکەیت بەتایبەتی لە بواری سۆزداری.

**جمک**

پەیوەندیت لەگەڵ خەڵکی نوێ زیاتر دەبێت، بەتایبەت ئەوانەی دەتوانن هاوکاریت بکەن. کاتێکی باشە بۆ خوێندنەوە و نووسین. چەند خۆت لە گرفت بپارێزیت ئەوەندە لەسەرکەوتن نزیک دەبیتەوە.

**قرژاڵ**

ئەگەر لە نزیکەوە سەرپەرشتی کارەکانی خۆت بکەیت ئەنجامەکان باشتر دەبن. پێویست دەبێت چەند کارێکی فەرمی تەواو بکەی. بەهۆی سەرکەوتن لەکارێک گەشبین دەبن و دەتوانن زیاتر بڕوا بە توانای خۆتان بکەن.

**شێر**

بەرنامەیەکی باشی کارت ئامادە کردووە، ئەگەر بەباشی جێبەجێی بکەیت دەگەیتە ئامانجەکانت، بەڵام کەڵلەڕەقی لە شتێکدا مەکە لەگەڵ کەسانێک کە شارەزاییان لەتۆ زیاترە. لەناختدا هەست بە نائومێدی دەکەیت، بەڵام لەڕاستیدا ئەو ئەنجامانەی بەدەستهاتوون باشن.

**گوڵەگەنم**

کاتی کارکردنە بۆ بەدیهێنانی ئەو ئاواتانەی ماوەیەکە کاریان لەسەر دەکەیت. هاوڕێی نوێ دەناسیت کە سەرنجت رادەکێشن و دەتوانی وەک یارمەتیدەرێکی نوێ سوودیان لێوەربگری. لەم ماوەیەدا بەبیرکردنەوەتان رێگە راستەکان دەدۆزنەوە.

**تەرازوو**

کات یارمەتیدەرێکی باشتان دەبێت، بەڵام پێویستە خۆڕاگربن، چونکە ئەستێرەی بەختەوەریتان بەرەو گەشانەوەی زیاتر دەچێت و چەند پلانێکی نوێ هەنگاوەکانتان بەرەو سەرکەوتن دەبات. سۆزدارەکانتان پێویستیان بە ئێوە هەیە تا بیروڕایان لەگەڵ بگۆڕنەوە.

**دووپشک**

هەموو هێز و توانات لەکارێکی نوێدا بەکاردەهێنی بۆ سەرکەوتن، بە راڕایی هەنگاو مەنێ چونکە توانایەکی باش و زۆرت هەیە و دەتوانی کۆنترۆڵی بکەیت. هەرچەندە سۆزداری ئاسوودەت دەکات، بەڵام ئەنجامەکان بەو شێوەیە نابن کە هەست بەدڵنیایی بکەیت.

**کەوان**

کارێکی گرنگتان دوا دەکەوێت، بەڵام لە پاشان بەقازانجتان وەردەگەڕێ. لەکارەکەتدا هەست بەئاسوودەیەکی زۆر دەکەیت. سۆزداری رۆڵێکی سەرەکی دەبێت لە ژیانتدا. چالاکییەکانتان زیاد دەبێت و گرنگی بە تواناتان دەدرێ.

**کارژۆڵە**

لەم ماوەیەدا سەرقاڵییەکان ئێجگار زیاد دەبن، خۆت بۆ پرۆژەیەکی گەورە ئامادە دەکەیت، پشتیوانی کۆمەڵ و چواردەورەکەت بەتەواوی دڵخۆشت دەکات. لەشوێنی کارەکەت هەست بەگونجان و نزیکبوونەوەی زیاتر دەکەی. مەترسە هیچ شتێک رێگریت لێ ناکات.

**سەتڵ**

دەتوانی بڕوا بەکەسانی نزیکت و چواردەورت بکەیت. خۆتان تەواو سەرقاڵ کردووە بەبێ ئەنجامێکی ئەوتۆ. ئێستا بەئاسانی دەتوانن دەست لەکارێک بکێشنەوە کە بەباشی نازانن. ئەگەری بەدیهێنانی ئاواتەکانتان بەهێزتر دەبێت و چەند هەوڵێکی دیکەی بۆ دەدەن.

**نەهەنگ**

مەهێڵە هەندێک بەربەستی بچووک ببێتە مایەی خەمی گەورە چونکە لە کۆتاییدا دەتوانی هەنگاو بەسەر گرفتەکاندا بنێی. لەگەڵ سۆزدارەکەت خاڵی هاوبەشی زۆرتان هەیە. پێویستت بە سۆز و خۆشەویستی هەیە. بەڵێنی بەجێهێنانی ئەو داواکاریانە مەدە کە بۆت جێبەجێ ناکرێن.

مەلیکە مەززان، ژنە شاعیری ناسراوی ئەمازیغی بۆ (ڕووداو):

# کورد سوپاسیان کردم و عەرەب جنێویان پێدام



مەلیکە مەززان، نووسەر و شاعیرێکی مەغریبی بە ڕەچەڵەک ئەمازیغیە. کەسایەتییەکی مشتومڕ وروژێنی نێو دنیای ئەدەب و نێوەندی ڕۆشنبیریی عەرەبی و بەتایبەتی مەغریبییە بەهۆی لێدوان و ڕەخنە توندەکانی لە دیاردەکانی نێو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی و تێکستە شیعرییە بوێرەکانی وەک ژنێک کە لەو بوارەدا بەتەنیا و بێ سڵەمینەوە چووەتە نێو شەڕێکی نەبڕاوە.

مەلیکە مەززان داواکارێکی هەرە دیاری ئاساییکردنەوەی پەیوەندی وڵاتانی عەرەبییە لەگەڵ ئیسرائیل، ئازادیخوازێکی هەرەدیاری ئەمازیغە و لەگەڵ ئەوەشدا بەرگریکارێکی سەرسەختە لەدۆزی کورد. بەم دواییەش کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەگەڵ چەکدارانی داعش کەوتنە شەڕەوە، مشتومڕێکی گەورەی نایەوە کاتێک گوتی کە ئامادەیە لەدژی چەکدارانی داعش، جیهادی نیکاح بکات لەگەڵ پێشمەرگە. مەلیکە مەززان لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (ڕووداو) کە بە ئیمەیل کراوە، باسی ئەوە دەکات کە نامەیەکی زۆری سوپاسگوزاری لە خەڵکی کوردەوە پێگەیشتووە بۆ ئەو پشتیوانییە ڕەمزیە و هاوکات لەلایەن عەرەبیشەوە نامەیەکی زۆری سوکایەتی و جنێوی پێگەیشتووە.

نامەیەکی زۆری سوپاس و پێزانینم لەلایەن کوردەوە پێگەیشتن

سەردانی کوردستان بۆ من وەکو حەجێکی موبارەک وایە

کورد نابێ بە خەونی بچووکتر لە مافە ڕەواکانی خۆی ڕازی بێت

**ڕووداو: مەلیکە مەززان کێیە، ئەگەر بتەوێ بەکورتی خۆت بە خوێنەری کورد بناسێنی؟**

**مەلیکە مەززان:** مەلیکە مەززان مرۆڤێکە خۆی لەناو ڕۆنگاوێکی نیشتمانی و ئیقلیمی و جیهانیدا دیتەوە کە پڕبوو لە تیمساح و شتی بۆگەنی هەمەجۆر، بۆ گونجاندنی ئەمە لەگەڵ ویژدان و کولتووری لێبوردەیی ئەمازیغیدا، قۆڵی لە ئەرکێکی چاوەترسانە و ئازایەنەی خاوێنکردنەوە هەڵماڵی کە لەوانەیە تێچووەکەشی زۆر بێت. ڕەنگە ئەمە پێناسەیەکی چڕوپڕی کەسایەتی مەلیکە مەززان و ژیان و ڕەوتی تێکۆشانی بێت.

**ڕووداو: تۆ بەشێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش پشتیوانی خۆت بۆ هێزی پێشمەرگە ڕاگەیاند کە مشتومڕێکی زۆری نایەوە کاتێک گوتت ئامادەی جیهادی نیکاح بکەی، بەڵام لەگەڵ پێشمەرگە نەک لەگەڵ چەکدارانی داعش، چی پاڵینای بۆ ئەم هەڵوێستە؟**

**مەلیکە مەززان:** ئەوە هاوسۆزییەکی کۆنی نوێبووەوەی منە لەگەڵ گەلی کورد بەدرێژایی ڕۆژگاری بەرەنگاربوونەوەی لەدژی زوڵم و ڕزگاربوونی یەکجارەکی لەچنگی وەحشیگەری.

**ڕووداو: ئەم هاوسۆزییەی کۆمەڵگای ئەمازیغی لەگەڵ دۆزی کورد شتێکی ئاشنا و زانراوە، بەڵام هەمیشەش ئەو پرسیارە هەیە کە ئەم هاوسۆزییە لەبەرچی؟**

**مەلیکە مەززان:** ئەمە هاوسۆزییەکی خۆڕسک و چاوەڕوانکراویشە لەسەر ئەو بنەمایەی کە هەردوو گەل بەهەمان میحنەتدا دەڕۆن. مەبەستم میحنەتی ژیان لەسایەی باڵادەستیی عەرەبی ئیسلامی، باڵادەستییەک کە چارەنووسی هەردوو گەل لەسایەیدا، ژیان بووە لە پەراوێزدا، ئەم پەرتەوازەبوونە بووە لەنێوان کۆمەڵێک دەوڵەت کە هەمیشە سیاسەتی سەرکوت و قڕکردنیان لەدژی هەردوو گەل پەیڕەو کردووە.

**ڕووداو: بەڵام بۆچی تائێستا بۆنموونە کۆمەڵەیەکی دۆستایەتی کارا لەنێوان هەردوو گەل دروست نەبووە؟**

**مەلیکە مەززان:** خۆی گرنگ دروستکردنی کۆمەڵەی دۆستایەتی نییە، بەڵکو کاراکردنی ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵانەیە بەشێوەیەکی کردەنی. پێموایە واقیعی هەردوو گەل بەربەست بووە لەبەردەم ئەوەی کە دۆستایەتییەکی ڕاستەقینەی بە بەرهەم لەنێوان هەردوو گەل دابمەزرێ.

**ڕووداو: پاش ڕاگەیاندنی ئەو پشتیوانیەت بۆ پێشمەرگە هیچ نامەت بۆ هاتن لەلایەن کورد، یان خەڵکی دیکەش، بۆنموونە عەرەب؟**

**مەلیکە مەززان:** نامەیەکی زۆر زۆری سوپاس و پێزانینم لەلایەن کوردەوە پێگەیشتن، لە پێشمەرگە و لە ڕۆشنبیر و یاساناس و ڕۆژنامەنووس و سیاسی، لەلایەن عەرەبیشەوە بەهەمان قەبارە نامەم بۆ هاتن، بەڵام هەمووی سەرکۆنە و جنێو بوو. دیارە هەر میللەتێکیش پاڵنەری خۆی هەیە جا بۆ سوپاسکردنی دەستپێشخەریەکەم بێت یان بۆ ئیدانەکردنی.

**ڕووداو: بیرت لەوە کردووەتەوە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەی؟**

**مەلیکە مەززان: دەبێ بڵێن:** بیرت لەوە کردووەتەوە سەردانی دەوڵەتی کوردستان بکەی. من پێموایە گەلی کورد نابێ بە خەونی بچووکتر لە مافە ڕەواکانی خۆی ڕازی بێت. بۆ وەڵامی ئەو پرسیارەش دەڵێم هەر کاتێک ناوی کوردستان بە مێشکمدا دێت، یەکسەر وڵاتێکی ڕەنگاوڕەنگ و چیا و جەژنەکانی کوردستان و ئاهەنگەکانی دێنە پێش چاوم و چاوم پڕدەبێ لە فرمێسک...

نازانم بۆچی، بەڵام ئەمە ڕاستیەکەیە. لەوانەیە لە ژیانێکی ڕابردوومدا هاووڵاتیەکی کورد بووبم و هەرچی لەم ژیانە نوێیەمدا دەیکەم بیری ئەو خاکە بێت کە ڕۆژێک لە ڕۆژان نیشتمانی ڕاستەقینەی من بووبێ، ئەم بیرکردنە دەگاتە ڕادەیەک کە خەون بە سەردانی کوردستانەوە ببینم، سەردانێک کە حەتمەن بۆ من دەبێتە ڕووداوێکی مێژوویی خۆش و بگرە بۆ من وەکو حەجێکی موبارەک وایە بۆ خاکی کوردستانی پیرۆز.

**ڕووداو: ئەم خۆشەویستییە بۆ کوردستان لە کارە ئەدەبییەکانی تۆدا ڕەنگیداوەتەوە؟**

**مەلیکە مەززان:** بگرە شانازی دەکەم بەوەی لە ڕۆشنبیرە پێشەنگەکانی ئەمازیغ بووم، ڕەنگە یەکەمینیش بووبم کە بەرهەمی جوانی ڕاستگۆیانەم بۆ نووسیوە و لە ڕۆژنامە مەغریبی و بیانیەکانەوە لێدوانی توندم داوە. لە هەموو ئەوانەدا دیارە کە چەندە هاوسۆز بووم لەگەڵ گەلی کورد. وابزانم ئەرشیڤی دەزگاکانی ڕاگەیاندن بیستراو و بینراو شاهیدیی ئەوەم بۆ دەدەن.

**ڕووداو: هۆی ئەم هەست و سۆزە هەر ئەوەیە کە هەردوو گەلی کورد و ئەمازیغی بەرەوڕووی توندوتیژی و زوڵم بوونەتەوە؟**

**مەلیکە مەززان:** لێکچوونی گەورە لە میحنەتی هەردوو گەلدا مەرجێکی پێویست نییە بۆئەوەی گەلی کوردم تا ڕادەی ئەوپەڕی جورئەت و ئەوپەڕی شەیدایی خۆشبوێت. تەنیا ئەو بەستەرە ئینسانییە بەسە بۆئەوەی پشتیوانیی بێ مەرجی خۆم بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بە هەمان میحنەتدا دەڕۆن، ڕابگەیێنم. مەبەستم میحنەتی کوشتن و ڕاگواستن لەسەردەستی ئەو هێزە وەحشیانەی ناوچەکە بەدەستیانەوە گیرۆدە بووە.

**ڕووداو: وەکو ژنە شاعیرێک، ئەو بێدەنگیەی وڵاتانی عەرەبیت لەئاست بەتاڵان بردنی ژنانی ئێزدی لە شنگال چۆن بینی؟**

**مەلیکە مەززان:** دەستدرێژی بۆ سەر ژنان تاوانی جەنگە و ویژدانی ئینسانی ناتوانێ لێی ببوورێ، هەر ئەوە بۆخۆی بەڵگەیە بۆئەوەی کە ئەوانەی ئەو کارەیان کردووە لە لوتکەی وەحشیگەریدان. من دەڵێم بێدەنگیی وڵاتانی عەرەبی بۆنەیەکی دیکەیە بۆ ڕاوەستان لەسەر هەڵماڵینی ڕووی ڕاستەقینەی سیاسەتی دەوڵەتەکانیان و هەروەها کولتوور و عەقڵیەتی گەلەکانیان.

ئێمە لە مەغریب پەندێکمان هەیە دەڵێت "وعادت الحليمه لعادتها القديمه"، داعش لەجیاتی قەتیعە لەگەڵ ڕابردووی خوێناویی بانگەوازی ئیسلامی و مژدەدان بە خەڵک بە ئیسلامێکی لێبوردە و بەخشندە تاوەکو خەڵک دەستە دەستە بێنە ناوی، لەجیاتی ئەمە خەریکی زیندووکردنەوەی ڕابردوویەکی خوێناوییە وەک ئەوەی هیچ ئامراز و ڕێگەیەکی دیکە نەبێ بۆ باوەڕهێنانی خەڵک بە ئیسلام جگە لە پەڕاندنی سەریان و چەوساندنەوەیان و ڕاگواستنیان لەسەر خاکی باپیرانیان.

**ڕووداو: تۆ بەهۆی ئەم بیروڕایانەتەوە زۆرجار هەڕەشەت لێکراوە، کێن ئەوانەی هەڕەشەت لێدەکەن؟ دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەت یان ئیسلامیەکان و ئەوانەی بۆچوونەکانی تۆیان بەدڵ نییە؟**

**مەلیکە مەززان:** ئەگەر قەدەری من ئەوە بێت کە لەسەر لێدوان و هەڵوێستەکانم شەهیدبکرێم، وەک چۆن زۆر لایەن بەرپرسیارێتی خۆیان لەو تاوانە ڕەتدەکەنەوە، ئاواش زۆر لایەنی دیکە شانازی دەکەن بەوەی کە ئەوان "ئەو دەستکەوتە گەورەیە"یان تۆمار کردووە، دەستکەوتی تیرۆرکردنی عەقڵێکی تر لە عەقڵە ئازا و چاونەترسەکانی ئەم ناوچەیە کە هەرگیز بە دەمداخستن لەئاست وەحشیگەری و پاشکەوتوویی ڕازی نابن.

بەشبەحاڵی خۆم نازانم لە کوێ و لە کام لایەنەوە ئەو گوللانە دەتەقێن، چونکە دوژمنانی خوا و کەرامەتی ئینسانی گەلێک زۆرن کە من بەردەوام نەفرەتی خۆمیان لەسەر دەبارێنم و بە ڕەخنەکانم ئابڕوویان دەبەم.

**ڕووداو: ئەگەر ناچاریی وڵاتی خۆت جێبهێڵی حەزدەکەی بێیتە کوردستان؟**

**مەلیکە مەززان:** سوپاسم بۆ گەلی کورد بۆ هەموو بانگهێشتەکانیان، بەڵام پێموایە ئازایەتی و باوەڕ ئەوەیە کە لە وڵاتی خۆم بمێنمەوە و بەرەوڕووی قەدەری خۆم ببمەوە. بۆ خەڵکی وەکو من هیچ بستە زەوییەکی ئەم دنیایە ئەمین نییە، ئێ جگە لەوەش مردن هەر یەکجارە و دووبارە نابێتەوە جا بە فیشەک بمری یان بکەویە ناو بیرێک، یانیش لەسەر جێ بمری، کەواتە هەڵاتن لەچی؟

من دەپرسم: ئایا ژنە گەریلاکانی کورد لەبەرەی شەڕ هەڵدێن، یان وەکو شێر بە باوەڕێکی پتەوەوە بەرەوڕووی دەچن؟ نەخێر گەورەم لە وڵاتی خۆم هەڵنایەم، من لەو ژنە گەریلا جوانانە موستەحەقتر نیم بۆ ژیان. بینینی گرتەیەکی ڤیدیۆیی یەکێک لەو ژنە کوردانە بەڕاستی زۆر کاری تێکردم کە بە ئازایەتییەکی زۆرەوە باسی ئامادەیی خۆی دەکرد بۆ شەڕکردن لەدژی جیهادییەکانی داعش، لەکاتێکدا هەموو دەزانین داعش چ وەحشێکە. من ئەو ڕۆژە خۆمم لەپێش چاو کەوت و هەستمکرد لە بەرامبەر ئازایەتی ئەو ژنە کوردەدا زۆر بچووکم.

**ڕووداو: زۆرکەس دەپرسن تۆ شاعیری، بۆچی خۆت لە سیاسەت دەئاڵێنی؟**

**مەلیکە مەززان:** ناتوانی ڕۆشنبیر لەوە جودابکەیەوە کە لە دەوروبەری ڕوودەدات تەنانەت ئەگەر بیخەیە ناو چوار دیواری زیندانیش. ئەو ڕۆشنبیرەی کە بە ڕەخنە نەگرتن لە کۆمەڵگا و بەرپرسەکانی بەشداری لە ڕاستکردنەوەی ئاراستە و بژارەکانی و خاوێنکردنەوەی عەقڵ و ویژدانی کۆمەڵگاکەی ناکات بەناوی ئەوەی خۆی لە سیاسەت بەدوور گرتووە، جگە لە خاین ناتوانی ناوێکی دیکەی بۆ بدۆزیتەوە.

**ڕووداو: بەدیدی تۆ کورد و ئەمازیغ لەکام شتانەدا هاوبەشن و لە چیدا جیاوازن؟**

**مەلیکە مەززان:** ئەمازیغ و کورد لەجۆری میحنەت و ڕادەی مەینەتیدا وەکو یەکن، بەڵام جیاوازن لەو ڕێگەیەی کە هەریەک لەوان گرتوویانەتە بەر بۆ نەهێشتنی ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی لەسەریان سەپاوە. هەرچەندە بەم دواییە وردە وردە خەریکە لە هەموو شتەکاندا لەیەک بچن، بە خەباتی چەکداریشەوە، لەمەیاندا مەبەستم خەباتی چەکداری تەوارقی ئەمازیغە لە مالی.



رووداو
ژمارە (327) دووشەممە 2014/9/22

یەک کاژێر مانەوە لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن دەگاتە 600 دۆلار

# "کردنەوەی بەشێکی فریاکەوتن لە سلێمانی پێویستی بە بڕیاری سیاسییە"

**سەروەر سالار و لیزا ئەمین**

**رووداو- سلێمانی**

بەرپرسانی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی دەڵێن مانەوەی نەخۆشێک بۆ ماوەی کاژێرێک لە نەخۆشخانەکە نزیکەی 600 دۆلاری تێدەچێت و پزیشکێکی پسپۆڕیش دەڵێت لە چاو ئەو تێچوونە زۆرە، نەخۆشخانەکە خزمەتی پێویست پێشکەشی دانیشتوانی سلێمانی ناکات.

نەخۆشخانە و بەشەکانی فریاکەوتن خزمەتی تەندروستیی سەرەتایی پێشکەش دەکەن و ناچارن بێ بوونی وادەی پێشوەخت، ئامادەییەکی تەواویان بۆ پێشوازی لە چەندین نەخۆشیی هەبێت کە بەشێکی زۆریان ئەگەر بەخێرایی چارەسەر نەکرێن، دەبنە هۆی گیان لەدەستدانی خەڵکی.

نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی، رۆژانە پێشوازی لە ژمارەیەکی زۆری نەخۆش دەکات و کارگێڕانی نەخۆشخانەکەش ئاماژە بە کارایی ستافەکانیان و تێچوونە ماددییە سەرسوڕهێنەرەکەی دەکەن.

دکتۆر ئومێد حەمەساڵح، بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی بە (رووداو)ی گوت "خەڵک کە دێنە ئەم نەخۆشخانەیە، وادەزانن تەنیا دەرزییەکیان بۆ کراوە و چوونەتە دەرەوە، نازانن هەندێکجار تەنها نرخی دەرزییەکە 100 دۆلارە و ئەگەر کاژێرێک بمێننەوە لانیکەم 600 دۆلار لەسەر نەخۆشخانەکە دەکەوێت".

وەک ئەو پزیشکە دەڵێ، لەو تێچوونە زۆرەدا تێچوونی خزمەتگوزارییە گشتییەکانی وەک ئاو و کارەبا و ئەو دەرمانانەش کە لە بەغداوە دێن، هەژمار نەکراون.

بەگوتەی دکتۆر ئومێد، رۆژانە- 1000 1200 نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکە دەکەن، نزیکەی 200 کەسیان پێویستیان بە مانەوە لە نەخۆشخانە دەبێت، نیوەی ئەو ژمارەیەش پێویست دەکات لانیکەم 24 کاژێر بمێننەوە و خزمەتەکانی فریاکەوتنیش بەگشتی بەخۆڕایین، یان بڕە پارەیەکی زۆر رەمزییان لێ وەردەگیرێت لە بەرامبەر بینینی پزیشک و جۆرەها پشکنین و تەنانەت نەشتەرگەریی ئاڵۆزیش.



ئەو هاووڵاتیانەش کە لەنێو نەخۆشخانەکەدا بۆ (رووداو) قسەیان کرد، سوپاسگوزار بوون کە بەبێ وەرگرتنی هیچ پارەیەک، لەو نەخۆشخانەیەدا خزمەتێکی بەرچاو پێشکەشی ئەو کەسانە دەکەن کە رووی تێدەکەن.

بەڵام پزیشکێکی پسپۆڕ، لەگەڵ ئەوەی نکوڵی لەوە ناکات کە لەچاو یەکە تەندروستییەکانی دیکەدا نەخۆشخانەی فریاکەوتن کوالیتی کارەکانی باشترن، پێیوایە دەکرێ بەو پارەیە خزمەتی باشتر پێشکەش بکرێن.

دکتۆر سەروەر عارف ستار، راسپێردراو بۆ کردنەوەی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی شار بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی گوت "ئەگەر لەرووی زانستی کارگێڕییەوە هاوکێشەیەک لەنێوان تێچوون و بەرهەمی نەخۆشخانەکە بکەین، تێچوونەکە زۆر زیاترە لە کواڵیتی خزمەتگوزارییەکانی".

## چیدی ئەم فریاکەوتنە بەشی سلێمانی ناکات

جگە لە زیادبوونی ژمارەی دانیشتوانی پارێزگای سلێمانی و پەرەسەندنی خێرای شارەکە، ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پارێزگاکانی دیکەش روویان لە شارەکە کردووە و شوێنی نەخۆشخانەکەش لەنێو سەنتەرە و گەیاندنی نەخۆش بۆ نەخۆشخانەکە زەحمەتە، ئەوانەش وادەکەن نەخۆشخانەی فریاکەوتنی سلێمانی و خزمەتەکانی وەک پێویست بەشی شارەکە نەکەن و پێویست بە کردنەوەی یەکەی نوێی فریاکەوتن بکات. یەکەم سەرنجیش لەسەر نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی شارە کە تا ئێستا بەشی فریاکەوتنی نییە.

دکتۆر سەروەر عارف کە ئێستا بەڕێوەبەری بەشی کردە پزیشکییەکانە لە بەڕێوەبەرێتی گشتی تەندروستی سلێمانی، ماوەی دوو هەفتەیە لەلایەن بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانییەوە راسپێردراوە سەرپەرشتی کردنەوەی بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی 400 قەرەوێڵەیی شار بکات، بەڵام ئەو دەڵێت کردنەوەی ئەو بەشە پێویستی بە هەنگاوی زۆر جدی هەیە.

"ئەگەر بمانەوێ بەشێکی فریاکەوتنی پرۆفێشناڵ بێت و هەر زیادکردنی بەشێکی نوێ و بەخەرجدانی پارەیەکی زیاتر نەبێت، پێویستمان بە بڕیارێکی سیاسی هەیە، هەر لە وەزارەتی تەندروستییەوە تا پارێزگاری سلێمانی بۆ ئەوەی تەواو لەگەڵ پرۆژەکە بن و پشتیوانییەکی بەهێزمان بکەن".

دکتۆر سەروەر هەروەها دەڵێ لەدوای راسپێردرانییەوە هیچ دەسەڵاتێکی کردەنیی کارگێڕی و دارایی پێنەدراوە و بەمەش تووشی زۆر لەمپەری هونەری و کارگێڕی دەبن لەنێو تەنانەت خودی نەخۆشخانەی شاریشدا، بۆیەش قۆناغەکانی کردنەوەی بەشەکە لە شوێنی خۆیاندا وەستاون. ناوبراو پێیوایە ئەگەر کارەکان وەک ئێستا بڕۆن، بەشی فریاکەوتن لە نەخۆشخانەی شار ناکرێتەوە، یان ناتوانێت بەشێکی فریاکەوتنی ئەوتۆی پسپۆڕ بێت کە بە کواڵێتییەکی بەرزی زانستی خزمەتەکانی پێشکەش بکات.

ئەو پزیشکە جەخت دەکاتەوە کە پێویستە قورسایی گرنگیدانی وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە تەندروستییەکان بۆ خزمەتە سەرەتاییەکانی وەک فریاکەوتن بێت کە هەم ژمارەیەکی زۆری خەڵکی پێویستیان پێیە و هەم ژیان و مردنی خەڵکیان لە ماوەیەکی کورتدا پێوە بەندە، بەڵام وەک ئەو باسی دەکات، وەزارەت زیاتر کار لەسەر خزمەتە پلە سێیە تەندروستییەکان دەکات کە تا ئێستا تێچوونێکی زۆر و بەرهەمێکی کەمیان هەبووە و تەنانەت هەندێکجار هیچ بەرهەمێکیان نەبووە، بۆ ئەمەش پرۆژەی دروستکردنی سەنتەری چاندنی مۆخی ئێسک بە نموونە دەهێنێتەوە.

دکتۆر سەروەر سیستمی بنکە و مەڵبەندە تەندروستییەکانی کوردستانیش بە "شکستخواردوو" ناودەبات و لەگەڵ تێچوونێکی زۆری ماددی و بەهەدەردانێکی زۆری کادری مرۆیی تەندروستی، بەرهەمێکی ئەوتۆیان نییە و تەنانەت بەهۆی گرفتە ئابوورییەکانی ئەم دواییەوە هەندێکیان داخران.

## نەخۆشیی چیا

نەخۆشیی چیا کۆمەڵە نیشانەیەکە تووشی هەندێ لەو کەسانە دەبێت کە هەڵدەگەڕێنە سەر چیا و بەرزاییەکان، بەتایبەت ئەگەر چیاکە 2400 مەتر و زیاتر بەرز بێت و هەندێکجار حاڵەتەکە کوشندە دەبێت.



### نیشانەکانی:

1- نیشانە مامناوەندەکان:

خەوزڕان، سەرئێشە و گێژبون، هەست بە ماندوێتی کردن، نەمانی ئارەزوی خواردن، دڵتێکهەڵاتن و رشانەوە، خورپە و خێرالێدانی دڵ و تەنگە نەفەسی.

2- نیشانە توندەکان:

شینبوونەوە، توندبوونی سنگ، سەرلێشێوان، لە هۆش خۆچوون، کۆکە و تەنگە نەفەسی تەنانەت لەکاتی پشوودا.

### بۆچی ئەو حاڵەتە روودەدات؟

لە بەرزاییەکاندا لەلایەکەوە فشاری هەوا کەم دەبێتەوە و لەلایەکی دیکەوە ژەی ئۆکسجین تاڕادەیەک کەم دەکات. بەمەش بڕێکی کەمتری ئۆکسجین دەگاتە شانەکانی لەش، بەتایبەت: سی، مێشک و دەمار، دڵ و ماسولکەکان. بەپێی ئەو ئەندامەی کاری لێکراوە و رادەی کارلێکرانەکەی، نیشانەکانی حاڵەتەکە لە مامناوەندەوە تا توند دەگۆڕێن و ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەکرێ مردنی لێبکەوێتەوە. خێرا سەرکەوتن و زۆر خۆ ماندووکردن لە بەرزایی چیاکاندا نیشانەکان قورستر دەکات، بەتایبەت ئەگەر کەسەکە لە ناوچەیەکی تەختاییدا ژیابێت.

### چارەسەر:

لەگەڵ دەرکەوتنی نیشانەکاندا پێویستە کەسەکە بەرەو نزماییەکان بێتە خوارەوە. ئەگەر هەبوو ئۆکسجین بدرێتە کەسەکە. دەرکەوتنی نیشانە توندەکان پێویست دەکات کەسەکە بگەیەنرێتە نەخۆشخانە.

ئاڵۆزکارییەکان:

نەمانی هۆش، ئاوسانی مێشک، پڕبوونی چیکڵدانەکانی هەوا لە سییەکاندا بە ئاو.

### رێگاگرتن لە تووشبوون:

- بە پەلە هەڵمەگەڕێ بە چیادا.
- لە شوێنە زۆر بەرزەکاندا مەخەوە.
- ئەگەر هەستت بە نیشانەکان کرد داگەڕێ بۆ جێگایەکی نزمتر.
- ئەگەر کەمخوێنیت، مەترسی زیاترت لەسەرە، بۆیە تا چارەسەری نەکەیت زۆر سەرمەکەوە.
- شلەمەنی زۆر بخۆرەوە کاتێ خۆت ماندوو دەکەیت و سەردەکەویتە سەر چیا چونکە لە بەرزاییەکاندا رادەی بە هەڵمبوونی ئاوی جەستە زیاد دەکات.
- خۆت لە خواردنەوەی کحولی دووربگرە.

## سەرمابوونە، هەڵامەتە یان ئینفلوێنزا؟

**د.زانیار نووری عوسمان***

زۆربەمان تووشی یەکێک لەم نەخۆشییانە بووین، بەتایبەتی لەگەڵ دەستپێکردنی وەرزی پایز و زستاندا. بەڵام زۆر کەس لێیان تێکەڵ دەبێت یان بۆیان جیاناکرێنەوە و بەهۆی ئەمەشەوە دەرمانی هەڵە دەخۆن، تەنانەت بیروبۆچوونی هەڵەش دروستبووە لەسەریان!

### بە ئاسانی جیای بکەرەوە:

**سەرمابوون:** هەرگیز سەرمابوون نابێتە هەڵامەت، سەرمابوون تەنانەت نەخۆشیش دروست ناکات، جگە لە هەندێک ماسولکە رەقە و سک ئێشە، ئەویش ئەگەر بەر سەرمایەکی زۆر بکەوێت، یان جلوبەرگی باشت لەبەر نەکردبێت.



**هەڵامەت:** هەڵامەت بە هۆی ڤایرۆسەوەیە، واتە مشەخۆر دروستی دەکات. هەرگیز پەیوەندی بە سەرمابوونەوە نییە. بەڵام لە وەرزی سەرمادا زیاد دەکات. کەواتە دەبێت لە یەکێکی دیکەوە تووش بیت. هەڵامەت بە دروستبوونی کەمێک لەرزوتا، سەرئێشەیەکی کەم، پاشان پژمین و لووت گیران و دواتر زۆربوونی چڵم بناسەرەوە. هەمووی بە سووکی دەبێت و لە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەکدا تەواو دەبێت، ئەگەر ئاڵۆزبوون (موزاعەفات) دروست نەکات.

**ئینفلوێنزا:** ئەمیش بە هۆی ڤایرۆسەوەیە، بە هەمانشێوەی هەڵامەت پەیوەندی بە سەرمابوونەوە نییە. بە سەرەتاکەیدا بیناسەرەوە کە تای زۆر و ئازاری لەش و سەرئێشەیە. ئینجا دەبێت بە ئازاری قوڕگ و لەرزوتای قورس و تەنانەت زۆرجار نەخۆشەکە دەخات لەجێدا. دواتر وردە وردە خاو دەبێتەوە و لە ماوەی هەفتەیەک یان زیاتر تەواو دەبێت، ئەگەر نەبێتە ئاڵۆزبوون. زۆربەی کات نەخۆش دەزانێت هەوکردنی لەوزەتێنی هەیە، بەڵام لەوزەتێن نەخۆشییەکی دیکەیە و بەکتریایە.

### کەی بچیتە لای پزیشک؟

بۆ سەرمابوونەکە پێویست ناکات، بۆ هەڵامەتیش بە هەمانشێوە. بەڵام بۆ ئینفلوێنزا باشترە بچیتە لای پزیشک.

### چارەسەر:

1- سەرمابوون تەنیا خواردنەوەی گەرمی دەوێت لەگەڵ جلوبەرگێکی گونجاو.
2- هەڵامەت تەنیا پاراسیتۆڵ، پێویست ناکات دەرمانی دیکە بەکاربهێنیت.
3- ئینفلوێنزا پێویستی بە پشوودان، هەروەها خواردنی پاراسیتۆڵ هەیە.

گرنگە دژە میکرۆب وەکو کەپسوولی ئەمۆکسیل و دەرزییە تۆزەکان بەکارنەهێنی. چونکە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەرگریت بەرامبەر میکرۆبی دیکە.

تێبینی/ ئەم زانیاریانە تەنیا بۆ کەسی پێگەیشوو و لەش ساغە. بۆ ئەوانەی نەخۆشی درێژخایەنیان هەیە نابێت.

*هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا لە نەخۆشییەکانی هەناو



## هەواڵی تەندروستی

### 13 ساڵە کوردستان ئیفلیج نەبووە

**رووداو- سلێمانی**



بەهۆی بارودۆخی نائاسایی عێراق و سووریاوە لە زۆر ناوچەی ئەو دوو وڵاتە، پرۆگرامەکانی کوتانی منداڵان وەک پێویست بەڕێوەنەچوون و بەو هۆیەشەوە لە هەردوو وڵاتەکەدا حاڵەتی ئیفلیجیی منداڵان تۆمار کراون. بەڵام وەک دکتۆر رێکەوت حەمەڕەشید، وەزیری تەندروستی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (رووداو)ی گوت "لە هەرێمی کوردستاندا لە ساڵی 2001 ەوە هیچ حاڵەتێکی ئیفلیجیی منداڵان تۆمار نەکراوە".

بۆ پاراستنی منداڵانی کوردستان و ئەو ئاوارانەی روویان لێکردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستان جگە لە پرۆگرامە ئاساییەکانی کوتان، مانگانە هەڵمەتی نیشتیمانیی کوتان لە دژی ڤایرۆسی تووشکەری ئیفلیجی بۆ هەموو منداڵانی خوار تەمەنی پێنج ساڵان ئەنجام دەدات.

### ساڵی کوڕانە لە سلێمانی

**رووداو- سلێمانی**

بەڕێوەبەری نەخۆشخانەی ژنان و منداڵبوون لە سلێمانی دەڵێت ئەمساڵ منداڵی کوڕ زیاتر لەدایکبوون.

دکتۆرە شلێر غەریب، پزیشکی پسپۆڕی ژنان و منداڵبوون و بەڕێوەبەری نەخۆشخانەکە لە لێدوانێکدا بە (تۆڕی میدیایی رووداو)ی راگەیاند "لە سەرەتای ئەمساڵەوە هەتا کۆتایی مانگی ئاب لە سلێمانی 12832 منداڵ لە نەخۆشخانەکەماندا لەدایکبوون کە 6476 یان کوڕ و 6354 یان کچ بوون".

### قاسەکەی ژیانەوە 3.7 ملیۆن دۆلاری تێکراوە

**رووداو- سلێمانی**

لە راگەیەنراوێکیاندا کەمپەینی ژیانەوە دەڵێن تا ئێستا 3 ملیۆن و 700 هەزار دۆلاریان کۆکردووەتەوە. ئامانجی کەمپەینەکە ئەوەیە پارەی پێویست کۆبکاتەوە بۆ کڕینی دوو ئامێری چارەسەری شێرپەنجە بە تیشک، کە نرخی هەردووکیان و پێداویستییە مرۆیی و لۆجستییەکانیان 12 ملیۆن دۆلارە.

## چارەسەرێکی خۆڕایی بۆ قەڵەوی و شەکرە

**رووداو- جەزیرە**

رۆژانە نیو کاژێر بەپێ رۆیشتن مرۆڤ دەپارێزێ لە نەخۆشییەکانی قەڵەوی و شەکرە، هەروەها مەترسی تووشبوون بە نەخۆشیی شێرپەنجە کەم دەکاتەوە.

زانایانی کۆلێژی زانست و تەکنۆلۆژیا لە زانکۆی ئاستۆنی بەریتانی، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا ئاماژە بەوە دەدەن، رۆژانە بەپێ رۆیشتن بۆ ماوەی نیو کاژێر وەک وەرگرتنی دەرمانێکی سیحری وایە کە بەرگری لە پیری و مردنی پێشوەخت دەکات، دڵەڕاوکێ و فشاری دەروونی کەم دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی زیادکردنی توانای جوڵە و بەهێزکردنی ئێسکەکان بەرامبەر شکان.

لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوەش دەکەن، رۆیشتن توانای بیرکردنەوە و هۆش بەهێز دەکات و ئازاری جومگەکانیش بۆ نیوە کەم دەکاتەوە.

زانایان ئامۆژگاری خەڵکی دەکەن بەوەی تەنیا چاویان لە یارییە قورسەکان نەبێت، وەک ئەوانەی ماراسۆن یان یاری جوانیی لەش دەکەن، بەڵکو چاویان لەوانە بێت کە رۆژانە و بە بەردەوامی بەپێ رێدەکەن، چونکە تەنیا بەو وەرزشە سادانە کە زۆربەی خەڵکی دەتوانن بیانکەن، مەترسی مردن لەسەر ژیانیان بە رێژەی 23% کەمدەبێتەوە.

## بەبۆنەی دامەزراندنی سندووقی داهاتی نەوتی کوردستان

# نەرویژ چۆن خۆی لە بەڵای نەوت دەپارێزێ؟

**عومەر ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

بڕیارە پەرلەمانی کوردستان لە ئایندەیەکی نزیکدا خوێندنەوە بۆ پرۆژە بڕیاری دامەزراندنی سندووقی داهاتی نەوت بکات کە پێشتر لە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی ساڵی 2007دا پەسەندکراوە و وەک مادەیەک ئاماژەی بۆ کراوە.

دامەزراندنی سندووقی داهاتی نەوت وەک هەوڵێکی ستراتیژی درێژخایەن لەلایەن وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت و گاز کە ساڵی 1960 لەلایەن کوێتەوە دامەزرا، گرنگییەکی زۆری پەیدا کردووە. ئەوەش بۆ ڕێگریکردن لە بەفیڕۆچوونی داهاتی نەوت و گاز کە بەتەنیا سامانی یەک نەوە نییە و پەیوەستە بە نەوەکانی داهاتووشەوە.

هەروەها بۆ ئەوەی تێکەڵ بە بودجەی ساڵانەی وڵاتان نەکرێت و نەبێتە بەڵای گیانی ئابووریی ئەو وڵاتانە وەک بەرزکردنەوەی ئاستی هەڵاوسان و لاوازکردنی کەرتەکانی دیکەی ئابووری، زۆر لە وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت داهاتی نەوت دەخەنە ناو سندووقێکەوە بەناوی سندوقی داهاتی نەوت کە بە سندووقێکی ستراتیژی دادەنرێ و پلانی تۆکمەی بۆ دادەنرێت بۆئەوەی چۆن وەبەرهێنانی پێبکرێت لە دەرەوەی ئەو وڵاتانە و چۆن بە باشترین شێوە سامانی نەوت بخەنە خزمەت پێشکەوتن و گەشەپێدانی نەوەی ئێستا و داهاتووی ئەو وڵاتانە.

لە نێوان ئەو وڵاتانەی کە سندووقی داهاتی نەوتیان هەیە، نەرویژ سەرکەوتووترین وڵاتە کە بە باشترین شێوە مامەڵەی لەگەڵ داهاتی نەوت و گاز کردووە. ئێستا ئەو سندووقە زیاتر لە 800 ملیار دۆلاری تێدایە (نزیکەی 70 ساڵ بودجەی هەرێمی کوردستان) و ئەگەر دابەش بکرێت بەسەر ژمارەی دانیشتووانی کە نزیکەی 5 ملیۆن کەسە، ئەوا هەموو هاووڵاتیەکی نەرویژی زیاتر لە ملیۆن و نیوێک دۆلاری بەردەکەوێت و دەبنە ملیۆنێر. بەڵام داهاتی نەوت تەنیا هی نەوەیەک نییە، هەر بۆیە ئەو وڵاتە بەو پارە زەبەلاحە لە ناوچە جیاجیاکانی جیهان، دەستی بە وەبەرهێنان کردووە لە هەموو کەرتێکدا، هەر لە کڕینی بۆند و پشکەکانەوە بگرە لە بازاڕەکانی بۆرسەی جیهان تا کڕینی خانووبەرە و موڵک و ماڵ لە وڵاتە جیاجیاکانی جیهاندا.

سندووقی داهاتی نەوتی نەرویژ لە ساڵی 1990 دامەزراوە و ئێستا هێندە گەورە بووە کە قەبارەکەی نزیکبووەتەوە لە 1%ی بەهای هەموو بازاڕەکانی بۆرسەی جیهان.

بە پێچەوانەی نەرویژ، زۆربەی وڵاتانی دیکەی بەرهەمهێنی نەوت نەیانتوانیوە ببنە چیرۆکی سەرکەوتن و بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو سندووقە نەیانتوانیوە ئەو سامانە بخەنە خزمەت پێشخستنی وڵاتەکانیان و گەرەنتیکردنی ژیانی نەوەکانی داهاتوو.

ئاستی بەرهەمهێنانی نەوت و گازی نەرویژ بەرز و نزمیی زۆری بەخۆوە بینیوەو لە 3.5 ملیۆن بەرمیل ڕۆژانەی ساڵی 2001 ەوە دابەزیوە بۆ نزیکەی ڕۆژانە 1.5 ملیۆن لە ئەمساڵدا، ئەوەش ئەو بڕەیە کە هەرێمی کوردستان لە چەند ساڵی داهاتوودا دەتوانێت بەرهەمی بهێنێت. ژمارەی دانیشتووانی نەرویژ و هەرێمی کوردستان هەردوو نزیکەی پێنج ملیۆنە و تەنانەت یەدەکی نەوتی هەرێمی کوردستان نزیکەی 8 بەرابەری یەدەکی نەوتی نەرویژە، هەروەها یەدەکی گازی کوردستان لانیکەم دوو بەرابەری یەدەکی گازی نەرویژە، هەربۆیە هەرێمی کوردستان بە بەکارهێنانی داهاتی نەوت و گازی خۆی و بەڕێوەبردنی بەشێوازێکی زانستیانە، دەتوانێت لە 10 ساڵی داهاتوودا ببێتە وڵاتێکی مۆدێرن و پێشکەوتووی بەرهەمهێنەر، ئەگەریش پێچەوانەی ئەوە بکات، دەبێتە وڵاتێکی کاول و دواکەوتووی نەوتی وەک هەندێ وڵاتی ئەفریقی.






ئەم ڕاپۆرتەی خوارەوە کە تۆڕی هەواڵی BBC بڵاویکردەوە، بەجوانی باس لە چۆنیەتی بەکارهێنانی سندووقی داهاتی نەوتی نەرویژ دەکات.

بێرگێن، دووەمین شاری گەورەی نەرویژ لە لایەکەوە باوەشی بۆ کوێستان کردووەتەوەو لەلایەکی دیکەوە بەرەو کەناری دەریا شۆڕبووەتەوە. دیمەنەکانی ئەم شارە زۆرتر لەو وێنانە دەچن کە لەسەر کارت پۆستاڵەکان دەیبینین. ئەو ناوچەیە هەروەها یەکێکە لە ناوەندەکانی پیشەسازیی نەوت و گازی نەرویژ، هەربۆیە بە شارێکی دەوڵەمەند دەناسرێت. بەڵام نیشانەی کەم دەبینرێت لەو دەستبڵاویەی کە مۆرکی کەسانی دەوڵەمەندە. لە شەقامەکانی ئەم شارەدا نە ئۆتۆمبیلی گرانبەهای جام ڕەش دەبینرێت، نە ئەو فرۆشگایانەی تایبەتن بە جانتا و پێڵاوی مارکەی ژنانە کە نرخەکانیان زۆر بەرزە و نە ئەو هێڵە درێژە دەبینرێت لەبەردەم کڵەپە شەوانەکاندا.

لە کاتێکدا زۆر وڵاتی بەرهەمهێنەری نەوت داهاتی نەوت لەتێچووەکانی ڕۆژانەیاندا خەرج دەکەن، نەرویژ خەریکی پاشەکەوتکردنی داهاتی نەوتە لە سندووقێکی سەربەخۆدا بەناوی سندووقی داهاتی نەوت.

بەکردەوە ئەو سندووقە بووەتە ژمارەیەکی بانکی زۆر زەبەلاح بۆ وەبەرهێنان و لەوەدەچێت زۆربەی هاووڵاتیانی نەرویژی لەو ڕەوشە ڕازی بن.

بەپێی لێکۆڵینەوەیەک کە لەلایەن زانکۆی کۆلۆمبیا لە شاری نیویۆرک لە ساڵی 2012 ئەنجامدراوە، نەرویژ لە ڕیزی ئەو وڵاتانەیە کە هاووڵاتیانی خۆشحاڵ و بەختەوەرن.

پرۆفیسۆر ئەلێکساندەر کێپلین لە مامۆستایانی ئابووری زانکۆی نەرویژ، لەبارەی ئەوەی کە چۆن تا ئێستا ئەو وڵاتە نەکەوتووەتە داوی ئەو سەروەت و سامانەی خۆی، دەڵێت "دەبێت پارەی زۆر پاشەکەوت بکەین تا بتوانین دەست بە خەرجکردنی بکەین".

پرۆفیسۆر کێپلین دەڵێت "لە وڵاتانی دیکە دەرهێنانی نەوت زۆر ئاسانترە، لەبەرئەوەش ئاسانتر پارەی نەوت خەرج دەکەن".

### متمانە بە حکومەت

بەڵام ئەم دەستبڵاوییە لە نەرویژ بەدیناکرێت. لە ڕاستیدا یاسادانەرانی ئەو وڵاتە بە وردی سەرقاڵی پەسەندکردنی پرۆژە بڕیارێکن بۆ ئەوەی ڕێگە بە خەرجکردن یان وەبەرهێنانی تەنیا 4%ی پارەی ناو ئەو سندووقە دەدات لە پرۆژە گشتی و حکومیەکاندا.

پرۆفیسۆر کێپلین دەڵێت، بە کردەوە ئێمە تەنیا 4%ی پارەی ئەو سندووقە خەرج دەکەین و ئەوەی دەمێنێتەوە پاشەکەوتی دەکەین.

بەوتەی ئەو مامۆستایەی زانکۆ، هۆکاری زۆر هەن کە خەڵک ڕازین بە پاشەکەوتی داهاتی نەوت و دوودڵ نین لەوەی کە ژیانێکی دەوڵەمەندانەیان نەبێت. کێپلین پێیوایە "بۆ ئەوەی ئەو شێوازە جێبەجێ بکرێت، دەبێت بڕوا و متمانە لەنێوان حکومەت و هاووڵاتیان هەبێت، چونکە هاووڵاتیان دەبێ دڵنیا بن لەوەی کە پارەی نەوت خراپ بەکارناهێنرێت و بزانن ئەو پارەیە لە شتێکدا خەرج ناکرێت کە ئەوان بەدڵیان نەبێت".

"دیموکراسی کۆمەڵایەتی و ئەو یاسا و ڕێسایەی کە پەیوەستە بە یەکسانیی نێوان هاووڵاتیان، وایکردووە کە کۆمەڵگای نەرویژی لە ئاستێکی بەرزی کۆمەڵایەتیدا بژین و بڕوایەکی گشتییان بە دامەزراوە حکومییەکان هەبێ".

ئەو مامۆستایە زیاتر دەڵێت "ئێمە بڕوامان بە حکومەت هەیە. بڕوامان بەوە هەیە ئەو باجەی دەیدەینە حکومەت بە شێوازێکی زیرەکانە خەرج دەکرێت و دڵنیاین هاووڵاتیانی دیکەش بەشی خۆیان دەدەن، لەبەر ئەوەش تۆ بە ئاسوودەیی بەشە باجی خۆت دەدەی".

بەڵام ئایا نەرویژ بەهۆی ئاستی بەرزی دڵنیایی کۆمەڵایەتی دەوڵەمەندە، یان دڵنیایی بەرزی هاووڵاتیان بەهۆی ئەو وڵاتە دەوڵەمەندەیە کە تێیدا دەژین؟

پرۆفیسۆر کێپلین پێیوایە هەردووکیانە، لەبەرئەوەی ئاستی بەرزی بڕوای هاووڵاتیان پێشکەوتن و گەشەی ئابووری ئاسانتر دەکات.

### بایەخی کارکردن

ئەو کەسانەی بۆ یەکەمجار ڕوودەکەنە نەرویژ، تێبینی دەکەن تێچووی ژیان لەو وڵاتە زۆر بەرزە. بەڵام تۆن هارتوت، شارەزای ئابووری دەڵێت، خەرجییەکانی ژیان لێرە نزیکە لە ئاستی داهاتی هاووڵاتیان.

لە مارکێتێکی گچکە لە گەڕەکێکی ئاسایی شاری بێرگێن، ئەگەر بتەوێ هەرزانترین ماکارۆنی و تۆزێ نان و پەنیر بکڕی، ناچاری نزیکەی 50 دۆلار بدەی، ئەوەش بۆ ئەو کەسانەی کە یەکەم جارە ڕوودەکەنە ئەو وڵاتە سەرسوڕهێنەرە.

تۆن هارتوت دەڵێت ڕەنگە پێت سەیر بێ بەڵام بۆ ئێمە نرخەکان زۆر بەرز نین. "زۆربەمان خانووی هاوینە و زستانەمان هەیە و دەتوانین تێچووەکانی ژیانمان دابین بکەین. بۆ ئێمە ئەستەم نییە".

ئەو شارەزای ئابوورییە دەڵێت "ئێمە مووچەیەک دەدەین بەوانەی کار دەکەن کە بتوانن خەرجییەکانی ژیان دابین بکەن و ژیانێکی ئاسوودەیان هەبێت".

هارتوت دەڵێت "لێرە زەحمەتکێشانی هاووڵاتیان بە بایەخەوە سەیری دەکرێت و ڕێز لە کارکردنی هاووڵاتیان دەگیرێت. بەڵام بڕوامان بەوە نییە کە ئەو کەسانەی لە ڕیزی سەرەوەو لە ڕیزی بەڕێوەبەرەکاندان دەبێت مووچەکانیان زۆر بەرزتر بێت لەوانی دیکە، لەبەر ئەوەش زۆر لە هاووڵاتیانی نەرویژی کە توانا و ئاستی بەرزیان هەیە، کۆچ دەکەن بۆ وڵاتانی دیکە بۆ ئەوەی مووچەی زیاتر وەربگرن".

بەڵام ئایا خەڵکی نەرویژ خۆیان بە دەوڵەمەند دەزانن؟ هارتوت ئەوە ڕەتدەکاتەوە و دەڵێت "ئێمە ڕەوشەکە وەها نابینین. ئەو سەرچاوانە (نەوت و گاز) هی نەوەی داهاتوون".

### تەحەددا ئابوورییەکان

لە دوورگەیەکدا کە دەکرێ بە نیو کاژێر لە بێرگێنەوە بۆی بڕۆیت، ناوەندێکی گەورە بۆ پشتگیریکردن لە پیشەسازیی نەوت و گاز دامەزراوە.

کرێت ئەندرسۆن، بەڕێوەبەری ئەو ناوەندە دەڵێت "سەردەمانێکم بەبیردێتەوە کە زۆربەی هاووڵاتیانی نەرویژ جوتیار یان ماسیگر بوون، بەڵام ئێستا ڕەوشی ژیانی خەڵک زۆر گۆڕاوە".

ئەو دەڵێت "ئەم ناوەندە لەساڵی 1974 ەوە دەستی بەکارەکانی کردووە. لە چەند دەیەی ڕابردوودا گۆڕانکای زۆر لە نەرویژ هاتووەتە ئاراوە. ئاستی خۆشگوزەرانیی خەڵک زۆر بەرزبووەتەوە و لەوەی کە لە 40 ساڵی ڕابردوودا هەمانبوو، زۆر جیاوازە. ئێستا زۆربەی هاووڵاتیان خوێندەوارییان بەرزەو ڕەوشەکە بەتەواوی گۆڕاوە".

ئەندرسۆن پێیوایە بەو جۆرەی کە مامەڵە بە سندووقی داهاتی نەوت کراوە، لە کۆتاییدا ئەگەر سامانی نەوت و گازی نەرویژ تەواو بوو، زیانێکی ئەوتۆی بەرناکەوێت، بەڵام ئەگەر سەرچاوەکانی نەوت و گاز کۆتاییان هات، وەها بارودۆخێک بۆ هەموو هاووڵاتیەکی نەرویژی تەحەددایەکی گەورەیە.

"یەکێک لە تەحەددا گەورەکانمان ئەو کات ئەوە دەبێت کە چۆن لە شارەزاکانی نەوتمان لە کەرتەکانی دیکە کەڵک وەرگرین".

دێگ ڕانی ئۆلسۆن، سەرۆکی زانکۆی بێرگێن نیگەرانی ئەو سەردەمەیە کە چیتر نەوت و گازێک بۆ نەرویژ نامێنێتەوە.

"ئەو نیگەرانییە هەیە کە وەبەرهێنانەکانی ئێستا هەم لە ڕووی چەندێتی و هەم لەڕووی چۆنیەتی بەو شێوازە نەبێت کە لە دەیەکانی داهاتوودا داهاتێکی باشمان دەستکەوێ".

ئۆلسۆن دەڵێت بەباشی دەزانین کە سەرچاوەکانی نەوت و گاز سنووردارەو لانیکەم ئەوەمان بۆ دەرکەوتووە هەر ساڵ دەرهێنانی نەوت و گاز خەرجییەکی زیاتری تێدەچێت.

" هەر بۆیە دەبێ بگەڕێین بەدوای سەرچاوەی دیکەی داهات، بەڵام بە خۆشحاڵییەوە ئێستا هەلی زۆری دیکە بۆ وەبەرهێنان هەیە".

ڕەنگە ئەو پێزانینە بەوەی کە داهاتی نەوت و گاز هەتاهەتایی نییە، یەکێک لەو هۆکارانە بێت کە لە شەقامەکانی بێرگێن ئۆتۆمبیلی مۆدێل بەرزی وەک پۆرش یان بێنتلی نابینرێت، بەپێچەوانەوە ئۆتۆمبیلی دەستی دووی وەک ڤۆلڤۆ زیاتر لەلایەن هاووڵاتیانەوە بەکاردەهێنرێت. پێدەچێ هاووڵاتیانی نەرویژ لە جیاتی فیزکردن بە سەیارە و موڵک و ماڵی خۆیان، ڕەفتارێکی واقعبینانەیان هەبێت و بەرژەوەندی خۆیان و نەوەی داهاتوو زیاتر لەبەرچاو دەگرن.





کاردۆ محەممەد*

# گۆڕان نەگۆڕاوە قۆناغەکە گۆڕاوە

هاوزەمانی گۆڕانی دۆخەکە و بەشداریی بزووتنەوەی گۆڕان لە دەسەڵات، وەک هەر لایەنێکی سیاسی کە ئامانجی گرتنەدەستی دەسەڵات و جێبەجێکردنی بەرنامەکەیەتی، هەڵمەتێکی توند و بێویژدانانە دەکرێتە سەر بزووتنەوەی گۆڕان و گۆڕانخوازان گوایە گۆڕان لە پرەنسیپ و دروشمەکانی لایداوە و بێدەنگە بەرامبەر ئەو هەموو قەیران و کەموکورتیانەی لەبەڕێوەبردنی حکومەتدا بەدیدەکرێت. پێیانوایە ئەمە پێچەوانەی سەرەتاکانی گۆڕانە کە لەسەری بنیاد نراوە، لەکاتێکدا گۆڕان راستگۆیانە لەسەر بەڵێنی خۆی لەگەڵ دەنگدەرانی بە گوێرەی قورسایی و سەنگی خۆی بەشداری دەسەڵاتی کردووە بە پەیڕەوکردنی ئەو بەرنامەیەی کە خەڵک دەنگی پێداوە.

نەوشیروان مستەفا، ئەو سەرکردە و ڕێکخەرەیە کە لە سەرەتای پێشەواییکردنی گۆڕاندا بەڵێنی بە خەڵکی کوردستان دابوو شێوازێکی نوێ لە کاری حیزبایەتی و سیاسی دروست دەکات، دەرفەت بۆ نەوەی نوێ دەڕەخسێنێ بۆئەوەی بەشداری کاری سیاسی و حوکمڕانی بکەن و چاکسازی لە شێوازی حوکمڕانیدا بکەن.

ئەو کاتەی گۆڕان بەشداری لە حکومەتێکی نیشتمانیدا دەکات، پرۆژە چاکسازیەکەی خۆی بەم شێوەیە دەباتە پێشەوە:

## لەسەر ئاستی پەرلەمان:

- هەوڵدان بۆ کاراکردنی دامەزراوەیەکی سەرەکی سیستەمی سیاسی کە پەرلەمانە، چالاکبوونی ئەم دامەزراوەیەش لە سەرەتای دروستبوونی گۆڕانەوە و دواتریش لە وەرگرتنی سەرۆکایەتی ئەم دامەزراوەیەوە راستییەکی بەرچاو و حاشاهەڵنەگرە.

- ئامادەکردن و هەوڵدان بۆ پەسەندکردنی پرۆژە یاسایەک، لە پێناوی دادپەروەری و بەرزکردنەوەی داهاتی تاک و ڕێکخستنی سیستەمی مووچە و یەکخستنی سیستەمی خانەنشینی بەشێوازێک کە دەرفەت بداتە هەموو هاوولاتیەکی هەرێمی کوردستان پشکی هەبێت لە داهات و زەمانەتی کۆمەڵایەتی هەموو تاکێک بکات، بەتایبەت کاتێک لە کاری سەربەست و کەرتی تایبەتدا بژێویی ژیان دابین دەکات.

- سەبارەت بە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و چاکسازی لە سیستەم و یاساکانی داواکاری گشتی و یاسای پارێزەران و دەسەڵاتی دادوەری چەندین پرۆژە یاسا لەبەردەستدایە بۆ ئەوەی لەماوەی ئەم خولەی پەرلەماندا هەنگاوی کردەنی بۆ پەسەندکردنی بنرێت.

- بۆ بەشداری لە پرۆسەی سیاسی و وەرگرتنی بڕیاری هاوبەش، گۆڕان گوتارێکی نیشتیمانی و ستراتیجیکی سەربەخۆ و نەتەوەیی هەیە بۆ ئەوەی هێزی پێشمەرگە لە خاکی کوردستاندا بچەقێت و بەرگری بکات، سیاسەتێکی نیشتمانی و ئاسۆیەکی روون بۆ نەتەوەکەمان دیاری بکات.

- بە عەمەلی کارکردن بۆ گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم لە ڕێگەی دەرکردنی یاسای کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن و بڕیاری نەکشانەوەی هێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە. سیاسەتێکی نیشتمانی دوور لە بەرژەوەندی حیزبی لە دانوستاندندا لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ ناوەند.

- بۆ بەرگری لە ئازادی و مافی هاووڵاتیان یاسای خۆپیشاندان هەموارکرایەوە.

- لە پێناوی دژایەتیکردنی گەندەڵی و ڕێگەگرتن لە بە هەدەردانی سامانی گشتی هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ کاراکردنی دیوانی چاودێریی دارایی و دەستەی نەزاهە.

## لەسەر ئاستی دەسەڵاتی جێبەجێکردن:

1. ڕێکخستی هێزی پێشمەرگەو بە نیشتمانیکردنی دامەزراوەکەیان، بۆ ئەمەش پرۆژەیەکی نیشتیمانی لەلایەن وەزیری پێشمەرگەوە پیشکەش کراوە و ڕەزامەندی لەسەردراوە.

2. لەسەر داهات و سامانی گشتی بەتایبەتی نەوت سەرەڕای قەیران و بڕینی بودجەی 17%، داهاتی ناوخۆ بەتایبەتی نەوت بووەتە سەرچاوەی ئەو بژێویە کەمەی کە لەکوردستاندا هەیە، بە تێپەڕبوونی قەیرانەکەش خەڵکی کوردستان شاهیدی ئەوە دەبن کە چۆن سامانی گشتی خراوەتە خزمەتی گشتی بە شێوەیەکی شەفافانە.

3. حکومەتی کوردستان بە حەقیقەت ببێتە حکومەتی هاوولاتی، هەیمەنەی حیزبی وەک ئاستەنگێکی گەورە نەهێڵێت و دامەزراوەکان بە بەرنامەیەکی تۆکمە کاری خۆیان بکەن، نوێنەرەکانیان لەنێو دامەزراوەکاندا وێنە و بەرنامەی حیزبەکانیان بە جوانی پێشان بدەن نەک حیزب دەست بخاتە ناو دامەزراوەکان و لەجیاتی دامەزراوە کاربکات.

4. سەرەڕای بوونی پلانی کورتخایەن و درێژخایەن بۆ بووژانەوەی ژێرخانی ئابووری و پیشەسازی، هەموارکردنی یاسای دەستەی وەبەرهێنان بە شێوەیەک کە لە خزمەت بووژانەوەی ئابووری و رزگارکردنی لە قۆرخکاری بێت لە هەرێمی کوردستان.

5. قووڵکردنەوەی رۆحی لێبووردەیی و ڕێزگرتن لە ئاین و ئاینزاکانی کوردستان و پێکەوە ژیان بەهۆی وەزارەتی ئەوقافەوە دەچەسپێنرێت.

لە کاری سیاسی و بەڕێوەبردندا نەوشیروان مستەفا وەک ڕێکخەری گۆڕان و سەرکردەیەکی سیاسی دیاری ناوچەکە بە پشوودرێژی و ئەندێشمەندیی خۆیەوە بە جیاوازییەکی زۆر لەگەڵ هاوتاکانی لە حیزبەکانی کوردستان و ناوچەکەدا، توانیویەتی بە خاکێتی و ئایندەبینیەکی روون لە کاری سیاسی و بەڕێوەبردندا مۆدێلێکی نوێ دابهێنێ، ئەوەش روونە کە جگە لە خوا کەس بێ کەموکورتی نییە. لە کۆتاییدا دەبێت پەرۆشی و بەردەوامی لەسەر ئامانجی گۆڕان و گۆڕانکاری تێکەڵ بە خواستە کەسییەکان و پۆست نەکرێت و مێژووش پێمان دەڵێت هەموو ئەو رەوتانەی دوورن لە پرسە بنەڕەتییەکانی میللەتەکەیان، جگە لە بەفیرۆدانی خەبات و ماندووبوونی خۆیان و زیانگەیاندن بە رەوتی گۆڕان و گۆڕانکاری، هیچ مەڵۆیەک ناخەنە سەر خەرمانەی رەوتی چاکسازی.

بۆیە ئەگەر لە قۆناغی ئۆپۆزسیۆنبووندا هەموومان رازی بووین و لە سزا و پاداشت یەکسان بووین، لە قۆناغی لەدەسەڵاتبووندا ئەم دەرفەتە بۆ هەموو لایەکان وەک یەک نارەخسێ و نەبوونی دەرفەتیش نەکەینە پاساوی نارەزایی و پەرتکردنی تواناکان، هەرکەسەمان لەپێگەی خۆیدا پەیمان و بەڵێنەکەی خۆمان ببەینەسەر چونکە نە گۆڕان گۆڕاوە، نە نەوشیروان مستەفا لایداوە، بەڵکو قۆناغەکە گۆڕاوە.

***پەرلەمانتاری پێشووی بزووتنەوەی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان.**



هۆشیار سیوەیلی

# بەڵێ پارتی گۆڕانی دەوێ

ئەم ناونیشانەی سەرەوە وەڵامی پرسیار و لە هەمان کاتیشدا ناونیشانی وتارێکی بەڕێز کاک شۆڕش حاجی (ئەندامی خولی پێشووی پەرلەمانی عێراق و هەڵسوڕاوی دیاری بزووتنەوەی گۆڕان)ە کە دەڵێ "ئایا پارتی گۆڕانی دەوێ؟" و لە ژمارە 325ی هەفتەنامەی (ڕووداو)دا بڵاوکرابووەوە. لێرەدا هەوڵدەدەم لەلایەکەوە پێویستیی پارتی بە گۆڕان، وەک بزووتنەوەی گۆڕان و لایەنێکی سەرەکی کابینەی هەشتەم و پێویستیی پارتی بە گۆڕان، وەک پرۆسەی گۆڕانکاری و چاکسازی لە دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، روونبکەمەوە و سەرنجی خۆشم لەسەر هەندێک لایەنی وتارەکەی کاک شۆڕش بخەمەڕوو.

پارتی دوای ئەوەی براوەی یەکەمی هەڵبژاردنی 21\9 بوو، داوای پێکهێنانی حکومەتێکی یەکگرتووی بنکەفراوانی کرد. بزووتنەوەی گۆڕانیش براوەی دووەمی هەڵبژاردنەکە و خاوەنی 24 کورسی بوو، بۆیە سروشتی بوو کە پارتی هەوڵی جددی بدات بۆ ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە حکومەتدا بەشدار بێت و لایەنێکی سەرەکی ئەو حکومەتە بنکەفراوانە بێت. سروشتیش بوو لەناو سەرکردایەتی و بنکەی پارتیدا رای جیاواز لەو بارەیەوە هەبێ کە لە دوو بۆچوونی سەرەکیدا خۆیان دەنواند: بۆچوونێکیان ئەوە بوو کە گۆڕان لە کابینە نوێیەکەی پارتیدا بەشدار نەبێ و ئەویتریشیان بریتی بوو لە بەشدارکردنی گۆڕان. لایەنگرانی بۆچوونی یەکەم لایان وابوو ئەگەر گۆڕان بێتە ناو حکومەتەوە، ئەوا ڕەنگە ئەو هەرایەی ناو خولی پێشووی پەرلەمان بگوازێتەوە ناو ئەنجوومەنی وەزیران و کاروچالاکیەکانی حکومەت پەکبخەن و کاتێکیش بۆیان دەرکەوت کە بەشداریکردنەکەیان لە حکومەتدا خزمەتی بەرژەوەندییە حیزبییەکانیان ناکات و ئەو بەڵێنە زۆرانەی بە جەماوەر و دەنگدەرانی خۆیان داوە قەبەتر و گەورەترن لەوەی بتوانرێ لەم ماوە پڕ قەیرانەدا جێبەجێ بکرێن، ئەوا دەکشێنەوە و لۆمەکەش دەخەنە ئەستۆی پارتی و ڕەنگە حکومەتە بنکەفراوانەکە تووشی قەیران ببێ. ئەوانەی رایان وابوو کە باشترە گۆڕان لە حکومەتەکەی پارتیدا بەشدار بێت و بەپێی (ئیستحقاقی هەڵبژاردن) پۆست و پێگەی پێبدرێ و ڕۆڵی جددی لە بەڕێوەبردن و لەوەش گرنگتر ڕۆڵی کاریگەر لە پرۆسەی چاکسازی و گۆڕانکارییەکاندا بگێڕێ، لەبەر ئەوەیان بوو کە لەم قۆناغەدا کوردستان پێویستی بە یەکێتی و تەبایی هەیە، یەکێتی و تەبابییەکی پۆزەتیڤی ئەوتۆ کە ببێتە هەوێنی حوکمڕانییەکی باش و پرۆسەی چاکسازی لەناو پەرلەمان و دەزگاکانی حکومەتدا هەنگاوی گەورەتر بەرەوپێشەوە ببات. یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی سستبوونی چاکسازی لە ساڵانی رابردوودا بریتی بوو لە موزایەداتی حیزبی و سیاسی کە هەندێجار بە ئاشکرا و هەندێجاریش خزێنرابووە ژێر پەردەی هەڵوێست و بانگەشەی ئۆپۆزسیۆنبوون. زۆربەی هەرەزۆری سەرکردایەتی پارتی و خودی بەڕێز سەرۆکی پارتیش (هێندەی بیستبێتم)، لایان وابوو پێکهێنانی کابینەیەک کە هەموو هێزە سیاسییە سەرەکییەکان، بەتایبەتی پارتی و گۆڕان و یەکێتی لەخۆ بگرێ، زەمینەیەکی لەبار و گونجاو دەڕەخسێنێ بۆ ئەنجامدان و قووڵکردنەوەی چاکسازی و بەهێزکردنی دەزگاکانی حوکمڕانی لە کوردستاندا. بەمەش دەرفەتی دامەزراندنی بنەما پێویستەکانی دەوڵەت دێتەئاراوە. کەواتە هەوڵەکانی پارتی بۆ پێکهێنانی کابینەیەکی یەکگرتووی فرە لایەن و بەشدارکردنی گۆڕان لەو کابینەیەدا، بۆ ئەوە نەبووە کە (هیچ هێزێکی کاریگەر بە ئۆپۆزسیۆنی نەمێنێتەوە نەوەک جادە و خەڵک لە دژی دەسەڵات بجوڵێنێ)، بەڵکو لەبەرئەوە بوو کە (سەرکردایەتی پارتی هەمیشە جەختی لەوەش دەکردەوە کە پارتی دەیەوێ بە هاوکاری لایەنە سیاسییەکانی بەشدار لە حکومەت چاکسازی لە حکومەت و ئیدارەکردنی ئەم هەرێمەدا بکەن). هەربۆیە سێ لە گرنگترین پۆستی هەرێمی کوردستان، جگە لە پۆستەکانی دیکە، بەر بزووتنەوەی گۆڕان کەوتن کە ئەوانیش سەرۆکی پەرلەمان و وەزارەتەکانی پێشمەرگە و دارایی بوون.

هیچ کەسێک نکوڵی لەوە ناکات کە لە زۆر ڕووەوە پێویستمان بە چاکسازی هەیە. بەڕێوەبردنی وڵات و تەنانەت بەڕێوەبردنی بچووکترین دەزگا و ڕێکخراویش پێویستیان بە پێداچوونەوە و چاکسازیی بەردەوام هەیە. وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا بەردەوام چاکسازی لە شێوازی بەڕێوەبردن و خزمەتگوزارییەکانیان دەکەن و چاکسازی هیچ سنوورێکی شوێن و کاتی نییەو پێویستە لە هەموو شوێنێک و بەردەوامیش ئەنجامبدرێ. پارتی و کابینەی هەشتەم سوورن لەسەر ئەنجامدانی ئەو چاکسازییانەی بۆ بوون و پێشکەوتنمان گرنگن. ئەوە دەوڵەت نییە دەزگا کراوە و شەفاف و کاراکان دروستدەکات، بەڵکو خودی ئەو دەزگایانەن کە دەبنە بناغە و ژێرخانی دەوڵەتی دیموکراسی و سەرکەوتوو. نموونەی ئەو دەوڵەتانە زۆرن کە لەسەر کەلاوەی دەزگا خراپ و چەوسێنەر و گەندەڵەکان پێکهێنراون، دواتر لەبری خۆشگوزەرانی بوونەتە مایەی چەوساندنەوەی گەلەکانیان.

دەربارەی وەزیر و وەزارەتەکانی گۆڕان لەم کابینەیەدا، حەزدەکەم ئەوە بڵێم کە وەزیر کەسی یەکەمی وەزارەتەکەیەتی و لەبەر رۆشنایی یاسای کارپێکراوی وەزارەت دەتوانێ چاکسازی پێویست بکات و مەرج نییە کاربەردەستە باڵاکانی وەزارەت بگۆڕێ، چونکە گەر ئەمە بووە نەریت ئەوا دەبێ هەر چوار ساڵ جارێک ئاڵوگۆڕی گەورە لە ستافی وەزارەتدا بکرێ و ئەمەش دەبێتە هۆی لەکیسچوون و بەفیرۆدانی زانیاری و شارەزاییەکی زۆر. چاکسازی دەزگایی بە گەڵاڵەکردنی سیاسەتێکی روون بۆ وەزارەت دەستپێدەکات و پێویستە ئەم سیاسەتە لە چوارچێوەی ستراتیژی و پلانی گونجاودا وردبکرێتەوە و پێداویستی و میکانیزمی جێبەجێکردنیان دەستنیشان بکرێن. کاتێک یاسا و رێسا و رێنماییەکان و تەنانەت هەیکەل و سترەکچەری وەزارەت لە ئاستێکدا نابن ئەو سیاسەت و ستراتیژی و پلانانە جێبەجێ بکەن، ئەوا دەکرێ چاکسازییان تێدا بکرێ و هەر ستافێکی وەزارەتیش رێگر بوو یان کەمتەرخەم بوو، دەکرێ بەپێی یاسا و رێنمایی کارپێکراو لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێ. من پێموایە لە وڵاتانی وەک وڵاتی ئێمەدا پێویستە چاکسازیی راستەقینە لەسەرەوە دەستپێبکات و بۆ خوارەوە شۆڕبێتەوە.

دواجار دەڵێم، 75 رۆژی پڕ لە قەیران و کارەسات بەس نییە بۆ حوکمدان لەسەر باش و خراپیی ئەدای هیچ حکومەتێک و ئەنجامنەدانی چاکسازیی بنەڕەتی تەنیا پێگەی سیاسی و جەماوەریی حیزبێک لاواز ناکات، بەڵکو بوون و بەردەوامبوونی حوکمڕانی کوردیش دەخاتە بەردەم هەڕەشەی جدییەوە. حکومەتی کوردستان و ئایندەی گەلی کوردستان کەوتوونەتە بەردەم تەحەدای گەورە و هەڕەشەی تیرۆریستان و رووبەڕووبوونەوەی ئەو تەحەدا و هەڕەشانە پێش هەموو شتێک یەکێتی و تەبایی و هەماهەنگیی لایەنە سیاسییەکان دەخوازن بۆ ئەوەی پشتگیریی فراوانی جەماوەر بەدەستبهێنێ.

**تێبینی: (نووسینەکانی نێوان کەوانەکان لە وتارەکەی کاک شۆڕشەوە وەرگیراون)**



د.کەیوان ئازاد ئەنوەر*
kaiwanazad@yahoo.com

# پارتی بۆچی لە سلێمانی ڕێژەی نەگۆڕە؟

سەرەتا با لەمەوە دەستپێبکەم: ئایا پارتی و سلێمانییان گوتووە؟ یان ئەوەی کە دەڵێن ئەوەی لە پارتی نزیک بێتەوە لە جەماوەری پارێزگای سلێمانی دوور دەکەوێتەوە؟ یان لەوەوە کە ئەگەر کەسێک خەمی خۆی نەخوات، دەبێت خەڵکی دیکە خەمی بخوات؟ یان لەوەوە کە بڵێین ئەرێ مایەی سەرسوڕمان نییە پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پارێزگای سلێمانی و ئیدارەی گەرمیان وەک ڕێژەی نەگۆڕ وایە و دەنگەکانی بۆ هەر هەڵبژاردنێک گۆڕانکاری بەسەردا نایەت، ئەگەر بەسەریشیدا بێت زۆر بە کەمی زیاد و کەم دەکات؟ ئەم زیاد و کەمەش بۆ بەشداریکردنی چەند تاکێک گەڕاوەتەوە یان دەگەڕێتەوە کە پارتی بۆ هەڵبژاردنەکانی کاندیدی کردوون یان دەیانکات!

پرسیاری سەرەکی ئەم باسە ئەوەیە کە بۆچی ژمارەی کادیر و ئەندام و لایەنگر و هەوادار و تەنانەت دەنگدەری پارتی وەک خۆی وایە و زیاد و کەم ناکات؟

دەکرێت بپرسین، ئەگەر بۆ هەر (چوار) ساڵ جارێک هەڵبژاردنێک بکرێت، ئەی لەو (چوار) ساڵەدا (چوار) نەوەی نوێ پێناگەن و نابێت دەنگ بدەن؟ یان لای پارتییەکانی سلێمانی و ناوچەی گەرمیان ژمارەی لەدایکبوان یەکسانە بە ژمارەی مردووان؟ ساڵانە چەند پارتی لەدایک دەبن ئەوەندە پارتیش کۆچی دوایی دەکەن!

دیارە ئەوە وانییە و تەنانەت لە هیچ شوێنێکی جیهاندا بوونی نییە؟ بۆیە بۆ ئەم لایەنەش دەبێت بڵێین ئایا پارتی لەم هاوکێشەیەشدا وەک زۆربەی شتەکانی دیکەی جیاوازە؟

دیارە کاتێک بەندە ئەم دێڕانە دەنووسم، ئەزموونێکی یەک مانگیم لەسەر کاری هەڵبژاردن و ناسینی زۆربەی هەرە زۆری بەرپرس و کادیر و ئەندام و هەوادار و لایەنگرانی هەبووە. ئەوەش بەهۆی ئەوەی پاڵێوراوی ژمارە (2)ی لیستی (213)ی پارێزگای سلێمانی بووم. بەندە لەو مانگەدا ئەوەم بۆ دەرکەوت کە ئەو پارتە لە هەموو پارت و ڕێکخراوەکانی ناوخۆ و دەرەوەش هەر جیاوازە؟ جیاوازییەکەش ئەوە نییە کە تەنیا هێزێکی بنەماڵەیی بێت، یان بەهۆی ساڵانێک دەسەڵاتداری دووچاری لەخۆباییبوون هاتبێت؟ یان هەر هیچ نەبێت کەسانی نەزان و بێ بەرنامە کاری بەڕێوەبردنی ئەو پارتەیان گرتبێتە ئەستۆ وەکو ئەو پەندە کوردییەی کە گوتراوە "ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێ"، بەڵکو هۆکاری ئەو نەگۆڕانەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرجەم بەرپرس و کادیر و ئەندام و هەوادار و لایەنگرانی ئەو پارتە لەسەر سەروەرییەکانی (مستەفا بارزانی) نووستوون و پێیانوایە، ئەگەر ئەوان لە ماڵیشەوە دابنیشن و بخەون، ئەوا کاری پارتەکەیان هەر ڕێ دەکات! دیارە ئەو بنەماڵەیە گەورەیی و سەروەریی خۆی هەیە، بەڵام نابێت مرۆڤ بەردەوام لەسەر سەروەرییەکانی رابردوو بخەوێت، چونکە ئەگەر وا بکات بەجێ دەمێنێت. تەنانەت ئەو بیرکردنەوەیەش وایکردووە کە خودی رایەڵەی ڕێکخستنی ئەو پارتە هەر لەسەر بنەمای بنەماڵەیی بمێنێتەوە. دیارە مەبەستی بەندەش ئەوە نییە کە تەنیا (بنەماڵەی بارزانی) وەک رابەری ئەو پارتە بمێننەوە، چونکە ئەوە واقیعێکی چەسپێنراوە و هیچ لێکدانەوەیەکی دیکە هەڵناگرێ کە ئەگەر ڕۆژێک بنەماڵەی بارزانی لە پارتی دیموکراتی کوردستان دووربکەونەوە، ئەوا ئاستی هێز و توانا و جەماوەری پارتی زۆر دێتە خوارەوە. واتە ئەوەندە بچووک دەبێتەوە وێنەی نەبێت، چونکە هەموو پارتییەکان بەبێ جیاوازی شوێن پارتی بەهۆی بنەماڵەی بارزانی کەوتوون، نەوەک ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یان ئەنجومەنی سەرکردایەتی و تا دواتر. هەر لێرەوە مەبەستی سەرەکی بۆچوونەکانی بەندەش ئەوەیە کە پەیکەری حیزبی ئەو پارتە بە خێزانی کراوە. واتە هەر خێزانێکی پارتی، پارتیبوونەی بۆ کوڕ و کچەکانی و ئەوانیش بۆ کوڕ و کچەکانی دوای خۆیان بەجێهێشتووە! هەربۆیە ئەستەمە لە سنووری ئەو پارێزگایە خێزانێک ببینی بە پێشینەی مێژووی نیو سەدە یان چارەکە سەدەیەک پارتی نەبووبن. دیارە کاتێک ئەوە پێکهاتەی ئەو پارتە و سیستەمی کارکردنی بێت، ئاساییە ئاستی جەماوەرییان لەبەردەم هەر گۆڕانکارییەکی ناوخۆیی و ناوچەیی و هەرێمی و نێودەوڵەتی زیاد ناکات! واتە ئەگەر سەرجەم هێزە سیاسییەکانی باشووری کوردستان بۆ ماوەیەک واز لە کاری پارتایەتی بهێنن، ئەوا ئەستەمە یەک کەس لەوان ببێتە پارتی ئەگەر بۆ ناویش بێت. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەو مێژووەدا ئەوەیە کە لەکاتێکدا ئەوە واقیعی ئەو پارتەیە لە سنووری ئەو پارێزگایە، کەچی یەک بەرپرسی پارتی لە سنووری پارێزگای سلێمانی یان لە دەرەوەی بیر لە هۆکارەکانی و دۆزینەوەی ڕێگا چارەکانی ناکاتەوە. تەنانەت ئەو ماوەیەی لەگەڵیان کارم کرد ئەوەم نەبینی! لەوەش سەرنجڕاکێشتر هەموو بەرپرسانی پارتی بەردەوام باسیان لە سەرکەوتنی خۆیان لەو پارێزگایە دەکرد! کەچی بەندە یەک سەرکەوتنیانم لەو پارێزگایەدا نەبینی. وەک ئەوەی بینیمان لەسەر داوای هێژا (مەسعود بارزانی) وەک سەرۆکی هەرێمی کوردستان و (نێچیرڤان بارزانی) وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (هەڵەبجە کرایە پارێزگا، کەچی ئەو دەسکەوتە گەورەیە دەنگی پارتی تەنانەت لە سنووری قەزای هەڵەبجەش زیاد نەکرد، دیارە ئەگەر بەرپرسە باڵاکانی پارتی لە خەمی گەورەی بنەماڵەی بارزانی و پارتەکەیاندا بوونایە، دەبوو سزای ئەو کەسانە بدەن کە هەڵبژاردن دوای هەڵبژاردن ئاستی جەماوەرییان وەک خۆی دەهێڵێتەوە! بۆیە نابێت بەلای کەسەوە سەیر بێت ئەگەر ئەو زانایەی (7/22)ی بۆ ڕێژەی نەگۆڕی زانستی ئەندازە دۆزییەوە لە کورد و پارتییەوە نزیک بووایە ئەوا بێ شک لەبری (7/22) دەیگوت (پارتی لە سلێمانی)!

دواجار پێموایە یان دەبێت سەرکردایەتی باڵای پارتی بیرێک لەو کەلێنە گەورەیەی خۆی لە سنووری پارێزگای سلێمانی بکاتەوە، یان باشتر وایە چیتر پارە و داهاتی خۆی لە شوێنێکدا خەرج نەکات کە هیچ لە گەورەیی و شکۆی پارتی و ڕێبازی بارزانی زیاد ناکات. داهاتووش راستی ئەو قسانەمان دەخاتەڕوو. کوردیش سەردەمانێکە گوتوویەتی "ئەو کەسە کەسە ئەلفێکی بەسە"، نەوەک ئەو گوتەیەی "خوا تا کێو نەبینێت بەفری تێناکات"، چونکە نە پارێزگای سلێمانی کێوە و نە پارتیش بەفر تا بتوێتەوە.

***مامۆستای بەشی مێژوو لە زانکۆی سلێمانی**



گۆران محەممەد

# شازی ئۆپەراسیۆنلەر

دەمێک بوو نوکتەی خۆش بەرگوێم نەکەوتبوو. تۆ لەوە گەڕێ هەموو ڕۆژێ بە گێلمان دەزانن و هەواڵی سەیر و سەمەرە بە گوێماندا دەدەن، بەڵام ئەوەندە چەرمی رووت ئەستوور بێت، هاوزەمان نوکتە بکەیت و هەموو دونیاش بە گێل بزانی، ئەمەیان بەڕاستی رووقایمیی گەرەکە.

میتی تورکی مەگەر پاپای بن و گەڵابەیەک سپێناخیان لووشدابێت تا بتوانن ئەو هەموو بارمتەیە، هەولێری گوتەنی، بە قاتوڕپیاتەوە بێننەوە ماڵێ. ئۆپەراسیۆنەکە ئەوەندە شاز بووە دەقی کراسی یەک بارمتە نەشکابوو، باشە مامۆستا ئەردۆغان کە ئەم تورکییە باشە دەزانێ، ئەوە خێرە دە دوازدە هەزار جەندرمەی بەردابووە دوو دۆڵی قەندیلەوە بۆئەوەی دوای چوار پێنج گەنج بکەون؟

ئازادکردنی بارمتەکانی ئەردۆغان و ئازادکردنی فاوی سەددام لە کاتی خۆی، تەنیا لەیەک شتدا جیاوازن: تورکیا هەر زوو گوتی خەڵکم گیراون، بەڵام سەددام تا فاو لە ئێران چۆڵ نەکرا نەیگوت گیراوە. ئەگینا لەو درۆیەدا کە گوایە خۆیان ئازادیان کردووە ڕێک وەک یەک وان و دەشنێ موراد لە گرتنەوەی فاودا چەند بەشدار بووە، میتی تورکیش لەئازادکردنی بارمتەکاندا هەر ئەوەندە ڕۆڵی هەبووە.

نازانم وەزیری دەرەوەی داعش ناوی ئەبو تەڕەماشە یان تەڕەساز، بەڵام دڵنیام ئەو لەگەڵ مامۆستا (مەولوو ئۆغلۆ)ی وەزیری دەرەوەی تورکیا لە خەت بووە و معامەلەکەی کردووە. ئەوەشی کە دەڵێن یەک لیرەمان نەداوە راست دەکەن، چونکە داعش لیرە وەرناگرن، تەنیا بە دۆلار ئیش دەکەن.

خوا پێمنەگرێ یەکێ لەوانەی لای خۆمان پێیان دەڵێن چالاکوان و بیست و چوار کاژێر لەسەر تەلەفزیۆن باسی نرخی کەوەر و سیاسەتی نەوتیی کوردستان دەکەن، یەک لەوانە بەڵام تورک، بە ڕۆژنامەی شەرقولئەوسەتی گوتووە داعش بەڕێز و حورمەتەوە بارمتەکانی عەلتەبرید ڕەوانەی تورکیا کردووەتەوە، چونکە لەبەرامبەردا تورکیا کارئاسانیی بۆ گەیشتنی وەجبەی نوێی داعش لە ئەورووپاوە و چارەسەری تەندروستیی بریندارەکانیان دەکات و چەکیان بۆ لێدانی پەکەکە دەداتێ. نازانم بۆ، بەڵام دڵم زۆر بۆ لای ئەم سیناریۆیە دەچێ، ئاخر زۆر تورکیانەیە و جوانیان لێدەوەشێتەوە.

ئەمریکا کە وەکو داڵ بەسەر ماڵەکەی بنلادنەوە نیشتەوە و کەس نەیزانی تەرمەکەشیان خستە چ بەحرێکەوە، شەش مانگ پتر هەوڵی دا چوار بارمتە لای داعش بە ئۆپەراسیۆن ڕزگار بکات، نەک پێی نەکرا، بەڵکو سێیان وەک مەڕ سەربڕین. کەچی تورک دەیانەوێ باوەڕ بکەین کە دوو پاس بارمتەیان بە ئۆپەراسیۆن ئازاد کردووە بێ ئەوەی گەردیان لێ بنیشێ. ئای تەتەو.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# بەو حاڵەوە دەوڵەتی سەربەخۆ!

لە یەک دوو ساڵی رابردوودا کە هەموو نەورۆزان حەماسی خەڵک بۆ راگەیاندنی سەربەخۆیی لە لووتکەی دەدا، کەم کەس هەبوو بتوانێ لە باشووری کوردستان بە ئاشکرا دژی ئەوە قسە بکات کە کورد مافی جیابوونەوەی لە عێراق نییە، بەڵام ئەوانەی بە چاوێکی ورد لە مەسەلەکەیان دەڕوانی و کەمێک واقیعبین بوون، دەرکیان بەو هەموو کون و کەلەبەرە کردبوو کە لەناو ماڵی کوردیدا و تەنانەت ماڵی کوردستانی (بە پێکهاتە و نەتەوە جیاوازەکانیشەوە) هەبوو. هاوڕێیەکمان کاتی خۆی پێش هێرشی داعش نووسیبووی کە ئەگەر وا بڕوات دەبێ بچین لە بەنگلادیش سەرباز بێنین بۆ ئەوەی شەڕمان بۆ بکات!

جیا لەو هەموو ناکۆکی و ململانێیە حیزبییەی کە هەبووە و هەیە، لە دوو ساڵی رابردوودا کورد لە ئیدارەدانی قەیراندا سەرکەوتوو نەبوون. دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤەکان، شێوەی مامەڵەی دامەزراوەکان و جۆری دروستکردنی پەیوەندییەکان زۆر سەرەتایی بوون. کورد دوای دەرچوونی ئەمریکا لەناوچەکە (بە تایبەتیش پارتی) پێیانوابوو کە دۆزینەوەی هاوپەیمانێکی ناوچەیی بەهێز لە زلهێزێک کە ناوچەکەی لەڕووی سەربازییەوە بەجێهێشتووە، باشترە. پرۆسەی دانوستاندن و دروستکردنی پردەکانی پەیوەندی لە نێوان تورکیا و پارتی و دواتر حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەوڵەتی تورکیا، تا ئەمڕۆشی لەگەڵدا بێت لێڵ و نادیارە. سەرۆک وەزیران نێچیرڤان بارزانی لەو پرۆسەیەدا کە لەسەر ئاستی تاکەکەسی و تیمێکی بچووک بەڕێوەی بردووە، پتر لەوەی پشتی بە بۆچوونی تیمی پسپۆڕ بەستبێ، لە هەوڵی رزگارکردنی وەزعەکەدا بووە. بارودۆخێک کە دەرهاوێشتەی هەندێک هەنگاوی دیراسەنەکراو بوونە. کورد بە ئەوانەشەوە کە پشتیان بە ئێران بەستووە، هەموو تووشی هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورە بوونە. ئەوانەی ئەمڕۆ پێیانوایە ئێران لەو بەزمەدا سەرکەوتووە و قسەی ئەوان چووەتە سەرێ، دەبێ ئەوەشیان لەبیرنەچێ کە هەموو بە یەک ئەندازە بەر رەحمەتی گاڵتەجاڕیی سیاسەتەکانی ئێران، ئەمریکا و تورکیا کەوتوون.

دوو ساڵ ماوەیەکی کەم نەبوو بۆ ئەوەی کورد بتوانن خۆیان بۆ ئەو قۆناغەی ئێستا ئامادە بکەن، بەڵام ئامادەکارییەکان هیچ روانگەیەکی ستراتیژییان تێدا بەدی نەدەکرا. هەر لە هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتەوە بگرە تا ئامادەکاریی سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی هەر مەترسییەک کە بکرێتە سەر کوردستان، نەیانتوانی لە چوارچێوەیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی و دوور لە رۆحی حیزبایەتی بەڕێوەبچن. ئینجا خوێندنەوەی بارودۆخەکە بەو ئاسانیە نەبوو کە بەو میکانیزمانەی ئێستا سەرکردەکانی کورد کاری پێدەکەن مویەسەر بێت. جارێک سیاسییەکی عاقڵی کورد لە 2004 واتا 10 ساڵ پێش ئێستا پێیگوتم، ئەمریکا هەڵەی کرد کە لە عێراقی دا، دەبووایە پێشتر لە سووریا بدات! ئەوکات مەسەلەی عێراق زۆر ئاسانتر چارەسەر دەکرا. لە بارودۆخێکی وەکو ئەوەی ئێستا کورد تێیکەوتووە، دەبێ راشکاوانە دان بەوەدا بنرێت کە کورد نەک هەر میکانیزمی دروستکردنی ستراتیژیی نەبووە، بگرە تا رادەیەکیش بووەتە قوربانیی خۆشباوەڕی و ئەو شەترەنجەی کە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەچێت. کورد نەیانتوانی لە ئەهەمیەتی جیۆستراتیژیی سووریا بۆ دنیا تێبگەن و حیسابەکان لەسەر بنەمای نەمانی رژێمی ئەسەد و هەندێکیش تەنها لە روانگەی دژایەتیکردنی ئەو حیسابانە هەڵچنران. (وەک چۆن لە سەردەمی پەیماننامەی جەزایردا، کورد پێیوابوو کە مەحاڵە ئێران و عێراق پێکبگەن!، بەڵام کە ئەمریکا و رووسیا پێکگەیشتن کورد دۆڕاندی. رەنگبێ کەمێک لێتێگەیشتنی ئاسان نەبێت، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ بەسەرمان هاتووە، باجی رزگارکردنی رژێمێکی دیکتاتۆرە. پەیدابوون و لەناوچوونی داعش خزمەتی یەک ئامانج دەکەن. بەڵام ئێمە لەو بەینەدا لە کوێ بووین؟ ئایا ئەگەر کەمێک وردتر بیرمان کردبایەوە و ئامادەسازیی زیاتر هەبووایە، کەمێک لە سیاسەتدا بمانتوانیبایە زمانی دیپلۆماسیمان بەهێزتر بکەین، نەدەکرا بارودۆخەکە زیاتر لەوەی کە هەیە لە قازانجی خۆمان بەکاربێنین؟

ها راستە کورد ئەمڕۆ لە ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بوونەتە پاڵەوانی شەڕی دژی تیرۆر، راستە هەولێر بووەتە ناوەندی ترافیکی دیپلۆماسیی وڵاتانی رۆژئاوا، بەڵام دەزانن چیمان لەدەستداوە؟ ئەمڕۆ خەڵک باوەڕیان بە دروشمی جیابوونەوە نەماوە، باوەڕیان بەوە نەماوە کە ئەگەر ئەمریکا نەبێ بتوانین لێرە بژین، باوەڕیان بەوە نەماوە کە دەبووایە هەشت مانگ برسی بکرێن چییە گوایە سەربەخۆ دەبن، کەچی دوایی گڕ گڕ بادەینەوە بۆ بەغدا.



فەرەنی قادری

# سکۆتلاند.. تارماییەک لە ئاسمانی ئەورووپادا

لە (18/9/2014)دا هاووڵاتیانی سکۆتلاند بۆ وەڵامدانەوە بە "مانەوە" یان "جیابوونەوە" لە بەریتانیا، روویان لە سندووقەکانی دەنگدان کرد. ئاکامی ریفراندۆمەکە ئەوەی نیشان دا کە لایەنگرانی مانەوە لەگەڵ بەریتانیا، بە بەدەستهێنانی (55.30%)ی دەنگەکان بەسەر لایەنگرانی سەربەخۆییدا سەرکەوتن و، بەشێوەیەکی کاتی بەریتانیایان لە "ژان"ی سەربەخۆیی سکۆتلاند رزگار کرد.

لە (15/10/2012)دا بوو کە دێڤید کامیرۆن سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا و ئەلێکس سالمۆند وەزیری یەکەمی سکۆتلاند، سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی سکۆتلاند ڕێککەوتن. هەر ئەوکاتیش، ئەولەویەتی سیاسەتی کامیرۆن "پاراستنی یەکێتیی بەریتانیا" بوو. دوای ئەو ڕێککەوتنە بوو کە سەرۆک وەزیرانی سکۆتلاند گەڵاڵەیەکی (670) لاپەڕەیی بۆ سەربەخۆیی سکۆتلاند لە ژێر ناوی "داهاتووی سکۆتلاند، ڕێنیشاندەری ئێوەیە بۆ سکۆتلاندی سەربەخۆ" ئامادە کرد و لەناو هاووڵاتیانی سکۆتلاند بڵاوکرایەوە. کاکڵی سەرەکیی گەڵاڵەکە، پرسی ئابووری بوو.

هەر ئەو سەردەم پرسی "زیادبوونی دەسەڵاتی خۆجێیی"، لەلایەن بەرهەڵستکارانی سەربەخۆیی سکۆتلاند خرایە بەر باس، بەڵام دەوڵەتی بەریتانیا لەگەڵ ئەو رایە نەبوو، ئێستا دوای ئاشکرابوونی ئاکامی ریفراندۆمەکە، ئەگەری ئەوە زۆرە کە ئەو باسە جارێکی تر بێتەوە گۆڕێ. هەر ئێستا سکۆتلاند بە شێوەیەکی نیوە سەربەخۆ بەڕێوە دەچێت، بەڵام ئیدارەی سیاسەتی دەرەوە، وزە و بەرگری سەر بە بەریتانیایە. ئێدینبۆرگ کە پایتەختی سکۆتلاندیە، یەکێکە لە ناوەندە گرینگەکانی ئابووری و بانکی ئەورووپا، هەروەها ناوەندی یەکێک لە پێنج بانکە گەورەکانی جیهانە. شاری ئێبێردین کە سێیەمین شاری ئەو وڵاتەیە، ناوەندی چالاکیی پیشەسازی نەوتی بەریتانیایە. بنکە ئەتۆمییەکانی بەریتانیاش هەر لە سکۆتلاند جێگیرن. بەڵام سەرکەوتنی لایەنگرانی مانەوە لەگەڵ بەریتانیادا، بەمانای کۆتایی "سکۆتلاندی سەربەخۆ" نییە و ئەوەش بەڕوونی لە پەیامی سەرۆک وەزیرانی سکۆتلاند دوای راگەیاندنی ئاکامی ریفراندۆمەکە دەرکەوت.

### "تارمایی" سەربەخۆیی لە ئەورووپادا

یەکێک لەو دەوڵەتانەی کە پرسی سەربەخۆیی سکۆتلاند نیگەرانیی کردووە، ئیسپانیایە کە خاوەنی کێشەی نەتەوەییە و تا ئێستا چارەسەرێکی جددی بۆ نەدۆزیوەتەوە. دەوڵەتی ئیسپانیا ترسی لەوەیە، کە سکۆتلاند ببێتە هاندەرێک بۆ ناوچەکانی (باسک) و (کاتالۆنیا) لە ئیسپانیادا، کە ئەوانیش شێلگیرانە داوای سەربەخۆیی بکەن. بوژانەوەی پرسی نەتەوەیی و مەیل بۆ سەربەخۆیی نەتەنیا سکۆتلاندی گرتۆتەوە، بەڵکو وڵاتی (جامایکا) شی هێناوەتە سەر ئەو ڕێبازە کە بیر لە سیستەمێکی کۆماری و سەربەخۆیی بکەنەوە. وڵاتی جامایکا خاوەنی پەرلەمان و سەرۆک وەزیرانی خۆیەتی، بەڵام لە ژێر چاودێریی تاجی بەریتانیادا بەڕێوەدەچێت.

گەرچی لایەنگرانی سەربەخۆیی لە سکۆتلاند سەرنەکەوتن، بەڵام ریفراندۆمەکەی سکۆتلاند ئەورووپای هەژاند. کێشەیەکی دیکەش کە یەکێتیی ئەورووپا هەیەتی ئەوەیە، هیچ چەشنە یاسایەکیان بۆ ئەوە نییە کە ئەگەر بێت و وڵاتێک لە ناو وڵاتێکی یەکێتیی ئەورووپادا بە سەربەخۆیی بگات و داوای ئەندامێتی لەو یەکێتییەدا بکات. شک لەوەدا نییە کە ریفراندۆمەکەی سکۆتلاند لە بواری ناوخۆیی بەریتانیاشدا کارتێکەری لەسەر شێوازی حوکمڕانی ئەو وڵاتەدا دەبێت و، پرسی چاکسازی لە سیستەمی سیاسیدا دەبێتە باسی ڕۆژ. دێڤید کامیرۆن گەیشتووەتە ئەو بڕوایە کە "دەبێ دەسەڵاتی زیاتر بە ناوچەکان بدرێت". لەپاڵ ئەوەشدا ئەلێکسساڵمۆند سەرۆک وەزیرانی سکۆتلاند ڕایگەیاند: "دەبێ بڵێم کە ریفراندۆم ڕەوتێکی ئاشتیخوازانە و ڕێککەوتن بوو، زۆرینەی سکۆتلاندییەکان بڕیاریان دا کە (لە قۆناغی ئێستا)دا نەبن بە وڵاتێکی سەربەخۆ. من دەنگی هاووڵاتیان قبووڵ دەکەم و داوا لە تەواوی سکۆتلاندییەکان دەکەم، کە دەنگی دیموکراتیکی خەڵکی سکۆتلاند قبووڵ بکەن".

کەتالۆنیا و ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی پرسێکی دیکەی ئەورووپایە و بڕیار وایە لە (9/11/2014)دا ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کەتالۆنیا بەڕێوەبچێت. بەڵام بەپێچەوانەی سکۆتلاند، هەندێک لە کێشەکانی کەتالۆنیا چەشنێکی دیکەن. ئارتوور ماس سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کەتالۆنیا دەڵێت: "لە ئیسپانیادا نکۆڵی لە بوونی نەتەوەی کەتالۆنی دەکەن. ئەوە یەکەمین هەڵەی گەورەیە، چونکە ئەو بۆچوونە نکۆڵییە لە مێژوو". ئەگەر لە سەدەی رابردوو، لە ئاسیا و ئەفریقادا بزووتنەوەی سەربەخۆییخواز بە دژی بەریتانیا سەریان هەڵدا و بە سەربەخۆیی گەیشتن، بەڵام ئەمجارەیان، بزووتنەوەی سەربەخۆییخواز لە ناو ماڵی وڵاتی "پاشایەتی یەکگرتووی بەریتانیای مەزن"دا سەرهەڵدەدات. لە ئەورووپا (مەڵبەندی دیموکراسی) و لە بەریتانیای دیموکراتیشدا پرسی نەتەوەیی، هێز و دەسەڵاتی هەیە. (باسک) و (کاتالۆنیا) لە ئیسپانیا، جامایکا، فلاندێر لە بەلژیکا و ... کاروانێکە هەروا بەڕێوەیە. تارمایی سەربەخۆیی لە ئەورووپا، هەروا لە هاتوچۆدایە.



ڕێبوار کەریمی

# شەڕی شاری و سەری ماری

چەکی نوێیان داوە بە کورد، ئەویش گۆیا بە بەلاش! ئەمە ئەگەر هەر بۆ ئەوە بووایە کورد خۆی پێ بپارێزێ، دەمانگوت ماڵیان ئاوا. بەڵام وا دیارە نرخی نەدرکاوی چەکە بەلاشەکان، گیانی بەلاشی پێشمەرگەی کوردە بۆ شەڕی لەمەودوای داعش.

هەڵبەت داعش تازە بووەتە گۆشتی گردەمل و ناکرێ خۆی لێ لابدەی. بەڵام یەک شت- لە تەنیشت زۆر شتی دیکەوە- جێی نیگەرانییەکی گەورەیە، ئەویش ئەوەی کە پێشمەرگە لە ڕۆژ و هەفتەکانی داهاتوودا، لە شەڕی ئازادکردنی موسڵ وەربدرێت. شەڕی ناو موسڵ، سەری مارەکەیە.

لە ماوەی رابردوودا پێشمەرگە سەلماندی کە لە شەڕی بەرەییدا زۆر بەهێز نییە. ئەمەش لەبەرئەوەی کە شەڕی بەرەیی جگە لە فەرماندەیی باش، ورەی بەرز، ڕاهێنانی تایبەت و چەکی گونجاویشی دەوێ. ئەنجامی کارەساتباری بەشێک لە شکستەکانی ئەم دواییە، ئەنجامی نەبوونی (بەشێک یان تێکڕای) ئەو مەرجانەی سەرەوە بوو.

بەڵام چوونە ناو موسڵ، جگە لە کێماسییەکانی شەڕی بەرەیی، کێماسییەکی حاشاهەڵنەگری دیکەی هێزی پێشمەرگە دەسەلمێنێ کە دوور نییە یەکجار کارەساتبار بێت. شەڕی ناو موسڵ "شەڕی شاری" یە. هێزی پێشمەرگەش- هیچ نەبێ ئەوەندەی من بزانم- هیچ ڕاهێنانێکی پێویستی لە شەڕی ناو شاردا نەبینیوە.

لەڕاستیدا پێشمەرگە هەر لە بنەڕەتەوە بۆ شەڕی شاری نەخولقاوە. تەنانەت ڤیدیۆی شەڕە کۆنەکانی پێشمەرگەش دەیسەلمێنێ کە پێشمەرگەی شەڕە دێرینەکانیش ئەوەندەی بە "چەکی بیروباوەڕ" و ئازایەتی و گیان لەسەردەستیی خۆیان سنگیان بە گوللەوە ناوە و گورزیان لە دوژمن وەشاندووە، ئەوەندە پشتیان بە تاکتیک و "هونەری شەڕکردن" نەبەستووە. بەدەر لەم ڕاستییەش، تاکتیکی شەڕی پارتیزانی و شەڕی بەرەیی لەگەڵ شەڕی شاری، جیاوازیی گەورەیان هەیە.

شەڕی شاری کە بەمانای بەرەنگاربوونەوە لەناو ناوەندەکانی نیشتەجێبوونە، خاوەنی سێ ڕەهەندی جیاواز لە شەڕی بەرەییە. لە شەڕی شاریدا هێزەکان هەم لەسەر ئاستی تەختایی شەقام هەم لەسەربان و قاتەکانی سەرەوەی ماڵانن، ئەمە جگە لەوەی کە لەوانەیە لەناو تونێل و خەرەند و کەناڵە ژێرزەمینییەکانیشدا جێیان خۆش کردبێت.

لە دۆخێکی ئاوادا، پێچەڵپێچیی ڕێڕەوەکان، بوونی سووچ و کەلێنی نادیار و بەرتەسکیی مەودای نیشانەگرتن و تۆز و دووکەڵی کاتی تەقینەوەکان، ئاستەنگی گەورە بۆ جەنگاوەران دروست دەکەن. لە هەلومەرجێکی ئاوای جەرگەی شەڕدا کە مەودای پێکهاتنی دیدێکی هەمەلایەن لەسەر پانتایی شەڕ بەرتەسک دەبێتەوە، ساغبوونەوە لەسەر گونجاوترین تاکتیکی شەڕ، هەم بۆ جەنگاوەران و هەم بۆ فەرماندەکانیان یەکجار ئەستەم دەبێت.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو تێبینیانەی سەرەوە، شێوازەکانی ڕاهێنانی جەنگاوەریش بۆ شەڕی شاری، گۆڕانی بەسەردا دێت. بۆ وێنە شێوەی خۆمەڵاسدان، داهێنانەوەی چەک، نیشانەکردن، یەکتر پاراستن لە کاتی چوونە پێش و چوونە ژوورەوەدا و تاد. هەموو ئەمانە لە پرۆسەی شەڕی ناو ناوەندەکانی نیشتەجێبووندا جیاوازە لە شێوەی شەڕی بەرەیی. ئەو کورتە فیلمە ڤیدیۆییە بڵاوکراوانەی ئەم دواییە کە تێیاندا پێشمەرگە لە دۆخی شەڕی ناو ماڵ و کۆڵانەکاندان، بە ئاسانی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن کە هێزەکانی پێشمەرگە -بەداخەوە- کەمترین ڕاهێنانیان لەم بوارانەدا پێ نەکراوە.

هەڵبەت بەدەر لەوەی ئایا پێشمەرگە شارەزای شەڕی شاری هەیە یان نا، یەک ڕاستیی سەلمێندراو ئەوەیە کە شەڕی شاری بە شێوەیەکی گشتی، زۆرترین خەسارە گیانییەکانی بۆ ئەو هێزە دەبێ کە لە دۆخی پێشڕەوی و ڕامالێندایە.

گرفتی گەورەی شەڕی شاری ئەوەیە کە پێویستە گەڕەک بە گەڕەک، کۆڵان بە کۆڵان، ماڵ بە ماڵ و تەنانەت ژوور بە ژوور، پێشڕەوی بکرێت. هێزی بەرگریکار دەتوانێ بە زۆر شێوە کۆسپ بنێتە ڕێی ئەم پێشڕەوییە، بە تایبەتی ئەگەر شارەزایی لەسەر ناوەندی شەڕەکە پەیدا کردبێت و دەرفەتی خۆڕێکخستن و خۆئامادەکاریشی بووبێت. لە شەڕی شاریدا، هێزی بەرگریکار هێندێک ڕێوشوێنی وەک: بەستن یاخود تەسککردنەوەی ڕێگاکان، مینڕێژکردنی ڕێگەوبان و قایمکردنی سەنگەرەکان دەگرێتەبەر. ئەمە جگە لەوەی کە لەوانەیە ڕێچکەکانی هاتوچۆ و بەرتەک (دژەپەلامار)ی لە پێشەوە دیاری کردبن، تاقیکردبنەوە و پرۆڤەشی لەسەر کردبن. بۆیە، بەشێوەیەکی گشتی، هەتا هێزی بەرگریکار باشتر فریای گرتنەبەری ئەو ڕێوشوێنانەی سەرەوە کەوتبێت، دەستبەسەرداگرتنی ناوەندی نیشتەجێبوون بۆ هێزی هێرشکار قورس و پرخەسارتر دەبێت.

شەڕی داعش، ڕەهەندێکی دیکەش بە دژواریی شەڕی شاری دەبەخشێت. ئەویش ئەوەی کە بەرامبەرەکەت هێزێکی میلیشیای گیان لە دەست داشتووی، بیروشکی قەنناس بەدەستە کە دەشێ پێشتر جێگە و پێگەی خۆی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە و شەڕی مان و نەمان توندکربێ و تەنانەت دوور نییە چرکەی کۆتایی ژیانیشی بۆ خۆتەقاندنەوە بە هێزی هێرشکاردا تەرخان کردبێت.

کورد بەهاتنی چەکی قورس دڵشادە. بەڵام گرفتێکی دیکەی شەڕی شاری ئەوەیە کە چەکی قورس قسەی کۆتایی تێدا ناکات. چونکە لە ئەگەری تۆپباران یاخود بۆمبابارانی ناوەندە شارییەکاندا، جگە لەوەی دوور نییە خەڵکێکی مەدەنیی زۆر تێدا بچن، لە جێدا تەفروتووناکردنی بینا و ژێرساختەکانی شار، پرۆسەی پێشڕەویی هێزی هێرشبەر خاوتردەکاتەوە. خاوبوونەوەی هێزی هێرشکاریش دەرفەتی زێڕین بۆ دەستوەشاندنی لە ناکاو بە هێزی بەرگریکار دەبەخشێت.

وەک باس دەکرێ، بەشێکی بەرچاوی خەسارە گیانییەکانی پێشمەرگە لە شەڕی جەلەولادا، ئەنجامی شەڕی گرتنەوەی دوو گەڕەکی شارەکە بووە کە وەک یەکێک لە فەرماندەکانی ئەو بەرەیە دواتر دانی پێدا نا "لە پێشمەرگە عاسی ببوون و لەئەنجامیشدا پێشمەرگە لە هەموو جەلەولا کشایەوە". ئەمەش ڕاستییەکە کە دژواریی شەڕی شاری دەردەخا. ئینجا تۆ بڵێی گەڕەک و کۆڵانەکانی موسڵ کەمتر بن؟!

بە لەبەرچاوگرتنی هەموو ئەو خاڵانەی سەرەوە، دەکرێ باشتر لە شێوەی هاتنە ناوەوەی ئەمریکا بۆ شەڕی لەمەودوای داعش تێبگەین. لەڕاستیدا پێداگریی ئەمریکا لەسەر نەناردنی جەنگاوەرانی خۆی بۆ شەڕی زەمینی دژی بە داعش- لە کاتێکدا کە خاوەنی ڕاهێنانی تایبەتی شەڕی شاریشن- بەشێکی بەرچاوی بۆ وشیاری و ئەزموونداریی ئەمریکییەکان لە ئەنجامە چاوەڕواننەکراوەکان و قەبارەی گەورەی خەسارە ئینسانیەکانی ئەو جۆرە شەڕانە دەگەڕێتەوە.

من نازانم پلانی هێرشی لەمەودوا بۆ سەر داعش چۆن دادەڕێژرێ و پێشمەرگە چ ئەرکێکی دەخرێتە ئەستۆ. لەوەش زیاتر، من نازانم ئەگەر پێشمەرگە تێکەڵ بە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بکرێت، سەرکردایەتیی کورد لەبەرامبەریدا چ ئیمتیازێکی گەورە بۆ کورد وەردەگرێت. بەڵام لە هەرحاڵدا، ئەگەر سەرکردایەتی کورد بەدڵخوازی یان بە ناچاری لەم شەڕە دژوارە وەردرا، مادام نرخی بەشدارییەکە خوێن و گیانی گرانبەهای دەیان و سەدان ڕۆڵەی کوردە، دەبێ بەوپەڕی بەرپرسیارێتییەوە بەرامبەر بە گیانی پێشمەرگە، بڕیار لەسەر شێوە و ئاستی بەشداریکردنەکە بدات.

هێندێک وتەزای وەک "کورد لە بری دنیای ئازاد شەڕی تیرۆریستان دەکات" یان "کورد لە سەنگەری پێشەوەی بەرەی جیهانیی دژە تیرۆردایە" ڕەنگە کارایی دیپلۆماتیکی تایبەت بە خۆیان هەبێت، بەڵام لە مەیدانی بەکردەوەدا- بە تایبەتی ئێستا کە چەک بۆ پێشمەرگە هاتووە — نابێ کورد تووشی حەماسی زیاد لە پێویست بۆ بەشداری لەو شەڕە ببێ. کورد ڕەنگە چیتر نەتوانێ و نەشێ بەشداری لەو شەڕەدا نەکات، بەڵام دەتوانێ لەسەر شێوە و شوێنی بەشداریکردنەکە حەکیمانە و بەرژەوەندگەرایانە بڕیار بدات.

بە واتایەکی دیکە، بەدەر لە هەر دەسکەوتێکی سیاسی، سەرکردایەتی کورد وا باشە هەوڵ بدات لە کاتی پەلاماردانی موسڵدا، لە دابەشکاریی ئەرکەکاندا، ئەرکی بەشی یەکەمی شەڕی شاری، واتە شەڕی دەرەوە و دەوروبەری ناوەندی نیشتەجێبوون بگرێتە ئەستۆی پێشمەرگە.

شەڕی شاری بەسەر دوو بەشدا دابەش بکرێ: یەکەم شەڕ و پێکدادانەکانی دەرەوە و دەوروبەری ناوەندی نیشتەجێبوون و دووەم شەڕ و بەرەنگاربوونەوەکانی ناو جەرگەی ناوەندی نیشتەجێبوون. ئەو بەشەی کە زۆرترین توانایی و لێوەشاوەیی پێویستە و زۆرترین تێچوونیشی هەیە، شەڕی ناو جەرگەی ناوەندەکانی نیشتەجێبوونە.

سەری مارەکە لەناو شاردایە. با فەخر و قارەمانێتیی شەڕی ناو شاری موسڵ بۆ سوپای عێراق و هێزە جەنگاوەرەکانی بمێنێتەوە!

دوا وتەش ئەوەیە کە ڕاستە پێشمەرگە شەڕ لەگەڵ هێزێکی لە باری ئایدیۆلۆژییەوە دواکەوتوو دەکات، بەڵام جۆری شەڕەکە، بە تایبەتی ئەگەر ببێتە شەڕی ناو ناوەندەکانی نیشتەجێبوون، شەڕێکی مۆدێرنە. شەڕێک بە سروشت و پێوانەی جیاواز لەوەی پێشمەرگە پێی ڕاهاتووە. مەسەلەکە زۆر ڕوونە: پێشمەرگە تەنانەت ئەگەر پێشکەوتووترین چەکەکانی دنیاشی بدرێتێ، ڕاهێنان و ئامادەیی تەکنیکیی بۆ شەڕی شار نییە. ئەمەش ڕاستییەکە کە دەبێ بەرپرسانە لەبەرچاو بگیردرێت. حاشالێکردن یان لەبەرچاونەگرتنی ئەم ڕاستییە- لە کاتی بڕیاردان لەسەر شێوەی بەشداریی پێشمەرگە لە شەڕەکانی دەرەوەی کوردستاندا- بۆ حاڵی هێزی پێشمەرگە کارەساتبار دەبێت. ئەو چەکانەی داویانە بە پێشمەرگە چەند گرانیش بن، هێشتا لە گیانی پێشمەرگە گرانبەهاتر نین.

بەو هیوایەی پێشمەرگە تووشی شەڕی شاری، بە تایبەتی شەڕی ناو موسڵ نەکرێت.



هێمن عەبدوڵڵا
hemen@rudaw.net

# کۆبانی بە پێشمەرگە دەپارێزرێت

هەرچەندە لە دڵی کوردێکی نیشتمانپەروەردا ئەوەی بەسەر خەڵکی کۆبانی دێت هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەوەی بەسەر شنگال هات، بەڵام لەڕووی سیاسییەوە جیاوازیی گەورە لەنێوان ئەو دوو کەیسەدا هەیە. خەڵکی شنگال جینۆسایدکران، ئینجا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هاتە سەر خەت، بەڵام دەکرێ بەرلەوەی کۆبانی پاکتاو بکرێت، پێشمەرگە فریای بکەوێت.

ڕاگەیاندنی باشووری کوردستان ڕەخنەی زۆری لێدەگیرێت لەسەر ڕووماڵەکانی بۆ شەڕی دژی داعش. بەشێکی ئەو ڕەخنانەش لەجێی خۆیاندان. بۆنموونە کاتێک شنگالییەکان جینۆسایدەکران و لە چیای شنگال گیریانخوارد، بەشێک لەو ڕاگەیاندنە هێندەی پێی گرنگ بوو بایەخ بە "ترسنۆک" پێشاندانی "پێشمەرگەی پارتی" بدات و کەمتەرخەمیی چەند فەرماندەیەک بکاتە کەمتەرخەمیی هەموو پێشمەرگە، هێندە پێی گرنگ نەبوو زانیاریی ورد لەسەر ئەو مەترسییانە بداتە خەڵک کە داعش لەسەر ئایندەی تاکە حکومەتەکەی کوردستان دروستیکردووە. هەرچەندە فەرماندەی پێشمەرگە هەبوون کە کەمتەرخەمییان کرد و شایانی ئەوەشن باجی کەمتەرخەمییەکانیان بدەن، بەڵام بەلارێدابردنی ڕای گشتی لەسەر ڕووداوەکانی ئەوکاتی شنگال وەکو ئەو کەمتەرخەمییە خراپ بوو.

ئەو شەڕە دەروونییەی ڕاگەیاندنی یەکێتی و PKK لەسەر ڕۆڵی پێشمەرگە لە کارەساتی شنگالدا کردیان، شەڕێکی نانیشتمانپەروەرانە بوو. بە هەمان شێوەش ئەگەر ئەو شکستەی ئێستا شەڕڤانان و گەریلاکانی PKK لە کۆبانی تووشی هاتوون لەلایەن ڕاگەیاندنی پارتی و گۆڕانەوە گەورە بکرێت و خۆیان لە ڕوونکردنەوەی ئەو مەترسییانەی داعش بۆ سەر ڕۆژئاوای کوردستان دروستیکردووە ببوێرن، ئەوانیش کارێکی نانیشتمانپەروەرانە دەکەن.

ئەوە ڕاستییەکە کە PKK لە ڕۆژئاوای کوردستان بەئاسانی ناتوانێت لە پشتیوانیی نێودەوڵەتی بەرخوردار بێت. ڕاستییەکی تاڵتریش ئەوەیە کە ئێستا ئەو حیزبە لە کۆبانی شەڕی خۆترێن دەکات و باجی کەللەڕەقی و تاکڕەوییەکەشی دەدات. چونکە ناتوانێ هەتاسەر خۆی لەبەرامبەر هێرشەکانی سوپایەکی ساز و تەیاری وەکو ئەوەی داعشدا بگرێت، بەتایبەتیش لە ناوچەیەکدا کە ئەمدیوی داعش بێت و دیوەکەی دیکەی تورکیا بێت. لەو نێوەندەدا بەشێکی گرنگی ڕۆژئاوای کوردستان لەبەردەم هەڕەشەی پاکتاوبوونی مرۆیی و بەیەکجاری تەعریببووندایە. بۆیە کۆبانی پێویستی بە فریاکەوتنی بەپەلەی پێشمەرگەیە.

وەزیرێکی حکومەتی سووریا بە ڕووداوی گوتبوو کە سوپای ئەسەد دەیەوێ لە کۆبانی تەدەخول بکات، چونکە "YPG شەڕ ناکات". ئەمە زۆرتر لە هەڕەشە دەچوو و پێناچێ سوپای ئەسەد هێزی ئەوەی هەبێت و بیەوێ کۆبانی بپارێزێ. هەروەها ڕێی تێناچێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش بیەوێت ڕاستەوخۆ لە کۆبانی تەدەخول بکات و دەسەڵاتی PKK، کە هێشتاش لە لیستی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوادایە، بپارێزێت، بەڵام ڕێی تێدەچێت پێشمەرگەی کوردستان فریای خوشک و براکانی لە کۆبانی بکەوێت.

کاتێک سەیری نەخشەی ڕۆژئاوای کوردستان دەکەیت، دەبینیت دوو ڕێگە هەن بۆئەوەی پێشمەرگە فریای شەڕڤانان و جەنگاوەرە خۆبەخشەکانی ناو کۆبانی بکەوێت. ڕێگەی یەکەم ئەوەیە کە بە ڕێککەوتن لەگەڵ تورکیا هێزی پێشمەرگە لە سنووری باکووری کوردستانەوە بچێتە ناوەوە. ڕێگەی دووەمیش ئەوەیە کە پێشمەرگە لە دێرک و قامشلۆ و ئاموودەوە بڕواتە میحوەری سەرێ کانی و لەوێوە دەروازەیەک بەرەو کۆبانی بکەنەوە بۆئەوەی هێزی فریاکەوتن و تەقەمەنی و یارمەتییە مرۆییەکان بگەیەننە خەڵکی ئەو ناوچەیە.

پێشمەرگەی کوردستان تەنیا پێشمەرگەی پارتی نین و یەکێتیشن. وەزیری پێشمەرگەش ئێستا گۆڕانە. کەواتە چوونی ئەو هێزە بۆ ڕۆژئاوای کوردستان نەک مەترسی دروست ناکات، بەڵکو زۆریش بە قازانجی PKK دەبێت. قازانجەکەش ئەوەیە کە لەجیاتی ئەوەی بە کەللەڕەقی بەشێکی گرنگی کوردستان تەسلیمی داعش بکات و ڕێگە بدات تەعریب ببێت، هەم دەسەڵاتی خۆی لەوێ دەپارێزێت و هەم ڕێگەش لە پاکتاوکردنی خەڵکەکەی دەگرێت.






ئاکۆ محەممەد
ako@rudaw.net

# نەخشەیەکی تازە و کوردستانی گڕگرتوو

چەند ڕستەیەکی پۆل بریمەر، لە دوایین هەڤپەیڤینی ڕۆژنامەڤانیدا زۆر سەرنجی ڕاکێشام، چونکە ئەو یەکێک بوو لە سەرسەختترین پارێزەرانی یەکپارچەیی عێراق، بۆیەش کە ئێستا دەڵێ: ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین ڕووخانی هەیکەلی سیاسی ناوچەکەیە، نەک تەنیا هەرەسهێنانی ڕێککەوتننامەی (سایکس – بیکۆ) کە ڕەنگدانەوەی لەسەر لوبنان و سووریا و عێراق هەیە. هەروەها ئەوەی کە دەڵێ ئەو هەیکەلە سیاسییەی تەمەنی سەت ساڵە لە ڕووخاندایە و دەبێ هەیکەلێکی نوێ بۆ ناوچەکە بۆ سەت ساڵی تازە دروستبکرێت، پاش ئەوەی تۆزێک سەقامگیری گەڕایەوە بۆ ناوچەکە لەسەر بنەمای مافدان بە کەمینەکانی ناوچەکە. ئەوە نیشانەیەکە بۆ تێگەیشتنێکی تازە بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و نەگونجاویی ئەو نەخشەیەی ئێستای کە هەمیشە شەڕ و ئاگر لە ناوچەکەدا دروستدەکات. ئەو تێگەیشتنەش تەواو گونجاوە لەگەڵ کارکردنی کورد بۆ سەربەخۆیی کە ڕاستکردنەوەیەکی گرنگی نەخشەی ناوچەکە دەبێت. هەروەک لە وتارێکی پێشتریشدا باسی ئەوەمان کردبوو کە وڵاتانی کەنداوی عەرەبی و هەندێک وڵاتی دیکە لەپێناو ڕاستکردنەوەی هاوسەنگیی مەزهەبی لە ناوچەکەدا ، دژی دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان نین ، وەک پێشوو. ئەگەر جیهان ئێستا بگاتە ئەو ڕاستییەی کە ئەو نەخشەیەی ئێستای ناوچەکە و ئەو هەیکەلە سیاسییەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، بووەتە مایە و کانگەی دروستکردنی توندوتیژی بۆ هەموو جیهان ، ئەوە هەنگاوێکە پێویستە کورد لە کاری بێ پلانی خۆی بە ئاگا بێنێتەوە.

هێرشەکانی داعش بۆ سەر کوردستان کارەساتێکی مرۆیی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا ، بۆ باشوور و ڕۆژئاوای کوردستان ، کورد دەتوانێ ئەو هێرش و شکستانەی خۆی ، هەڵگەڕێنێتەوە بۆ سەرکەوتن ، دەکرێت وەک خۆشیان بە شکست بمێننەوە بۆ گەلی کوردستان.

ناوچەکە هەموو گڕی گرتووە، کوردستانیش بەشێکە لەو ناوچە گڕگرتووەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست ، ئەو ئاگرە کە لەناوچەکە هەڵگیرساوە ، تەنیا مەترسی نییە بۆ هاووڵاتیانی ناوچەکە ، بەڵکو گیانی هەموو ئەوانەش دەسووتێنێ کە خەڵکی وڵاتانی دیکەن و لەو ناوچەیەدا دەژین ، هیچ گومانیش لەوەدا نییە کە ئاگری ئەو گرووپە توندڕەوانەی ئاگریان لەو ناوچەیە بەرداوە ، دەگاتە دوورترین شوێنی ئەو جیهانە ، هەروەک چۆن قاعیدە کردی.

دیپلۆماسی و سومعەی باشووری کوردستان لەو بوارەدا ئەنجامێکی باشی هەبوو ، وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئێستا بە چاوی هاوکاریکردن و پشتیوانییەوە تەماشای باشووری کوردستان دەکەن. ڕۆژئاوای کوردستان هێشتا دوورە لە سوود وەرگرتن لەو پشتیوانییە بەهۆی دەسەڵاتی تاکلایەنەی پارتی یەکێتی دیموکراتی PYD لە ڕۆژئاوای کوردستان کە وای لێهاتووە ڕێگە بە چالاکییە سیاسی و مەدەنییەکانی پارتەکانی (ئەنجوومەنی نیشتمانیی کورد لە سووریا) نادات، ئەوە زۆر خراپ شکاوەتەوە بەسەر گەلەکەمان لە ڕۆژئاوای کوردستان. ئێستا داعش بەهۆی پشتیوانی نێودەوڵەتی کەوتووەتە هەڵوێستی بەرگرییەوەو هێرش ناکات و ئەوەی هێرش دەکات و پێشڕەوی دەکات پێشمەرگەیە ، بەڵام بەهۆی نەبوونی پشتیوانی نێودەوڵەتی (تەنانەت دانپێدانانێکی گشتگیری کوردیی لە ڕۆژئاوای کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان) بۆ دەسەڵاتداریتی کانتۆنەکان لە ڕۆژئاوای کوردستان ، داعش زاتی ئەوەی کرد لەوکاتەدا هێرش بکاتە سەر ناوچەی کۆبانێ.

ئەو دووبەرەکییە کوردییە لەوکاتە هەستیارەدا تەنیا لە ڕۆژئاوای کوردستان نییە ، بەڵکو لە باشووری کوردستانیش شەڕێکی ساردی سیاسی لەنێوان حیزبەکاندا، بەتایبەتی لەنێوان بەشێکی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەستی پێدەکرێت ، ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی سیاسی لەسەر هەموو سیاسەتی کوردستانی هەیە ، ئەنجامەکەشی بە زیان بۆ هەموو گەلی کوردستان تەواو بووە.

دەسەڵاتداریتی بەغدا کە دەسەڵاتی بەسەر نێوەڕاستی عێراقدا نەماوە، لەگەڵ باشووری کوردستانیش لەشەڕێکی سیاسی و ئابووریدایە ، وای لێهاتووە لە ئەنجامی ئەو دووبەرەکییەدا گوێنەداتە هیچ داواکارییەکی کورد ، بە لووتبەرزییەوە هەڵسوکەوت لەگەڵ هەولێر بکات.

لەو نێوەدا هەندێ هەڵوێستی کوردیش هەن شایانی پێزانین و دەستخۆشین. یەکێک لەوان هەڵوێستی نەوشیروان مستەفا ڕێکخەری گشتیی بزووتنەوەی گۆڕان بوو کە دوور لە چاوی کامێراکان پێشوازی لە حەیدەر عەبادی کرد و هیچ هەڵڵایەکی میدیایی بۆ دروستنەکرد و هەر خۆیشی بەتەنیا پێشوازی لێکرد، هەروەها بەپێی زانیارییەکان زۆر خاڵی پێویستیشی بۆ باسکردوون و پێیگوتووە دەیڤد کامیرۆن، کە بەشێکی زۆر لە گەلی سکۆتلاند داوای سەربەخۆیی دەکرد، ئەو بەڵێنی زیاتر خزمەتکردنی پێدەدان ، نەک سزادان. لە بەرامبەردا ئەو شێوە دەرخستنەی عەبادی لەلایەن یەکێتییەوە و ئەو پێشوازییە بەرفراوانە لێی کە تائێستا یەک هەنگاوی نەناوە خێری گەلی کوردستانی تێدابێت ، کارێکە پێگەی عەبادی بەهێز دەکات. بەڵام لەونێوەدا دەبێ ئەوە بڵێم کە ئەو قسانەی لەسەر زاری مەلا بەختیار بڵاوبوونەوە لەبەرامبەر عەبادیدا ، جێگەی دەستخۆشیبوون.

ڕاستە نەبوونی و مەینەتییە ڕۆژانەییەکانی گەلی کوردستان ، ساتمەی بە سیاسەتکردنی کوردی داوە، بەڵام دیسانەوەش لەوکاتەدا پێویستە سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان بیر لە ڕێگەکانی دەربازبوون لە کێشەکان و گۆڕینەوەیان بە سەرکەوتن بکەنەوە، نەک بەسەر کێشە ڕۆژانەییەکاندا بکەون و لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا داخباری خۆیان پیشانبدەن، چونکە ئەوە سیاسەت دەوەستێنێ. کوردستان ئەمڕۆ زیاتر لە هەموو ڕۆژێک پێویستی بە کار و سیاسەتکردنێکی لێزانانەیە، لەکاتێکدا کە هەموو ناوچەکە لەبەردەم سەرلەنوێ داڕشتنەوەدایە. دەنگی سەرکردایەتی کوردستانیش ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر دەبیسترێت، چونکە لەپێشەوەی بەرەیەکی جیهانیدایە.



پێشتوان عوسمان

# ئاگرەکەی بوعەزیزی شەنگال و کۆبانی دەسووتێنێ

هەموو شتێک ڕۆژی 17/12/2010 بە خۆسووتاندنی محەممەد بوعەزیزی لە تونس دەستیپێکرد. چاوەڕوان دەکرا ئەو ئاگرەی جەستەی بوعەزیزی سووتاند، ببێتە ڕۆشنایی ئومێد بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و قۆناغێکی نوێ لەم ناوچەیە دەستپێبکات. بەڵام پێشهاتەکانی ماوەی 3 ساڵ و نیوی ڕابردوو، سەلماندی کە ئەو ئاگرە نەک هەر نەبووە سەرەتای بەهارێک بۆ عەرەب، بەڵکو سەرجەم ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کردە دۆزەخ. ڕێکخراوی تیرۆریستی داعشیش بوو بە زەبانیی ئەو دۆزەخە. ئێستاش ئەو ڕێکخراوە هەموو وزەی خۆی خستووەتە گەڕ بۆ گواستنەوەی ئاگرەکە بۆ کوردستان.

"ئاگری ئازادیی بەهاری عەرەبی" بە دوای تونسدا، هەر یەک لە وڵاتانی میسر، لیبیا، یەمەن، بەحرەین، سووریا و عێراقی گرتەوە. بەڵام تەنیا ئاگرەکە گڕەی سەند، نە ئازادی و نە بەهار نەهاتنە دی. لە یەمەن دەموچاوی سەرۆک سووتا، لە میسر پەرلەمان سووتا، لە لیبیا کێڵگە نەوتییەکان سووتان، لە سووریا و عێراقیش هەموو وڵات سووتا. بێجگە لەوەی ئومێدی ژیان لەم پارچە خێر لەخۆنەدیوەی زەوی نەک تەنها سووتا، بەڵکو کڵوکۆی دامردەوە.

گەورەترین دیاری ئەم "شۆڕشە" بۆ جیهان، داعش بوو. کاتێک خۆپیشاندانەکانی سووریا نەگەیشتنە ئەنجام، توندوتیژی دەستیپێکرد. زۆری نەبرد توندوتیژییەکە بوو بە شەڕی ناوخۆ. شەڕی ناوخۆیەکی دوور و درێژیش لەدایکبوونی گرووپەکانی وەک بەرەی نوسرە و داعشیان بەدوای خۆیاندا هێنا. لەناو هەموویاندا داعش وەک بەهێزترین و کاریگەرترین هێزی ڕوخێنەر دەرکەوت.

داعشیش کە ڕەگەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بەرهەڵستکارییەی لە عێراق بەرامبەر هێزە سەربازییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دوای 2003 دەستیپێکرد. دواتر لەو گێژداوەی سووریادا زەمینەیەکی لەبار بۆ گەشەکردنی ڕەخسا کردیە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی نێودەوڵەتی کە هەڕەشە لە ئارامی و سەقامگیری هەموو جیهان دەکات. سەرەتا لەگەڵ هەموو لایەنەکان شەڕی کرد و جێپێیەکی فراوانی بۆ خۆی کردەوە. هەرچەندە دەمێکە شەڕی لەگەڵ YPG هەیە لە ڕۆژئاوا، بەڵام لە ماوەی مانگ و نیوی پێشوودا ئەو بەرەیەی فراوانتر کرد و شەڕێکی ئیقلیمی گەورەی بەسەر کورددا سەپاند.

ئەگەر سەرنج بدەین، ئەمڕۆ شەڕی ئەم ڕێکخراوە تەنها لەگەڵ کوردە. داعش دەستی لە نەیارەکانی سووریای هەڵگرتووە و وازی لە شەڕی شیعەی عێراقیش هێناوە. لەبەرامبەردا بە درێژایی سنووری کوردستان لە جەلەولاوە هەتا کۆبانی لە هێڵێکی درێژدا بەرەیەکی فراوانی بەرامبەر کورد بەرپا کردووە. سەرەتای مانگی پێشوو هێرشی کردە سەر شنگال و ئەو تراژیدیایەی خولقاند کە هێشتا کەسمان نەهاتووینەتەوە سەر خۆمان. دواتریش هەڵیکوتایە سەر هەولێر. لە ڕۆژئاواش شەڕی قڕکردن و لەڕیشەبڕین لەگەڵ دانیشتوانی کۆبانی بەڕێوەدەبات.

بە قەولی داعش بێت، هەر کەسێک وەک ئەوان بیر نەکاتەوە و نەژی "کافر" و "مورتەد"ە. ئەی خۆ هەر ئێمە "کافر" نین! بۆ وازیان لە هەموو جیهانی بێ دین هێناوە و ئاگرەکەیان هێناوە بۆ ماڵی کورد؟ بۆچی ناچن شەڕ بکەن لەگەڵ "فارسی مەجوس" و "تورکی عەلمانی موونافیق"؟ (بەپێی تێرمینۆلۆژی خۆیان). بۆ ناچن لەسەر مافی زەوتکراوی برا موسڵمانەکانیان لە فەلەستین هەڵبدەنێ و شەڕ لەگەڵ "ئیسرائیلی زایۆنیستی" دوژمنی سەرسەختیان بکەن؟!

لێرەدا پێویست بە هەڵوێستەیەک دەکات. ئەم هێرشە بەرفراوانەی داعش بۆ سەر کورد و هەردوو کیانی کوردی لە باشووری کوردستان کە چەند مانگێک لەمەوپێش باسی سەربەخۆیی دەکرد، لەگەڵ ئەوەی ڕۆژئاوای کوردستان کە بۆ یەکەم جارە لە مێژوودا بە جۆرێک لە ئەزموونی خۆبەڕێوەبەریی دیفاکتۆدا تێدەپەڕێت، نیشانەیەکی گەورەی پرسیار لە مێشکمدا دروست دەکات.

بیرمەندی بەتوانای تورکیا ئیسماعیل بێشکچی کە یەکێکە لە دۆستە دەگمەنەکانی کورد لەو وڵاتە، هەموو جارێک باسی سیستمێکی "ئەنتی کوردی" دەکات کە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی کارا بووە و ڕێگەی لەم گەلە گرتووە بڕیار لە چارەنووسی خۆی بدات. وا نزیکەی سەدەیەک تێدەپەڕێت بەسەر ئەو جەنگەدا، کورد دوای 100 ساڵ جارێکی دیکە سەری هەڵهێناوەتەوە و چاوی بڕیوەتە ئاسۆی مافی بڕیاردان لە چارەنووس. بە دەست خۆم نییە، ئەو پرسیارە دێتە مێشکمەوە کە ئاخۆ هەر ئەو سیستمە دژە کوردە نییە ئەمڕۆش وەک 100 ساڵ لەمەوپێش ئێخەی کوردی گرتووە و شەڕی قڕکردنی لەگەڵ دەکات؟.

ئەوەندە خەیاڵ پڵاو نیم بڵێم "بەهاری عەرەبی موئامەرەیەکی دەولی بوو لە دژی کورد". ناشڵێم تەنها ئامانجی داعش لێدانی کوردە. بەڵام دەرپەڕینی داعش لە ناکاوێکدا و شەڕی مان و نەمانی لەگەڵ کورد هیچ بۆنی خێری لێ نایەت. بێگومان ئەم گرووپە ئەجێندایەکی فراوانی هەیە و بەشێک لەو ئەجێندایە شەڕە لەگەڵ کورد. بەڵام هاوکات دەبێت ئەوەش باش بزانین کە داعش پێکهاتەیەکی کراوەیە بۆ بەکارهێنان لە لایەن دەزگا هەواڵگری و ڕێکخراوە نهێنییە جیهانییەکانەوە.

## جێی خۆیەتی بپرسم:

تۆ بڵێی کەس نەبێت هاوکاری داعش بکات؟ نان و ئاو و چەک و بەنزینی بۆ بنێرێت هەتا شەڕی کوردی پێ بکات؟

ئەی تۆ بڵێی ئەو کەسە مەبەستی فەتحکردنەوەی کوردستان و بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام بێت لە ناو کورددا؟

ئەی باشە داعش دوای موسڵ بۆ ڕووی نەکردە بەغدا؟ چی دابوو لە هەولێر؟

بە کورتی و بە کوردی، بەهاری عەرەبی بارودۆخێکی ئیقلیمی دروست کرد کە میکرۆبێکی وەکو داعش بتوانێت گەشەی تێدا بکات و ببێتە هەڕەشە لەسەر هەموو جیهان. ئەمڕۆش کە ئەم چەتەیە ڕووی کردووەتە کوردستان، دوور نییە بە پلانسازی و ئاراستەکردنی ئەو بزاڤە جیهانییە بێت کە بێشکچی ناوی ناوە "سیستمی ئەنتی کورد". جا بڕیار بۆ کوردە، یا وەک 100 ساڵ لەمەوپێش دەبێتەوە بە 10 پارچەوە و عەشیرەتێک لەگەڵ ئینگلیز و دوان لەگەڵ عوسمانی، چوار لەگەڵ ئەتاتورک و ئەوانی دی لەگەڵ شا دەست تێکەڵ دەکەن و جارێکی دیکە ئەم میللەتە خێر لەخۆنەدیوە دەبەنەوە بەرەو هەڵدێر. یان یوتۆپیای یەکگرتنی کورد دێتە دی و هەموو پێکەوە دەبینە یەک ڕیز. نیشتمانمان دەست لە ناو دەست دەپارێزین و لەسەر ئاستی نیشتیمانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان دادەنیشین و مافی چارەنووسمان دەپچڕین.



دەیڤد ڕۆمانۆ

# هاوپەیمانی نابەدڵ

دەوڵەتەکەی داعش کێشەیەکی ئاڵۆزە. کێشەی ئاڵۆزیش زۆرجار پێویستی بە چارەسەری چەند لایەنە هەیە، بۆیە ئەو هەوڵەی سەرۆکی ئەمریکا بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانییەکی فراوان لەدژی داعش، هەوڵێکی لەجێی خۆیە. بەڵام هەروەکو فادی هاکورا لە دەزگای چاتەم هاوس دەڵێت، ئۆباما هاوپەیمانییەکی لەبەردەستدایە کە لەسەر بنەمای "نابەدڵی و بێ خەمی" دروستکراوە.

دیارترین لایەنی ئەو هاوپەیمانییە نابەدڵە تورکیایە. لە کاتێکدا کە 10 وڵاتی عەرەبی، بە قەتەر و سعودیەشەوە لە جددە پەیماننامەیەکیان واژۆ کرد بۆئەوەی ڕووبەڕووی داعش بوەستنەوە، تورکیا ئامادە نەبوو ئەو پەیماننامەیە واژۆ بکات. کاتێک لە سەرەتای مانگی ئابدا داعش بەرەو ناوچەکانی هەرێمی کوردستان پێشڕەوی کرد، تورکیا هاوکاریی کوردی عێراقی نەکرد. ڕاپۆرتەکان باس لەوە دەکەن کە بەشێکی زۆری شەڕکەرانی داعش هاووڵاتی تورکیان و تورکیاش سەرچاوەیەکی گرنگی پارە کۆکردنەوە و ڕەوانەکردنی چەکدارە بۆ داعش. هەرچەندە ئەنکەرە نکۆڵی لەو زانیاریانە دەکات، بەڵام کاربەدەستانی ئەمریکی دەڵێن داعش بە ئاسانی نەوت لە بازاڕی ڕەشی تورکیا دەفرۆشێت. چەکدارەکانی داعش لە نەخۆشخانەکانی تورکیا چارەسەر دەکرێن و هەر لە زووشەوە لە سنوورەکانی تورکیاوە هاتوچۆی سووریا دەکەن. هەندێک لەو دووکانانەی لەسەر سنوورن لە ناوخۆی تورکیادا، هاوکاریی چەکدارەکان دەکەن. ئەو 49 بارمتەیەی تورکیا کە لەلای داعش بوون، هۆکارێکی کافی نەبوو بۆ پێشاندانی ئەو هەموو دوودڵییە لە وەرگرتنی هەڵوێست لە دژی داعش. زۆر کەس پێیانوایە کە دوودڵیی تورکیا هۆکاری دیکەی لەپشتە: بۆ نموونە حەزی تورکیا لەوەی کە داعش کوردەکانی سووریا لاواز بکات، هەروەها سووربوونی ئەردۆغان لەسەرئەوەی کە بەشار ئەسەد پێویستە لەسەر حوکم نەمێنێت، ئەوە جگە لە سیاسەتی مەزهەبیانەی سەرۆک ئەردۆغان و سەرۆک وەزیران ئەحمەد داودئۆغڵو. لەبەرامبەر ئەم فاکتەرانەش، چەند فاکتەرێکی دیکە هەن کە تورکیا ناچار دەکات بەجۆرێکی دیکە بیربکاتەوە، لەوانەش داواکارییەکانی ئەمریکا و ناتۆ و کوردی عێراق و هەروەها ترسی ئەوەی کە داعش ڕەنگە زیاتر لە کۆنترۆڵ دەربچێت.

ئەمە لەکاتێکدایە کە بەریتانیا و ئەڵمانیاش بەشداری لە هێرشی ئاسمانی بۆ سەر مۆڵگەکانی داعش ناکەن. کەواتە چەند لایەنێکی کەم لە هاوپەیمانە ئەوروپییەکانی ئەمریکا ئامادەن هاوکاریی سەربازی بکەن.

دەوڵەتانی عەرەبیش، ئەو دەوڵەتانەی کە بەشداری "هاوپەیمانیی دژی داعش" بوون، دەڵێن کە ئەوان تەنیا کاتێک لەو هاوپەیمانییەدا دەبن (هەرچەندە بە دوودڵیش بێت) کە ئێران بەشێک نەبێت لەو هاوپەیمانییە. سەرکردەکانی ئێرانیش پێشنیازی ئەمریکا بۆ هاریکاریکردنی واشنتن لە دژی داعش ڕەتدەکەنەوە. هاوکات عەممار حەکیم، سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لە عێراق بەشدارنەکردنی ئێرانی لەو هاوپەیمانییە بە "هەڵەیەکی مەزن" ناوبرد. یەکێک لە جەنەراڵەکانی سوپای ئەمریکاش ڕایگەیاند کە ڕەنگە پێویست بکات سوپای ئەمریکا جارێکی دیکە بگەڕێتەوە عێراق، بۆیە سەرۆک وەزیرانی نوێی عێراق ڕایگەیاند کە هاتنی سوپای ئەمریکا بۆ عێراق "پێشوازیی لێناکرێت". لەلایەکی دیکەشەوە، موقتەدا سەدری شیعی و چەند سەرکردەیەکی دیکە گوتوویانە ئەگەر ئەمریکییەکان بگەڕێنەوە عێراق ئەوا ئەوان لە دژیان شەڕ دەکەن. سەرۆکی سووریا بەشار ئەسەد جەختی لەوە دەکردەوە کە دەبێت حکومەتەکەی ئەویش بەشێک بێت لەو هاوپەیمانیە. لە هەمان کاتدا ئەمریکییەکان و وڵاتانی عەرەبی سوننی ڕایانگەیاند کە ئەوان چەک بە ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووری دەدەن و ڕەنگە هێرشە ئاسمانییەکان سووریاش بگرێتەوە. لەبەرامبەر ئەمەشدا ڕووسیا هۆشداری توندی دا. ئەو کۆنگرێسمانانەی کە لەلایەن کاربەدەستانی حکومەتی ئەمریکییەوە داوایان لێکرابوو لە کۆنگرێس دەنگ بدەن بۆ ئەوەی ڕێگە بە حکومەتی ئەمریکا بدرێت چەک بە ئۆپۆزیسیۆنی میانڕەوی سووری بدرێت، بە توندی بەرپەرچی ئەو داوایەیان دابووەوە و پرسیبوویان کە چۆن بزانن کێ میانڕەوە؟ چۆن بزانن ئەو ئۆپۆزیسیۆنە دوای وەدەرنانی ئەسەد ڕووبەڕووی داعش دەبێتەوە ئەگەر هەر ڕووبەڕووشی ببێتەوە؟ چۆن بزانن ناردنی ئەو چەکانە چ جیاوازییەک دروست دەکات؟ لە هیچ کات و ساتێک بە مێشکی ئەمریکییەکاندا نەهاتووە کە دیالۆگ لەگەڵ کوردی سێکولاری سووریا بکەن. ئەو هێزەی کە بەشێوەیەکی کاریگەرانە شەڕی داعشی کردووە و جێی هەزاران کەسی سەر بە کەمینە جیاوازەکانی کردووەتەوە.

هەروەکو بڵێی هەموو ئەمانە بەس نەبوون، دەنگۆی ئەوەش بڵاوبووەوە کە حکومەتی عێراق هەوڵی ئەوەی داوە عەشیرەتەکانی دیالە قایل بکات بەوەی شەڕی پێشمەرگە بکەن، لە هەمان ئەوکاتەی کە شەڕی داعشیش دەکەن. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ڕێگە لە کورد بگیردرێت ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان کۆنترۆڵ نەکەنەوە. ئەمە هاوکاتە لەگەڵ ئەوەی کە بەغدا بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان نانێرێت و بە وردی چاودێری گەیشتنی هەر چەک و تەقەمەنییەک دەکات بە کوردستان، بۆئەوەی دڵنیابن لەوەی کورد هیچ شتێکی باشیان بەدەست نەگات. ڕەنگە لەم نێوەدا تەنیا هەواڵی دڵخۆشکەر ئەوە بێت کە کورد و چەند هێزێکی دیکەی بە توانای عێراقی و میلیشیا شیعەیەکان ناوچەی زیاتری ژێر دەستی داعش دەگرنەوە و ژمارەیەکی زۆر لەو تیرۆریستانە دەکوژن. هیچ نەبێت کەسێک هەیە کە جگە لە شەڕە دەم، شتێکی دیکە دەکات.

WWW.RUDAW.NET

# RÛDAW

Rudaw Media Network

Rudaw readers know more



## پڕووشە لە 20 جوانترینەکانی کەنەدایە

12 «

**خاوەنی ئیمتیاز** : تۆڕی میدیایی ڕووداو
**سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
**جێگری سەرنووسەر** : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
**بەڕێوەبەرانی نووسین:** نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
**بەڕێوەبەری هونەری:** بەختیار مستەفا bextyar@rudaw.net
**ئەندامی شانازی ستاف** : عەبدوڵڵا قرگەیی
**دیزاینەران** : هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات
نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997
ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی
Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96
rudaw@rudaw.net





SALE

GALLERIA

SAVE UP TO 70%

STARTS TUESDAY SEPT 23
10:00 - 23:00 ENGLISH VILLAGE
ARA BLDG, NEXT TO NARANJ TEL:07502397080

هەولێر: گوندی ئینگلیزی، تەنیشت خواردنگەی نارنج